# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٩٠٩ | یەکشەممە، ٣٠ی سەرماوەزی ١٤٠٤ _ ١٥ی دێسامبری ٢٠٢٥

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا




پێشمەرگە دەبێ ژیرانە مامەڵە لەگەڵ دەستکەوتەکانی بکات بۆ ئەوەی لە خزمەت ئامانجی نەتەوەییدا بەکاریان بهێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، بوونی پێشمەرگە لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەی لە خەباتی نەتەوەیی کورددایە، خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، کەرامەتی نەتەوەیی و نوێنەرایەتیی سیاسی. ئەگەر ئەم ڕەهەندە لاواز بێت، مەترسی ئەوە هەیە پێشمەرگە وەک «شەڕکەرێکی ئازا»ی سەربازیی بێ ئاڕاستەی سیاسی کورت بکرێتەوە.

ل ٣




ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان تەنیا ڕۆژێکی دیاریکراو لە ساڵدا نیە. لە ڕاستیدا لە ماوەی خەباتی دوور و درێژ و خوێناویی کورد بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی، هیچ ڕۆژێک لە ساڵدا شک نابەین کە پێشمەرگە بە ئازایەتی و گیانبازیی خۆی بەرگری لە مان و بوونی گەلەکەی خۆی نەکردبێت و تێیدا شەهید نەبووبێت. بەڵام ئەو هێزە بەبیروباوەڕە قەت نەیهێشتووە ئاڵای شوناسخوازی و خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بکەوێتە سەر زەوی.

ل ٤

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

# پاراستن و بەهێزتر کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەرکی سەرشانمانە




## مستەفا هیجری:
## بە بێ پاراستنی مافەکانی ژنان، هیچ خەباتێکی ڕزگاریخوازانە و مافخوازانە ناگاتە ئامانجی کۆتایی



**پەیام بەبۆنەی ١٠ی دێسامبر ، ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ**

١٠ی دێسامبر کە وەک ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ ناسراوە، وەبیرهێنەرەوەی پەسندکرانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨دایە. ئەم جاڕنامەیە کە لە ٣٠ ماددە پێک هاتووە، بەڵگەنامەیەکی جیهانییە بۆ بەفەرمی ناسین و گرنگیدان بە ماف و ئازادییەکانی هەموو مرۆڤەکان. ئەو ماف و ئازادیيانەی کە خەڵکی کوردستان ساڵەهای ساڵە لەپێناویاندا لە خەبات و قوربانیدان بەردەوامن؛ بەڵام بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، بە ئاگر و ئاسن و فیشەک وڵام دراونەتەوە.

ئەمساڵ لەکاتێکدا یادی ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ دەکەینەوە کە هەڵمەتێکی ١٦ ڕۆژەی جیهانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنانیش وەڕێ کەوتووە و بەردەوامە. بەم بۆنەیەوە پابەندبوونی خۆمان بە هەموو بڕگەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دووپات دەکەینەوە و پێمان وایە تا هەموو مرۆڤەکان نەبنە خاوەنی مافی یەکسان و وەک یەک، کێشە و ناکۆکییە جیهانییەکان و بە تایبەت شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی نایەت. هەر بۆیە بێگومان تا گەیشتنی هاووڵاتییانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو مافە سیاسی، کەلتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانیان، خەبات و تێکۆشانی ئێمەش بەردەوام دەبێت.

جەختیش دەکەینەوە کە بەبێ پاراستنی مافەکانی ژنان، نە ئامانجەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر دەکرێت و نە هیچ خەباتێکی ڕزگاریخوازانە و مافخوازانە دەگاتە ئامانجی کۆتایی.

**مستەفا هیجری**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٨ی سەرماوەزی ١٤٠٤ (٩ی دێسامبری ٢٠٢٥)**


**پێشمەرگە؛ مێژوو، واتا، ڕواڵەت و نێوەرۆک**
تاهیر قاسمی
٥

**ژینگەی کوردستان قوربانی سیاسەتی ئەمنیەتی!**
ئاگری باڵەکی
٦

**چاوێک لە ئاسمان و چاوێک لەسەر شەقام**
ڕەزا دانشجوو
٧

**ڕۆژی پێشمەرگە، خەباتێک بۆ کەرامەت و ناسنامەی نەتەوەیی**
حەسەن قارەمانی
٨

**بۆشایی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا**
شاروخ حەسەنزادە
١٠

## حیزبی دێموکرات:

# هێزی پێشمەرگە ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانە




**پەیامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان**

**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**کۆمەڵانی نیشتمانپەروەر، پێشمەرگەدۆست و ئاڵاپارێز!**
**پێشمەرگە گیانلەسەردەستەکانی کوردستان!**

بەناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگە کوردستان لە سەرجەم ڕێڕەوانی ڕێگای ئازادی و سەرفەرازیی کوردستان دەکەین و هیوای شەکانەوەی ئاڵای کوردستان لە سێبەری پێشمەرگە فیداکار و خۆنەویستەکانی نیشتمان لە سەرجەم شار و گوند و ناوچەکانی کوردستان، بە ئاوات دەخوازین.

ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەز، کە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەک ڕۆژی پێشمەرگە و ساڵانی دواتر وەک ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان نێودێر کراوە، بۆتە بەشێک لە بیرەوەریی گشتیی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ساڵانە بەشێوەی جۆراوجۆر ڕێزی لێ دەگیرێ و یادی بەرز ڕادەگیرێ. ٢٦ی سەرماوەز لەو ڕۆژە گرینگانەی مێژووی نەتەوەی کوردە کە لە ڕۆژژمێری خەبات و تێکۆشانی ئەم نەتەوەیەدا بوون بە لاپەڕەی زێڕین و هێمای بەرەنگاربوونەوەی ستەم و نادادپەروەری. لەو ڕۆژەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی مۆدێرن و بەبەرنامە، پێی ناوەتە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی سیاسیی کورد و ئاڵای نەتەوەیی کوردی وەک هێمای سەروەری و ناسنامەخوازی هەڵکردووە، داهێنەری کۆمەڵێک ڕەمز و بەهای شۆڕشگێڕانە و مانادار بووە کە تا ئەمڕۆش قورساییان بەسەر کۆی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانەوە دەبینرێ.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاڵای کوردستانی وەک هێمای حوکمڕانیی خۆماڵی لەسەر بینای شارەوانی لە شاری مەهاباد بەرز کردەوە و بەم شێوەیە بواری بۆ ڕاگەیاندنی یەکەم حکوومەتی میللی-دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات ڕەخساند.

دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان، بەشی هەرە بەرچاوی هەر ئەو هێزە خەڵکییەی لە تێکەوەپێچانی دەسەڵاتی پەهلەویدا ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا، لە سوپای میللیی کوردستاندا ڕێک خران کە دواتر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لەلایەن ڕێبەرانی کۆمار و حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ناوی هێزی پێشمەرگەی پێ بەخشرا کە ئەرکی پیرۆزی پاراستنی ئاڵا و هێما نەتەوەییەکانی دیکەی کوردستانی وەئەستۆ گرت.

پێشمەرگە یەک لە جوانترین و واتادارترین وشەکانی فەرهەنگی کوردییە کە کۆی تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕییەکانی مرۆڤی کوردی لە خۆیدا کۆ کردۆتەوە و بۆتە پێناسەی ئەوپەڕی ئازایەتی، فیداکاری، گەلدۆستی.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر لە بەشەکانی تری کوردستان بووە، لە دامەزرانیەوە هەتا ئێستا، بە هەوراز و نشێوی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە و سەختی و ئاستەنگی زۆری ئەزموون کردوە و ڕابردوویەکی پڕلە شانازی و حەماسەی بۆ نەتەوەکەمان تۆمار کردووە. ئەم هێزە لەخۆبوردووە، مایەی لە گیان و ژیانی خۆی داناوە تا گەلەکەی بە زیندوویی و سەربڵیندی بێڵێتەوە و ئاڵاکەی شەکاوە ڕاگرێت.

ئێستا کە دەبینین ناوی پێشمەرگە بۆتە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە هەست و نەستی خەڵکدا حوزووری بەردەوامی هەیە، ئەمە بەو واتایەیە کە ناوی پێشمەرگە و ئەرکی پێشمەرگانە بۆتە بەشێک لە کولتووری نەتەوەیی تاکی کورد و لە یەک ڕەهەنددا قەتیس نەماوەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئێستا ناوی پێشمەرگە سنوورەکانی کوردستانی تێپەڕاندووە و لە پێتەختی وڵاتان و لە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا وەک هێزێکی پارێزەری بایەخە مرۆیی و دێموکراتیکەکان چاو لێ دەکرێ و ڕێزی تایبەتی لێ دەگیرێ. شانازیی بەشی هەرە زۆری ئەمانە بۆ فێرگە و مەکتەبی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە کەوا دامەزرێنەر و داهێنەری ئەم هێزە و هەروەها پەروەردەکاری ئەم هێزە بەپرێستیژە بووە.

**خەڵکی کۆڵنەدەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**
**پێشمەرگە بەباوەڕەکانی نەتەوەی کورد!**

ئەمڕۆ کە زیاتر لە هەر کاتێک هیوای دارمانی دەسەڵاتی دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدی دەکرێ، پێویستە لەسەر زیندووڕاگرتنی هێما نەتەوەییەکانمان بەتایبەتی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان پێداگرتر بین. ئێستا کاتی ئەوەیە حیزب و لایەنە سیاسییەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەها هاوبەشەکانیان وەک پێشمەرگە و ئاڵا بکەنە هەوێنی لێکنزیکبوونەوە و یەکگرتوویی. بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییەکانی خەباتی گەلەکەمان و سروشتی بێ بەزەییانەی دوژمنانی ماف و ئازادیی کوردستان، بۆمان دەردەکەوێ کە بوونی هێزی پێشمەرگەی بەهێز دەتوانێ چ کاریگەرییەکی گەورە لەسەر پاراستنی شکۆ و کەرامەتی نەتەوەییمان دابنێ. پاراستن و بەهێزتر کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چ لە سەردەمی خەباتی شاخ و ڕزگاریخوازدا و چ لە سەردەمی دوای ڕزگاری نەتەوەیی، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

ئێستا ئەو بڕگەیە لە مێژووی نەتەوەکەمانە کە پێویستە ڕزگاریی نەتەوەیی و نەهێشتنی هەر چەشنە ستەم و هەڵاواردنێک لە پێشەوەی هەر ویستێکی دیکە دابنێین. لە هەل ومەرجی ئێستادا بەرپرسایەتیەکی مێژوویی لەسەر شانی هەموومانە کە بریتییە لە یەکخستنی ریزی هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو پتەوکردنی سەنگەرەکانی تێکۆشان. وەک شەهیدی ڕێبەرمان دوکتور قاسملوو فەرموویە: "پێشمەرگە و خەڵک دووانەیەکی لێک جیانەکراوەن"، مانای ئەم قسەیە ئەوەیە کە ئامانجەکانیشیان یەک ئامانجە، ئەویش گەیشتن بە مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانیانە و دەبێ لەم پێناوەدا پتر لە پێشوو هاوویست و هاوهەنگاو بن.

لە کۆتاییدا بەبۆنەی ئەم ڕۆژە پڕلەسەروەرییەی نەتەوەکەمان پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەشی هەموو پێشمەرگە قارەمانەکان، خەڵکی خەباتکار و پێشمەرگەپەروەری کوردستان دەکەین و لە هەمان کاتدا لەگەڵ شەهیدانمان و بنەماڵە سەربەرزەکانیان بەڵێن نوێ دەکەینەوە کە هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە خەبات و تێکۆشانمان بەردەوام دەبین.

**هەر شەکاوە بێ ئاڵای کوردستان!**
**سەربەرزی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان!**
**سەر کەوێ خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان!**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەستەی کارگێڕی**
**٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠٤ی هەتاوی**

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستاندا

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی سەرماوەزی ١٤٠٤، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان لەلایەن ناوەندی فەرماندەهی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە بەخێرهاتنی بەشداربووان لەلایەن ڕۆجا شەمسەدینی پێشکەشکاری ڕێوڕەسمەکەوە دەستی پێ کرد. دواتر کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانەوە چەند وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

کاک مستەفا مەولوودی لە وتەکانیدا باسی لە ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگە و ٨٠ ساڵ تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، بەتایبەتی لە ٤ ساڵی ڕابردوو و دوای یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کرد و باسی لە هاوکاتبوونی ئەو یەکگرتنەوەیە لەگەڵ دەسپێکردنی شۆڕشی ژینا کرد. بەڕێزیان لە وتارەکەیدا باسی لە پێوەندیی پتەوی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کرد و ڕایگەیاند ئەو پێوەندییە ئەوەندە قووڵە کە ڕێژیمی ئێران بە درێژایی تەمەنی هەوڵی لەنێوبردنی داوە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە ئێستادا خودی خۆی لەنێو خەڵکدا مەشرووعییەتی نییە و پێوەندی خەڵک و ڕێژیم لەوپەڕی لاوازیدایە.

کاک مستەفا لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا پەرژایە سەر جۆری هەڵوسوکەتی ڕێژیم لە ناوچەکە پێش لە ٧ی ئۆکتۆبەر کرد و پەرژایە سەر ئەوە کە دوای ٧ی ئۆکتۆبەر ماهییەتی ڕێژیم بە تەواوەتی بۆ هەموو دنیا ئاشکرا بوو و دەرکەوت کە ئەو ڕێژیمە ئەوە نییە کە کەس باجی پێ بدات و وتیشی: هاتنەئارای دۆخی ئاوا وای ڕەخساندووە کە ئێمە خۆمان بۆ ڕۆژی گرینگ و گەورە ئامادە بکەین.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغە هەستیارەدا کرد و گوتی کە دۆخی هەنووکەیی ناوچە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە دەگەیێنێ کە دەبێ ئێمە خۆمان بۆ هەر چەشنە ئەگەرێک ئامادە بکەین و ئەمە تەنیا قسەی حیزبی دێموکرات نییە بەڵکوو ڕووداوەکان دەرخەری ئەوەن و هەموو فاکتەرەکان کە بۆ نەمانی دەسەڵات و ڕێژیمێک پێویست بن ئێستا لەئێراندا هەیە. بەڕێزیان تیشکی خستە سەر پێویستیی یەکگرتوویی حیزبە کوردستانییەکان و ئاماژەی بەوە دا کە کاتێک ئێمە باس لە یەکگرتن دەکەین مەبەست ئەوە نییە کە هەموومان یەک هزر و یەک بیرکردنەوەمان هەبێت، هەبوونی جیاوازییەکان کێشە نییە، بەڵکوو دەبێ پێکەوە فۆرمۆلێکی هاوبەش پەیدا کەین بۆ دروستکردنی هێزێکی گەورە بۆ خەبات و تێکۆشان و ئامانجەکانمان، کە خەڵک لە ناوخۆ و لە شەقامەکان ئەوەیان لە ئێمە دەوێت و بە خۆشحاڵییەوە هەموو کات حیزبی دێموکرات بۆ دروستکردنی ئەو خاڵە هاوبەشە پێشەنگ بووە و ڕۆڵی ئەرێنی هەبووە.

لە بڕگەی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا سروودێک لەژێر ناوی "پێشمەرگەی کوردستان" لەلایەن هونەرمەند "غوڵام فاتحی" و گرووپی سروودی هێزی پێشمەرگەوە پێشکەش کرا

لە بڕگەی دواتردا و وەک نەریتی هەمیشەیی حیزبی دێموکرات، لەوحی ڕێزلێنان بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی ئەو هاوڕێیانەی کە ٢٠ ساڵە لە ڕیزەکانی حیزبدا خزمەت بە گەلەکەیان دەکەن، لەلایەن کاک کاوە بەهرامی، بەرپرسی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا سروودێک لەژێر ناوی "خاکیپۆشم" لەلایەن هونەرمەند ڕزگار شەڕەفکەندی و گرووپی سروودی هێزی پێشمەرگەوە پێشکەش بە ئامادەبووان و هەموو خاکیپۆشانی مەتەرێزی خەبات کرا. دواتر لەلایەن کاک کەریم فەرخەپوور، بەرپرسی ستادی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بۆ ڕێزگرتن لە هاوکارییەکانی هونەرمەندان غوڵام فاتحی و ڕزگار شەرەفکەندی لە ڕێوڕەسمە حیزبییەکاندا، لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا.



دوا بڕگەی ڕێوڕەسمەکەش بە چەند تابلۆ هەڵپەڕکێی کیژ و کوڕانی گرووپی هەڵپەڕکێی ژیلەمۆ ڕازێندرایەوە و یادی ٢٦ی سەرماوەزی ئەمساڵ بە هەڵپەڕکێی گشتی خاکیپۆشانی دێموکرات کۆتایی پێ هات.

## کاوە بەهرامی:

# پێشمەرگە پێویستی بە پەروەردەیەک هەیە لێهاتوویی سەربازی ئاوێتەی تێگەیشتنی سیاسی و ئەخلاقی بکات

دیمانە: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە: ئەمساڵ ٤١ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی بە ڕۆژی پێشمەرگە وەک هێزی پارێزەری خاک و نیشتمان کە یادگاری کۆماری کوردستانە ناودێر کرد. "کوردستان" بە بۆنەی ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ کاک کاوە بەهرامی، بەرپرسی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێک هێناوە.**



**کاک کاوە بەڕێزتان سەرەتا وەک پێشمەرگەیەکی کوردستان و دواتریش وەک بەرپرسی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چۆن باس لە ڕۆڵ و کاریگەریی پێشمەرگە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دەکەن؟**

هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکێکە لە دەستکەوتە هەرە مەزنەکانی کۆماری کوردستان کە بۆ یەکەم جار شۆڕشگێڕی کورد لەژێر ناوێکی پڕ بە پێست و لە چوارچێوەی دەوڵەتی کوردیدا ڕێک خست. ئەم ڕێکخستنە بەنەزم و نیشتمانییە بۆخۆی وەرچەرخانێکی گرنگە لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد. ڕێژیمی پاشایەتی پێی وابوو بە ڕووخانی کۆماری کوردستان شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی پێ دێت، بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆرییەتی پاشایەتیدا لە ساڵەکانی ٤٦ و ٤٧ جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی ئاشکرای خۆی دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەست پێ کرد. کەواتە بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگە بوو بە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بەردەوامبوونی شۆڕش. ئەگەرچی لە شۆڕشەکانی پێش کۆماری کوردستان لە لایەن داگیرکەرانەوە ناچار بە پاشەکشە یان توانەوە دەکرا، بەڵام لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان هێزی پێشمەرگە نەک هەر خۆی بەدەستەوە نەدا، بەڵکوو بەو پێناسە نەتەوەییەی کە بۆخۆی هەڵیگرتبوو لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بەتایبەتی باشووری کوردستان، بوو بە ڕێکخەر و درێژەدەری شۆڕش.

مێژووش شاهیدە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرەڕای ناهاوسەنگیی هێز، لاوازیی کەرەستەی نیزامی و چەک، نەبوونی پشتیوانی دەرەکیی بەهێز، بەو حاڵەشەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بەبێ دابڕان تا هەنووکە بەردەوامە لە خەبات و هیچ هێزێک هەتا ئێستا نەیتوانیوە لەنێوی بەرێت، هەر بۆیەش لەنێو میللەتەکەماندا بە "باسکی بەهێزی گەل" ناودێر کراوە.

**ئایا پێشمەرگە دەبێ جیهانیتر ببینرێت یان نیشتمانیتر؟ چی پێویستە بگۆڕدرێت و بکرێت بۆ گەیشتن بە هەر دوو مەبەستەکە؟**

هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزی نیشتمانی نەتەوەی مەزنی کوردە کە دەتوانێ لە جیهاندا دەوری کاریگەری هەبێت، لە لایەکی دیکەوە هێزێکی سەردەمیانەیە کە دەتوانێ بە حەق پارێزەرێکی دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمان بێت. بەڵام ناکرێ پێشمەرگە لە هەڵبژاردنێکدا بەرتەسک بکرێتەوە کە لە نێوان خۆگونجاندن لەگەڵ چاوەڕوانییە دەرەکییەکان یان درێژەدان بە ئەرکی نیشتمانی خەباتکردن بۆ کوردستان بێت. ئەم دوو ڕوانگەیە لەگەڵ یەک لە گرژیدان بە جۆرێک، بەڵام ناتەبا نین. ڕەنگە پرسیاری گرنگ ئەوە بێ کە پێشمەرگە چۆن ڕۆڵی خۆی پێناسە دەکات بەبێ ئەوەی مەودای ستراتیژیی خۆی لەدەست بدات. لە لایەکەوە زۆرجار ڕوانگەی دەرەکی بە بەرژەوەندییە ئەمنییە کورتخایەنەکان تایبەتمەندە. وەک ئەو چاوەڕوانییەی جیهانی دەرەوە لە پێشمەرگەیان هەبوو لە شەڕ بەرانبەر بە تیرۆر (داعش) یان گرووپە توندڕەوە مەزهەبییەکان. لەم ڕوانگەیەوە پێشمەرگە بە پلەی یەکەم کاتێک قبووڵ دەکرێت کە وەک هێزێکی سەقامگیرکەر، شەڕکەرێکی بەرگریکار، یان بەشێک لە لۆژیکی ئەمنی ناوچەیی کار بکات. ڕۆڵێکی سنووردار لەم جۆرە ڕەنگە شەرعییەتێکی کاتی دابین بکات، یان هەندێک دەستکەوتی لاوەکی هەبێ، بەڵام لە هەمان کاتدا مەترسی لەنێوچوونی ئەرکی مێژوویی و سیاسی پێشمەرگە هەیە ئەگەر هاوسەنگی لەگەڵ ئامانجێکی نیشتمانی ڕوون نەبێت، هەروەها دەبێ ژیرانە مامەڵە لەگەڵ دەستکەوتەکانی بکات بۆ ئەوەی لە خزمەت ئامانجی نەتەوەیی بەکاریان بهێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، بوونی پێشمەرگە لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەی لە خەباتی نەتەوەیی کورددایە، خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین، کەرامەتی نەتەوەیی و نوێنەرایەتیی سیاسی. ئەگەر ئەم ڕەهەندە لاواز بێت، مەترسی ئەوە هەیە پێشمەرگە وەک "شەڕکەرێکی ئازا"ی سەربازیی بێ ئاڕاستەی سیاسی کورت بکرێتەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەگەر بناغەی ئایدیۆلۆژی و نەتەوەیی خۆی لەدەست بدات، ناتوانێت لە درێژخایەندا بەردەوام بێت. بۆیە ئەو ڕۆڵەی پێشمەرگە پێویستە سەرنجی لەسەر بنیاتنانی بدات، ڕۆڵێکی دووانەیە، بەڵام یەکگرتووە: یەکەم، وەک هێزێکی تۆکمەی سەربازی و دیسیپلینکراو، کە بە ڕوونی لە لێپرسینەوەی سیاسی و نۆرمەکانی نێودەوڵەتیدا لەنگەری گرتووە. دووەم: وەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە خەبات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی میللەتەکەی دەکات. بۆ گەیشتن بە هەردوو ئامانجەکە، چەند مەرجێکی چارەنووسساز پێویستە. یەکەم: ڕوونیی ستراتیژی پێویستە: پێشمەرگە دەبێت خۆی ئامانجە درێژخایەنەکانی خۆی دیاری بکات، نەک ڕێگە بدات بەرژەوەندیی و لایەنە دەرەکییەکان لە قاڵبی بدەن. دووەم: هەماهەنگی سیاسی، یەکگرتوویی هێز و دیسیپلینی نێوخۆیی پێویستە، کە هێزی سەربازی بە بەردەوامی ملکەچی پرۆژەیەکی سیاسی یەکگرتووە. سێهەم: بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد پێویستە، کە پێشمەرگە نەک تەنیا وەک ئەکتەرێکی ئەمنی، بەڵکوو وەک بەشێک لە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی شەرعی کە ڕەگ و ڕیشەی لە یاسای نێودەوڵەتیدا هەیە، بناسرێت.

**ئاڵا و پێشمەرگە دوو دەستکەوتی کۆماری کوردستانن. ڕازی زیندووومانەوەی ئەم دوو هێمایە هەتا ئێستا چین؟**

مانەوەی ئاڵا و پێشمەرگە وەک دوو هێمای نەتەوەیی کورد، پێش هەموو شتێک دەرئەنجامی خەباتی بەردەوامی کوردە لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان. ئەم هێمایانە لە ڕێگەی دامەزراوە فەرمییەکان یان دانپێدانانی نێودەوڵەتییەوە نەپارێزراون، بەڵکوو لە ڕێگەی پێشمەرگە و ئەو شۆڕشگێڕانەوە پارێزراون کە سەرەڕای هەموو جۆرە پیلانێکی دوژمن بۆ لەنێوبردنیان، هەرگیز شۆڕشگێڕانی کورد دەستبەرداری ویستی نەتەوەیی خۆیان نەبوون و ڕێگربوون لە هەوڵی نەزۆکی دوژمنان. گەلی کورد گەلێکی بێ مافە، بەڵام هۆشیاری سیاسییە. سەرەڕای پارچەپارچەبوونی وڵاتەکەی، نکۆڵی لێکردن و هەوڵی دووپاتە بۆ ئاسمیلەکردن، خەباتی جەماوەری و شۆڕشگێڕیی خۆی نەپچڕاندووە و لە نەوە بۆ نەوە بەپێی دەرەتان بەردەوام بووە. لەم چوارچێوەیەدا هەم ئاڵا و هەم پێشمەرگە وەک ڕەمزێکی یەکگرتوویی نەتەوەیی بە بەردەوامی کاریان کردوە، نەک وەک هێمای کاتی بەستراو بە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوەوە. حیزبی دێموکرات وەک حیزبی دامەزرێنەری کۆمار هەم فۆڕمی سیاسیی و هەم نێوەڕۆکی تەشکیلاتی بە خەباتی نەتەوەیی کورد بەخشی. هەرچەندە ئەو کۆمارە بەهۆی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی نێودەوڵەتی و دەستێوەردانی ڕێژیمی شای ئێران ڕووخێنرا، بەڵام نەتوانرا سیمبولە ناوەندییەکانی بسڕدرێنەوە. ئاڵا و پێشمەرگە لە ژیاندا مانەوە، چونکە پێشتر وەک دامەزراوەی نەتەوەیی لە هۆشیاری خەڵکدا چەسپاندبووی، نەک تەنیا وەک دەربڕینی بڕیاری دەوڵەت. لە دەیەکانی دواتردا کاری سیاسی و تەشکیلاتی حیزب یارمەتیدەر بوو بۆ زیندووکردنەوەی ئەو هێمایانە لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا. پێشمەرگە نەک هەر وەک هێزێکی سەربازی، بەڵکوو وەک هەڵگری بەرپرسیارێتی و دیسیپلین و بەرگریی نیشتمانی لەو سەردەمەدا گەشەی کرد کە هیچ پێکهاتەیەکی دیکەی پارێزەر بوونی نەبوو. بە هەمان شێوە ئاڵا وەک نیشانەیەکی یەکگرتوویی شۆڕش و بەرخۆدان و ناسنامەی نەتەوەیی لە سەرجەم قۆناغەکانی خەبات و ڕەمزی سەرەکی نەتەوەکەمان بوونی هەبووە و هەیە. ئاڵا و پێشمەرگە لە ژیاندا ماون، چونکە بە شێوەیەکی دانەبڕاو بە خەباتێکی زیندوو و پرۆژەیەکی سیاسی ڕێکخراو و یادەوەرییەکی مێژوویی بە کۆمەڵگەوە گرێدراون. هێزی ئەوان لە خودی سیمبولیزمەکەدا نیە، بەڵکوو لە بەردەوامی بەرخۆدان و ڕێکخستن و قوربانیداندایە کە نوێنەرایەتیی دەکەن، لە کۆماری کوردستانەوە تا خەباتی ئەمڕۆ بۆ ئازادی و مافی چارەنووسی کورد.

**ئایا پێشمەرگە پێویستی بە فەلسەفەی سەربازییەکی نوێ هەیە؟ ئەگەر هەیە ستوونە سەربازییەکانی چی دەبن؟**

پێشمەرگە لە بنەڕەتدا هێزێکە کە لە خەبات دژی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان بۆ ڕزگاری گەل و نیشتمان سەری هەڵداوە. ئەم شوناسە بنەڕەتییە وەک خۆی ماوەتەوە. لە هەمان کاتدا واقیعی سیاسیی و سەربازیی ئەمڕۆ پێویستی بە پەرەپێدان و ڕوونکردنەوەی فەلسەفەی سەربازیی پێشمەرگەیە، بۆ ئەوەی نەک تەنیا بە پێویستیی و بەرخۆدان، بەڵکوو بە ستراتیژی درێژخایەن لە قاڵب بدرێت. لە ڕووی مێژووییەوە پێشمەرگە تا ڕادەیەکی زۆر ناچار بووە بە ئیمکاناتی سنووردار شەڕ بکات. زۆربەی چەک و ئامرازە نیزامییەکانی وەک دەستکەوتی شەڕ بەدەستی هێناوە، نەک بە پلان و بودجەی دیاریکراو. ئەمەش کاریگەریی لەسەر توانای بەکارهێنانی تەواوی توانا سەربازییە پێشکەوتووەکانی پێشمەرگە هەبووە. بۆیە ناتوانرێت فەلسەفەیەکی سەربازی مۆدێڕن لە پرسی دەستڕاگەیشتن بە چەکدا کورت بکرێتەوە، هەرچەندە کەرەستە و چەک بە سروشتی خۆی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن. پێویستە فەلسەفەی سەربازیی داهاتووی پێشمەرگە لەسەر چەند پایەی یەکگرتوو بێت: گرنگترین پایە بۆ پێشمەرگە باڵادەستی تەکنۆلۆژی نیە، بەڵکوو هۆشیاری و دیسیپلین و سەبرە. هۆشیاری سیاسی، تێگەیشتن لە ئامانجی خەبات و بەرپرسیارێتی بەرانبەر بە نەتەوە، بۆ بەڕێوەبردنی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە، چارەنووسسازە. پێشمەرگە پێویستی بە پەروەردەیەکی سیستماتیک هەیە کە لێهاتوویی سەربازی لەگەڵ تێگەیشتنی سیاسی و ئەخلاقی تێکەڵ بکات. پێشمەرگەیەک کە بزانێت بۆچی شەڕ دەکات، نەک تەنیا چۆن، زیاتر خۆڕاگر دەبێت بەرانبەر بە هەردوو فشاری دەرەکی و نێوخۆیی. تەنانەت لەژێر بارودۆخی ماددی سنوورداردا، پێکهاتەی ڕوون و دیسیپلین و گەشەپێدانی ڕێکخراوەیی پێویستە. فۆرمە نوێیەکانی شەڕ، لەوانەش ڕەهەندە تەکنۆلۆژی و دەروونییەکان، گونجاندن دەکاتە بەشێکی ناوەندی فەلسەفەی سەربازی. چەکی پێشکەوتوو و کەرەستەی سەردەمیانە گرنگن، بەڵام ناتوانن لە ئێستادا ببنە پایەی سەرەکی ستراتیژی پێشمەرگە. بۆیە دەبێت فەلسەفە لەسەر بنەمای ئەوەی کە لە ڕاستیدا مومکین بێت، بەبێ ئەوەی چاوی لە بنیاتنانی تواناکانی داهاتوو لەدەست بدات. پێشمەرگە پێویستی بە فەلسەفەیەکی سەربازی نیە کە تەقلیدی سپای دەوڵەت بکات، بەڵکوو پێویستی بە یەکگرتووییەکی تایبەت بەخۆی هەیە کە متمانەی جەماوەری و هۆشیاری سیاسی و پیشەیی سەربازی و ڕیالیزمی ستراتیژی تێکەڵ بکات.

**ڕزگاریی کوردستان بەندە بە هێزێکی یەکگرتووی نیشتمانیی پێشمەرگە کە ئەرکی تەنیا خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان بێت، نەک قەتیس و داخراو لە چوارچێوەی بیر و ئایدیایەکی جیاواز، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا ئەم یەکگرتووییە لەنێو حیزبەکانی کوردستاندا ڕووی نەداوە بە باشووریشەوە، بەڕای بەڕێزتان ئەم بەربەستانە چین کە ڕێگرن لە دروستبوونی ئەم یەکگرتووییە؟**

لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، قەناعەت بە پێویستیی هێزی پێشمەرگەی نەتەوەیی یەکگرتوو، لەمێژە بوونی هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش هەم دەستپێشخەریمان کردوە و هەمیش هەنگاومان هەڵێناوە. ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە هەتا باڵی سەربازی لە ڕووی ڕێکخراوەییەوە پارچەپارچە و بەستراو بە سنوورە تەسکەکانی حیزبی بمێنێتەوە، کێشە نێوخۆییەکانی کورد مەترسی بەردەوامبوون و قووڵبوونەوەیان زیاتر دەبێت. بۆیە یەکگرتوویی پرسێکی ڕەمزی نیە، بەڵکوو پێویستییەکی ستراتیژییە. هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان پێویستە وەک هێزێک تێبگەین کە ئەرکە سەرەتاییەکانی بەستراوەتەوە بە ئامانجە نەتەوەییە هاوبەشەکانی گەلی کوردەوە، نەک بە بەرژەوەندیی تاکە حیزبێکی ئایدیۆلۆژی یان حیزبی سیاسی. ئەمە بە مانای نکۆڵیکردن لە فرەچەشنی سیاسی نیە، بەڵکوو بە ڕوونی خەباتی چەکداری ملکەچی ئەرکێکی هاوبەشی نیشتمانییە، ئەویش ڕزگاری کوردستانە. لە هەمان کاتدا گرنگە لە ئاست بەربەستەکانی بەردەم ئەم یەکگرتووییەدا ڕوون بین. گەورەترین ئاستەنگ لە مێژوودا پارچەپارچەبوونی قووڵی حیزبی سیاسی بووە، کە پێکهاتە سەربازییەکان بە شێوەیەکی هاوتەریب گەشەیان کردوە نەک بە هاوبەشی. کاتێک پێشمەرگە وەک هێزێکی حیزبی نەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی هەست پێ دەکرێت، هەم یەکگرتوویی نێوخۆیی و هەم شەرعییەتی دەرەکی لاواز دەبێت. بەربەستێکی سەرەکی دیکە، نەبوونی متمانە بە یەکترە، کە لە ڕێگەی ململانێی ڕابردوو و ستراتیژییەکانی کێبڕکێ و دەستێوەردانی دەرەکییەوە سەری هەڵداوە. زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیش زۆرجار ئەم دژایەتییانەیان قۆستۆتەوە، ئەمەش هەوڵەکانی بۆ هەماهەنگی نیشتمانی زیاتر ئاڵۆزتر کردوە. جگە لەوەش بەربەستێکی پێکهاتەیی لە شێوەی ئەزموونی مێژوویی و بارودۆخی جوگرافی جیاواز لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا هەیە. ئەم جیاوازییانە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی ڕێکخستنی خەبات و دانانی چ ئەولەوییەتێک هەبووە، ئەمەش لە بەرانبەردا دروستکردنی پێکهاتەی سەربازی هاوبەشی ئاڵۆز کردوە. سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، هێزێکی یەکگرتووی پێشمەرگە نەک هەر مومکین نیە، بەڵکوو پێویستییەکی بێ ئەم لا و ئەولایە، بە تایبەت لە قۆناغی ئێستادا کە ڕەنگە هەلومەرجی سیاسی نوێ سەرهەڵبدات. هەروەها یەکگرتووییەکی لەو شێوەیە بۆ پێگەی کوردستان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیشدا زۆر گرنگە. ئازادکردنی کوردستان پێویستی بە پێشمەرگەیەکی بێ پڕەنسیپ نیە، بەڵکوو پێویستی بە پێشمەرگەیەکی بە باوەڕ و ئیرادەی قووڵی نیشتمانیی ڕوون و ئاشکرا هەیە. ئاستەنگەکانی بەردەم یەکگرتوویی واقیعین (دابەشبوونی حیزبی، نەبوونی متمانە و کاریگەریی دەرەکی)، بەڵام تێنەپەڕێنراو نین. زاڵبوون بەسەریاندا بەرپرسیارێتی هاوبەشی هێزە سیاسییەکانە و پێشمەرجێکی چارەنووسسازە بۆ خەباتێکی نەتەوەیی باوەڕپێکراو.

**چۆن دەتوانین فەلسەفەی پێشمەرگایەتی کە بریتییە لە: گیانفیدایی و خۆنەویستی، بگوازینەوە بۆ نەوەی نوێ کە لە هەلومەرجێکی تەواو جیاوازدا دەژین؟**

گواستنەوەی فەلسەفەی پێشمەرگە بۆ نەوەی نوێ، دووپاتەکردنەوەی مێژوو نیە، بەڵکوو وەرگێڕانی بەها سەرەکییەکانە بۆ سەردەمێکی نوێ. ئەم ئەزموونانە بنەمای فەلسەفەیەک پێکدەهێنن کە لەسەر بنەمای خۆبەختکردن و خۆنەویستی دامەزراوە. لە هەمان کاتدا گەنجانی ئەمڕۆ لەژێر بارودۆخێکی تەواو جیاوازدا دەژین، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەو بەهایانە دەبێ بە شێوەیەکی نوێ و وشیارتر بگوازرێنەوە. هەڵگرتنی میراتەکە بەو مانایە نیە کە نەوەی داهاتوو دەبێ وەک نەوەکانی پێشوو بژین یان شەڕ بکەن، بەڵکوو لە مانای قوربانیدانەکە تێ بگەن. خۆبەختکردن لەمڕۆدا بریتییە لە: وەرگرتنی بەرپرسیارێتی و کۆڵنەدان و خواستی بەشداریکردن لە چاکەی گشتیدا، تەنانەت کاتێک خەبات چەکداریش نەبێت. خۆنەویستی واتە دانانی بەرژەوەندیی گەل و میللەت لە پێش تەماحی شەخسییە، لێرەدا پێشمەرگە بەرپرسیارێتی تایبەتی لە ئەستۆدایە. ئەو لاوانەی بەشداری لە خەباتدا دەکەن، نەک تەنیا پێویستییان بە ڕاهێنانی سەربازی هەیە، بەڵکوو پێویستیان بە پەروەردەی سیاسی و ئەخلاقی هەیە کە ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی خەباتەکە بەڕێوە دەچێت و لەسەر چ بەهایەک دامەزراوە. لە ڕێگەی پەروەردەی هۆشیارانە دەتوانرێت ئەزموونی نەوەکانی پێشوو بەبێ ڕۆمانسیزەکردن یان سادەکردن بگوازرێتەوە، هاوکات ڕێزگرتن لە واقیعی نەوەی نوێش پێویستە.

**کاک کاوە سپاس بۆ ئەوەیکە کاتت پێ بەخشین و ماندووش نەبن.**

سپاس بۆ بەسەرکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" و ئێوەش ماندوو نەبنەوە.

# پێشمەرگە و ئاڵا دوو هێمای نەتەوەیی



عومەر باڵەکی

مێژووی خەباتی گەلان بۆ ڕزگاری لە بندەستی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە هەر نەتەوەیەک بیهەوێت بە سەربەستی و ئازادی بژی، پێویستە هەموو چین و توێژەکانی ئەو نەتەوەیە، هەر کام بەپێی توانا و بارودۆخی ژیانیان و پێگەیشتوویی و تێگەیشتوویی خۆیان لە ئاستی وشیاریی نەتەوەییدا، لە خەبات و تێکۆشاندا بەشدار بن. بەڵام سروشتییە شێوازی بەشداربوونی خەڵک لەو خەباتە ڕزگاریخوازییەدا جیاوازە. بۆیە دەبینین و دەخوێنینەوە ژمارەیەک لە خەڵک لەو خەباتەدا لە ڕیزی لەخۆبوردووترین ڕۆڵەکانی ئەو گەلە دەردەکەون و ناویان دەچێتە نێو مێژووی ئەو نەتەوەیە و قەت لە بیر ناچنەوە.

گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بۆ ڕزگاریی خۆی لە تێکۆشاندا بووە و خوێن و قوربانیی زۆری داوە، و لە نێو خەباتە خوێناوی و بێوچانەکەیدا، فیداکارترین و لەخۆبردووترین ڕۆڵەکانی ئەو گەلە بەشخوراوە، نازناوی پێشمەرگەیان پێدراوە. پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە ئازا و بەجەرگەیە کە بە بوونی ڕۆحیاتی بەرزی ئەخلاقی و گیانفیدایی بۆ پاراستنی خاک و نەتەوە، لە نێو دڵی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و تینووی ئازادی و دێموکراسیدا جێی خۆی کردۆتەوە. بۆ قەدرزانی لەو هەموو ئازایەتی و فیداکارییەی پێشمەرگە لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوودا، پێویست بوو ڕۆژێک لە ساڵدا بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگە ناودێر بکرێت.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی یەکێکە لەو ڕۆژانەی وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە مێژووی هەشتا ساڵەی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەدرەوشێتەوە. هەشتا ساڵ لەوەوپێش، بەپێی ڕاپۆرتی گۆڤاری "کوردستان" (بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان) لە شاری مەهاباد، بە ئامادەبوونی دە هەزار کەس لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا و بە وتاری پێشەوا قازی محەممەد، ئاڵای پیرۆزی کوردستان بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی فەرمی لەسەر سەربانی لیژنەی سەرۆکایەتیی (هەیئەت ڕەئیسەی) حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵکرا. هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و پێکهێنانی سپای میللی لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ بوو لە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد؛ بەو واتایە گەلی کورد هەنگاوی نوێ و سەردەمیانەی هەڵێنابوو بۆ نێو مەیدانی شوناسخوازی و گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی. بە کردەوە دەبینین، لە دوای هەڵکردنی ئاڵا و پێکهێنانی سپای میللی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەسەڵاتی ناوچەکەی لە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبەرییەوە بە دەستەوە دەگرێت و لە ئەنجامدا حکوومەتی کۆماری کوردستان دادەمەزرێنێت.

ئاڵا هێمای ناسینەوەی نەتەوەیەکە کە خاوەنی خاک و زمان و کولتوور و مێژووی خۆیەتی. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاڵای هەڵدا، بەڵام هەر هەڵکردنی ئاڵا بەس نەبوو بۆ ئەوەی هێمای نەتەوەیەک دیار بێت، ئەو ئاڵایە پارێزەری دەویست، بۆیە حیزبی دێموکرات زۆر پێش لە هەڵکردنی ئاڵا، بە تایبەتی دوای دەستبەسەرداگرتنی شارەوانیی مەهاباد لە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ وەک ئاخرین ئاسەواری دەسەڵاتداریەتیی ئەو ڕێژیمە لەو ناوچەیە ئامادەکاری دەکرد کە بە کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەی خوازیارن و توانای ئەوەیان هەیە پارێزگاری لە خاک و نەتەوە بکەن، سپای میللی پێک بێنێت.

چەند مانگ دوای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و دامەزرانی سپای میللی کۆماری کوردستان دادەمەزرێ و دوای دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری کوردستان و ڕێکخستنی داموودەزگا کارگێڕییەکان، دەبینین نازناوی ئەندامانی سپای میللی کوردستان بەپێی ئیعلانی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دەگۆڕدرێت بۆ پێشمەرگە. لەو ڕێکەوتەوە چەکداری کورد کە بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد خەبات دەکات، هەڵگری نازناوی پێشمەرگەیە و بووەتە جێگای شانازیی نەتەوەکەی خۆی.

لە سەردەمی ئێستادا ناوی پێشمەرگە وەک جەنگاوەرێکی ئازا و پابەند بە ئوسووڵەکانی مرۆڤایەتی سنوورەکانی کوردستانی بڕیوە و بووەتە ناوێکی ئاشنا بۆ هەموو جیهان. لە کوردستانیش لە نێو ئاخاوتنی کۆمەڵگە و نووسینی نووسەران و شاعیراندا بە دەیان پاشناو بە دوای وشەی پێشمەرگەدا جێی خۆی کردووەتەوە وەک: ئازا و بوێر، قارەمان، دوژمنبەزێن، نەمر، باسکی بەهێزی گەل... ئەوانە نیشانەی پێگەی بەرزی پێشمەرگەیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە پێشمەرگە ئەرکی پاراستنی کەرامەت و شەرەفی نەتەوەی خۆی وەئەستۆ گرتووە و گەورەترین سەرمایەی ژیانی کە گیانییەتی، بە سەخاوەتەوە لە پێناو ئامانجەکانی نەتەوەی کورد بەخت دەکات. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٦٣ ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی بە ڕۆژی پێشمەرگە ناودێر کرد کە نیشانەی ڕێزدانانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو بۆ ئەو هەموو گیانفیداییەی کە هێزی پێشمەرگە لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دوژمن لە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی چەکداریدا کردوویەتی. هەڵبەت دیاریکردنی ڕۆژێک بە ناوی ئاڵا و پێشمەرگە بەو مانایە نییە کە تەنیا لە یەک ڕۆژی تایبەتی ساڵدا ڕێز لە پێشمەرگە و ئاڵا بگرین، بەڵکوو لە ماوەی خەباتی خوێناوی گەلی کورد بۆ وەدەستهێنانەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی، هیچ ڕۆژێک لە ساڵدا شک نابەین کە پێشمەرگە بە ئازایەتی و گیانبازیی خۆی بەرگری لە مان و بوونی گەلەکەی خۆی نەکردبێت و تێیدا شەهید نەبووبێت، بەڵام نەیهێشتووە ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد بکەوێتە سەر زەوی. لە بارودۆخی ئێستاشدا وا باشە و هەڵومەرج وادەخوازێت ئاڵا و پێشمەرگە وەک دوو هێمای نەتەوەیی بکرێن بە هەوێنی یەکڕیزی بۆ وەدەستخستنەوەی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاراستنی ئەو دەسکەوتانە.

# ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا

## (بەشی دووهەمی ئەو تێکۆشانە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩٠دا)

– کوێستان نستانی
– د. هۆشمەند عەلی



بەشێک لە ژنان بۆچوونیان وایە، دەبێ بزووتنەوەی کورد هەڵگری پرۆژەیەکی ڕوونی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵێک پرسی گرنگی دیکەی کۆمەڵگە، یەک لەوان پرسی ژنان بێ، کە بەهۆی مەسەلەی نەتەوەییەوە پەراوێز خراوە. هەر بەو هۆیەوەشەوە حیزبە کوردییەکان ڕێکخراوی ژنانیان هەیە، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە لەسەر زەروورەتی کار بۆ پرسی ژنان دانەمەزراون، واتە هیچ کامیان لە کار و پرۆژەکانیان بۆ پرسی ژنان سەربەخۆ نین و هەرچەندە هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕادەی خۆیاندا کۆمەڵێک ژنیان لە ڕەوتی خەباتدا لەگەڵ بووە و هەموویان باسی یەکسانیی ژن و پیاویان کردوە، بەڵام بە کردەوە ژن لەنێو ڕیزەکانیاندا لە بڕیارداندا بە کردەوە دەسەڵاتیان نەبووە و ڕۆڵێکی لاوەکییان هەبووە و هەیە و پەراوێز خراون. ئەو ژنانەی گەیشتوونەتە دەسەڵاتیش بە چەند هۆکارێک دەسەڵاتیان کز و لاواز بووە و نەیانتوانیوە گۆڕان پێکبهێنن (قادری، ٢٠١٣، ٢٧، ٢٨).

کەسانی یەکەمی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە گرنگینەدان و بەرەوپێشنەبردنی ژنان بۆ ئاستی باڵا، دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە. عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە میانەی گفتوگۆیەکدا لە گۆڤاری ژنان گوتوویەتی: "دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئەمڕۆ وەک خۆی بایەخی بە مەسەلەی ژنان داوە، ئەگەر تەماشای بەرنامەی حیزب بکەی ماددەی تایبەت هەیە کە دەڵێ: ژن و پیاو لەنێو خێزان و کۆمەڵدا مافی وەک یەکیان هەیە و لە زۆر جێگای دیکەش هەر بۆ ئەوەی تەئکید کرابێتەوە لەسەر مافی ژنان باس کراوە. بۆیە حیزبی دێموکرات بەهۆی هەلومەرجی خەباتی سیاسیی خۆی، پاشان بە دەلیلی قۆناغێکی کۆمەڵایەتی کە کۆمەڵی کوردەواری پێدا تێدەپەڕێ، نەیتوانیوە ئامانجەکانی خۆی و ئەوەی بیروبۆچوونی خۆیەتی لەبارەی ژنانەوە پیادە بکا. بەو حاڵەش پێم وایە نەک حیزبی دێموکرات، ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکرات ڕەخنەمان لەسەرە، ئەو ڕۆحە کە حیزبی دێموکرات داوامان لێ دەکا، ڕۆحی ئیحتیرام بە مافی ژنان، نەیتوانیوە بەتەواوی بەسەر جۆری بیرکردنەوەی هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا زاڵ بێ (حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ٢).

گەوهەر شێرخانی دەڵێ: "دیارە لە هەموو کارێکدا بەربەست هەبووە و دەشبێت، لەو ڕێگایەدا زۆر کەند و کۆسپ هەیە دەتوانن ڕێگر بن لە سەرکەوتن و پێشکەوتنی ژنان لە کارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ژنان هەمووکات ڕۆڵێکی بەرچاویان لە جەریانی شۆڕش و خەبات لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەبووە. لە ڕابردوودا بە دەیان ژن لە خەبات و تێکۆشاندا بوون و هەروەها چەندین ژنمان هەیە بووە بە قوربانی، وەک (عەزیمە عوسمانی و فاتمە دلاوەری) و چەندان ژنی تر" (شێرخانی، هەولێر، ٢٠٢٤/٦/٢٣). هەر چۆنێک بێ، دەکرێ دان بەو ڕاستییەش دابنرێ، لەگەڵ ئەوەی لەمپەر لەناو هێزە سیاسییەکان و خودی کۆمەڵگەشدا هەبووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی خودی وشیاریی ژنانیش بەگشتی لە بەرانبەر بەشداریکردن لە پرسە سیاسییەکاندا و نەبوونی ڕێکخراوێکی ڕاستەقینەی ژنان لەو سەردەم و تەنانەت تاوەکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ کە تەنیا وەک پاشکۆیەکی هێزە سیاسییەکان بینراون و دەبینرێن، گرفتی گەورەی بەردەم گەشەکردنی ژنان بوون و هەن و ژنان بۆخۆشیان دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە.

لەگەڵ ئەوەی بەربەستەکان زۆر بوون و ژنان لە بڕیاردانی سیاسیدا نەخش و ڕۆڵی ئەوتۆیان نەبووە و ڕێگەیان پێ نەدراوە لە ئاستی پلەی باڵای سیاسی وەک ئەندامی سەرکردایەتی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتدا، بەڵام لە هەوڵدان و کارکردن، بەشداریکردن لە بزووتنەوەکان و خەباتی سیاسی و چەکداری و کۆمەڵایەتی و بوارەکانی دیکەی پەروەردەیی و تەندروستی بەردەوام بوون و بێگومان حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە دوای کۆنگرەی چوارەم (١٩٨٠) و لە ساڵانی دواتردا لە کاروباری پێشمەرگەوە چەندین دەستکەوتی گەورەی هەبووە (بەڵگەنامەی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی ١-٩، ب١، ل١٩٩٧). یەکێک لەو دەستکەوتانە لە بواری چەکداری و ڕێکخستن بووە، کە یەکێک لە کۆڵەکەکانی هێزی مرۆیی و پشتیوانیکردنی خەباتی چەکداری لە کوردستان، جەماوەر و چین و توێژە جیاوازەکان بوون، بەتایبەتیش کە بەشێک لە لاوانی کوردستان لە سایەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی چوونەتە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و وەک هێزێکی مرۆیی لەبنەهاتووی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون (مەحموود، ٢٠١٢، ١٧٧).

یەکێک لەو چین و توێژانەی هاتوونەتە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژنان و کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و هیچ چەشنە جیاوازییەک نەبووە لە ڕووی ئەرک و بەڕێوەبردن لە ڕووی کاری چەکدارییەوە. هەروەها بێجگە لە هەستی نەتەوەیی و کارکردن لە بواری تەشکیلاتی بە شێوەی نهێنی لەنێوخۆدا و کاریگەریی ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان لەسەر هاتنی ژنان و کچان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند هۆکارێکی دیکە پاڵنەر بووە وەک دیتنی پێشمەرگەی کوڕ و کچ لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. گوڵێ ئیبراهیمی دەڵێ: "پێشتر بەنهێنی وەک ئەندامی حیزب کارم کردوە، بەڵام بەهۆی دیتنی خوشکە خەدیجە مەعزووری و خوشکە سەکینە جەوانمەردی کە هاتووچۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد و هەروەها دیتنی پێشمەرگەکان، هەموو ئەوانە بوونە هۆکار و لە ساڵی ١٩٨٧ بە ئاشکرا پەیوەندیم بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کرد. ئەو کات بنکەی حیزب لە ئاشقۆڵکە بوو، دەکەوێتە قرناقە و پشت ئاشان واتە دیوی باشووری کوردستان بوو. دوای دیتنی دەورەی نیزامی لە مەڵبەندەکان و هێز و لقەکان سازمان دەدراین و لە گەشتە سیاسی و نیزامییەکان بۆ نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ هێزی پێشمەرگەش دەچووینەوە و لە زۆربەی چالاکییە چەکدارییەکانیش لە بەرەی بەرگریدا بووین. بۆ نموونە: جارێکیان لە کاتی گەڕانەوەماندا بۆ نێوخۆ کە لە "دووسەر و پانەسەر" لە ناوچەی سەردەشت ساڵی ١٩٨٩ بوو تووشی شەڕێکی قورس بووین لەگەڵ دوژمن. فەرماندە هێزەکەمان ئەحمەد نستانی بوو، و لە کاتژمێر ٦ی بەیانی تا ٧ی ئێوارە لە شەڕدا بووین و بریندارمان هەبوو. دواتر ئەحمەد نستانی هاوشێوەی کوڕەکان بە منی سپارد کە دەبێ لەگەڵ خدر قەڵاتی بریندارەکان بگوازینەوە. لە کاتی ڕۆیشتن و گواستنەوەی بریندارەکان لە کەمین کەوتین، ئەوەش بووە هۆی دابڕانمان لە یەکتری و لە دۆخێکدا بە تەنیا مامەوە کە هیچ شارەزای ئەو ناوچانەش نەبووم. بۆیە بڕیارم دا بگەڕێمە ئەو شوێنەی یەکەم جار لەگەڵ دوژمن دەرگیر بووین و دواتر لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی "خانم" یەکترمان دیتەوە کە خەڵکی سەردەشت بوو. چووینە جادەی پیرانشار – سەردەشت، لە خوار جادەکە چەند کەسێکم بینی وامزانی هێزی ڕێژیمە، لەگەڵ خانم بڕیارمان دا تا کۆتایی شەڕ بکەین و گوللەیەکیشمان وەک (زاپاس) دانا بۆ ئەو کاتەی توانای شەڕمان نەما خۆمان بکوژین و بە زیندوویی نەکەوینە دەست دەوڵەت. لە کاتێک ویستم تەقە بکەم دیتم پێشمەرگە بریندارەکانن کە حەوت پێشمەرگەیەک دەبوون. یەکمان گرتەوە و دواتر توانیمان لە ڕێگەی کۆمیتەی سەردەشت و هێزی گیارەنگ بریندارەکان بگوازینەوە" (ئیبراهیمی، کۆیە، ٢٠٢٤/٧/٤).

هاوڕێ ئیسماعیلی دەڵێ: "کاتێک ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیم بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردوە، لە ڕێگەی دیتنی چەند پێشمەرگەیەک لە ناوچەی پیر محەممەدی بۆکان بوو. چەند کەس لەو پێشمەرگانە وەستا ئەحمەد و چرچەی بارام میرزا و ئەحمەد نوورە بوون کە لەگەڵیان کەوتم و هاتمە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەو کات هەر کوڕ و کچێک تەمەنی لە خوار هەژدە ساڵان بووایە دەنێردرا بۆ یەکیەتیی لاوان و لەوێ پەروەردە دەکرا تا تەمەنی یاسایی خۆی، بۆیە بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێ مامەوە و دواتر نێردرام بۆ دەورەی نیزامی، و وەک یەکەم ئەرک دەبوو دەورەی نیزامیم ببینیایە. بۆیە ئەو دەورەیەم تەواو کرد و بە خەباتی چەکداری دەستم پێ کردوە" (ئیسماعیلی، کۆیە ٢٠٢٤/٦/٢٣). هەر لە بواری چەکدارییەوە یەکێکی دیکە لەو ژنانە خورشیدە ڕەسوڵی دەڵێ: "پەیوەندیکردنم بە حیزبی دێموکراتەوە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری نێوخۆیی وەک زوڵم و زۆرداری، چەوسانەوەی کوردەکان و کوشتنی خەڵکی بێ دیفاع لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە کە بەشێکیان لە نزیکانی خۆمان بوون، ئەوانە هەموو هۆکار بوون کە ساڵی ١٩٨٩لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتمە نێو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات. دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ مانگ دەورەی نیزامیم دیت، لەگەڵ فاتمە دلاوەر و مریەم ڕەحمانی دراین بە مەڵبەندی (سپی سەنگ) و لە لقی دوو سازمان دراین کە ئەو کات مەڵبەندی سپی سەنگ سێ لقی هەبوو. ئەو ژن و کچانەی بەیەکەوە کارمان کردوە نزیک بە ٢١ کچ بووین و سەرلکی ئێمە واتە کچەکان عەزیمە عوسمانی بوو کە تەنیا پێنج کلاس خوێندەواریی هەبوو. عەزیمە هەتا هاتبووە نێو ڕیزەکانی حیزب دوو تا سێ جار لە لایەن دەوڵەتەوە گیرابوو، و کچێکی زۆر بەتوانا بوو" (ڕەسووڵی، کۆیە، ٢٠٢٤/٦/٣٠).

هەروەک دەبینرێت، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە بواری چەکداریدا لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کاریان کردوە، لەو بارەوە گوڵێ ئیبراهیمی و گەوهەر شێرخانی دەڵێن: "سەرەتا هاتنمان، بوونمان بە پێشمەرگە کچمان زۆر بوو لە هێزە جیاجیاکان، ئەو کات ئەوەندەی دەمانناسین و بەگشتی بەیەکەوە کاری چەکداری و سیاسیمان دەکرد نزیک بە ٢١ کچ لەنێو ڕیزەکاندا بووین. بەشێک لەو کچانە بریتی بوون لە: مریەم عەزیزی، مەلەک پیرۆتی، خورشید، مریەم ڕەحمانی، سەید سەعیدە خالیدی (لەیلا)، فەوزیە، زارا، زوبێدە، ئایشە، کافیە، ئێران، عەزیمە عوسمانی، فاتمە دلاوەری. لەو کچانە چوار کەسیان شەهید بوون وەک: زوبێدە، عەزیمە عوسمانی، فاتمە دلاوەری و سەید سەعیدە خالیدی کە بە لەیلا بانگمان دەکرد" (ئیبراهیمی، کۆیە، ٢٠٢٤/٧/٤؛ شێرخانی، هەولێر، ٢٠٢٤/٦/٢٣). جێگای خۆیەتی ئەوەش بخرێتەڕوو، کە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی ڕۆڵیان لە خەباتی چەکداری و سیاسی و ڕێکخستنەوە بە شێوەی جۆراوجۆر سێدارە، ئەشکەنجەیان لە قۆناغی بەرگریدا ئەزموون کردوە. زۆرجار لەو پێناوەدا گیانیان سپاردووە.

نموونەی ئەو ژنانەی زانیاریی ورد لەسەر چۆنیەتیی شەهیدبوونیان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا بەردەستە فاتمە دلاوەر و عەزیمە عوسمانین کە ساڵی ١٣٦٩ لە ناوچەی لاجانی پیرانشار لە ئاوایی "خورینج" کاتێک پێشمەرگەکان کەوتوونەتە بۆسەوە گیانیان سپاردوە (سەمەدی، ٢٠٠٩، ٥٨). هەر لەم بارەوە خورشیدە ڕەسووڵی کە لەگەڵ ئەو گەشتە سیاسی و نیزامییەدا بووە، دەڵێ: "لە گەشتێک ساڵی ١٣٦٩ بۆ نەغەدە کردمان، چەندین جار ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕێژیم بووینەوە و لە کاتی ڕۆیشتنمان بۆ شاخەکانی ماسوێ لە بۆسەیەک کەوتین. لێیان وەدەست هاتین و بە سەریاندا سەرکەوتین و هێزەکەمان هەشت دیلی لە هێزەکانی ڕێژیم گرت و دواتر بۆ ماوەی دوو شەو و ڕۆژ لە بەردەکانی (خورینج) ماینەوە. دواتر جارێکی دیکە لە بۆسەی ڕێژیم کەوتینەوە، بەڵام لەو بۆسەیەدا عەزیمە عوسمانی بریندار بوو کە تەحویلی کۆمیتەی شارستانی لاجانمان دا و دوای دوو ڕۆژ هەواڵمان بۆ هات بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی سپاردووە. هەر لەو گەشتە نیزامییەدا لە بەری مێرگان و دوای چەند ڕۆژ لە گەشتەکەمان، لە "خڕە چەوەندەر" جارێکی دیکە لە بۆسەی ڕێژیم کەوتینەوە، هەرچەندە سەرکەوتوو بووین، بەڵام لەگەڵ ڕۆیشتنمان هێزەکانی ڕێژیم بە تۆپ لە ڕیزی پێشمەرگەکانی دا و لەوێدا سێ پێشمەرگەمان دەستبەجێ گیانیان سپارد و حەوت پێشمەرگەمان بریندار بوون، بۆخۆم و مریەم ڕەحمانی بریندار ببووین، کاتێک بۆ دواوە گەڕامەوە دیتم فاتمە دلاوەر لەگەڵ ڕەحیم سێلوێیی کە خۆشەویستی یەکتریش بوون، پێکەوە شەهید ببوون. هەرچەندە ویستمان هەرچۆنێک بێ فاتمە دلاوەر ببەین و بەجێی نەهێڵین، بەڵام نەمانتوانی هیچیان بۆ بکەین، بۆیە لەگەڵ مراد جۆڵا تەنیا ئەوەندەمان پێ کرا بە گەڵای داران دایانپۆشین، هەر بەو هۆیەوە تا ئێستا نازانرێ گۆڕی فاتمە دلاوەر لەکوێیە" (ڕەسووڵی، کۆیە، ٢٠٢٤/٦/٣٠).

# پێشمەرگە؛ مێژوو، واتا، ڕواڵەت و نێوەرۆک



تاهیر قاسمی



گەلی کورد مێژوویەکی سەدان ساڵەی لە خەبات و تێکۆشانی چەکدارانە بۆ ڕزگاریی خۆی و خاکەکەی لەدەست داگیرکاری و چەوسانەوەی نەتەوەیی تۆمار کردووە. لە مێژووی نیزیکدا ڕەنگە سەرەتای ئەو خەبات و تێکۆشانە بۆ بەرەنگاریی خانی لەپ‌زێڕین لەحاند زێدەخوازیی دەسەڵاتی مەزهەبیی سەفەوی و بەرخۆدانی قەڵای دمدم و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بەو بەرخۆدانە بگەڕێتەوە. خەبات و بەرخۆدانێک کە دواتر لە شێوەی شۆڕش و سەرهەڵدانی چەکداریدا بەردەوام بوو. شۆڕشی میرە کۆرەی ڕەواندز لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەی زایینیدا بە دەسپێکی ئەو سەرهەڵدان و بەگژداچوونەوانە هەژمار دەکرێ کە دواتر لە سەرهەڵدانی بەدرخان، ڕاپەڕینی یەزدانشێر، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، شۆڕشی سمکۆ، بەرخودانی شێخ مەحموودی حەفید، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران، شۆڕشی ئارارات و پاشان ڕاپەڕینی سەید ڕەزای دێرسیم و شۆڕشی بارزاندا درێژەی کێشا. هەر کام لەو شۆڕش و ڕاپەڕینانە توانیان لە چەند مانگەوە تا چەند ساڵ درێژە بە شۆڕشەکەیان بدەن و لەو ماوەیەدا گەلێک قارەمانەتی دژ بە داگیرکەران بنوێنن. دیارە لەو مەودایەدا زۆر سەرهەڵدان و بەرەنگاریی دیکەی بە ژمارەی چەکدار کەمتر، بە ناوچەی سەرهەڵدان بەرتەسکتر و بە ئامانجی ڕاپەڕین بچووکتریش هاتوونە ئاراوە. خاڵێکی هاوبەشی هەمووی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە، ڕێکخستنی هێزی چەکدار و بەرەنگاریی چەکدارانەیان بووە بەڵام ئەوەی کە کەمتر لێی کۆڵدراوەتەوە و بە دەگمەن باسی لێ کراوە، ناوی هێزی چەکداری ئەو شۆڕشانە یان هەر کام لەو ڕاپەڕینانەیە. هۆکارەکەش ئەوەیە کە بە شێوەی نەریتی، چەکدارانی هەر شۆڕشێک بە ناوی سەرکردە و ڕێبەری شۆڕشەکە یان ناوچەی سەرهەڵدانەکە یا ئەو هۆزەی بەڕێوەبەری شۆڕشەکە بووە یاخود ئەو سەرۆکهۆزەی فەرماندەیی چەکدارەکانی کردوە پێناسە کراوە. بۆیەش ئەگەر لە پەناوە ناوێکی گشتیتریش بۆ ئەو چەکدارانە لەئارادا بووبێ، لێکۆڵەران زۆر خۆیان بەو بابەتەوە ماندوو نەکردوە. بۆ وێنە لە شۆڕشەکەی سمکۆدا هێزە چەکدارەکە بە ناوی لەشکری سمکۆ یان لەشکری شکاک کە هۆزی سەرەکیی پێکهێنەری لەشکرەکە بوو، ناوی دەبرا. دیارە هێندێک جار هێزە چەکدارەکە بە ناوێکی گشتیتریش ناوی براوە وەک لەشکری شەریعە بە بۆنەی بارە ئایینییەکەی شۆڕشی شێخ سەعید یان لەشکری مریدان بۆ شۆڕشەکەی بارزان بەڵام ناوی زاڵ هەر بە ناوی سەرۆک و ڕێبەری هۆز یان هێزەکە بووە. لەو نێوەدا هێندێک جار ناوی گشتیی وەک جوامێر، چریک، دلاوەر، فیدایی و هیتریش بەرگوێ کەوتوون بەڵام هەم جوغرافیا و ماوەی بەکاربردنیان سنووردار بووە و هەمیش مەرج نییە ئەوانە هەمیشە ناوی هێزی ئازادیخوازی کورد بووبن، چونکە هێندێک جار داگیرکەران بۆ ناوی ئەو هێزە بەکرێگیراوانەش بەکاریان بردوون کە بۆ سەرکوتی شۆڕشەکانی کورد ڕێکیان دەخستن. هەروەها ناوی "چەتە"ش هەبوو کە هەرچەند بریتی لە چریک و پارتیزانە و واتایەکی نێگەتیڤی نییە، بەڵام هەم بە هۆی هێندێک ئاکاری خراپی ئەو چەکدارە کوردانەی لە ڕابردوودا بەو ناوەوە تێکۆشانیان کردوە و هەمیش لەژێر بانگەشە و پڕوپاگەندەی داگیرکەردا، ناوەکە بێزرا و واتای دز و ڕێگر و جەردەی پێ درا. بە جۆرێک کە دواتریش ڕێژیمەکان وەک ناتۆرە دژ بە تێکۆشەرانی کورد بەکاریان دەبرد. هەروەها ناوی یاغی، حەرامی و هیتریش هەبوون کە ئەوانە ڕاستەوخۆ سازکراوی هزری دوژمنان و لەلایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکانەوە دژ بە شۆڕشگێڕانی کورد بەکار دەبردرا.

لەنێو شۆڕشەکانی کورددا، شۆڕشی ئارارات بە ڕێبەریی کۆمەڵی خۆیبوون و بە فەرماندەیی ئیحسان نووری پاشا کە بە ناوی کۆماری ئاراراتیش ناو دەبرێ، توانی تا ڕادەیەک نەریتەکان بشکێنێ و بەجێی جێگیرکردنی ناوی فەرماندە و سەرکردە یان ناوی هۆزێک بەسەر چەکدار و هێزە چەکدارەکەیدا، ناوی لەشکری ئاراراتی دانا. دیارە ئەوە تاکە هەنگاوی شۆڕشی ئارارات یان ئاگری بۆ گۆڕینی چییەتیی شۆڕشی کورد نەبوو و کۆمەڵێک گۆڕانکاری و داهێنانی دیکەشی هێنایە ئاراوە کە بوون بە بنەما بۆ ئەو کۆمارەی کە پازدە ساڵ دواتر بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد ڕاگەیەندرا.

بەو جۆرەی لە ژمارەکانی سەرەتای ڕۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و زمانحاڵی کۆماری کوردستاندا دەردەکەوێ، کۆمار بە پێڕەوی لە تاران و دواتر تەورێز، لە سەرەتادا ناوی چەکداری خۆی بە سەرباز، فیدایی و فیداکار ناو هێناوە و دواتر وەک دەگوترێ لەسەر پێشنیاری پیرەپیاوێکی دنیادیتە، ناوی "پێشمەرگە"ی هەڵبژارد. سەبارەت بە بنەمای ئەو ناوە بۆچوونی جیاواز هەیە؛ هێندێک بۆ نەریتێکی نێو دەرباری پاشاکانی دەگەڕێننەوە کە لەوێ کەسێک بە ناوی "پیش‌مەرگ" هەبووە و هەموو ژەمان دەبوو لە پێشدا ئەو خواردنە تاقی بکاتەوە کە قەرار بوو پاشا لێی بخوا. دیارە ئەوە دابێکی گشتی و باوی نێو خەڵک نەبووە و ئاستەمە ناو و پیشەیەکی ئاوا لە کۆشکی پاشایەتییەوە تا نێو کۆڵان و ماڵانی کوردستانی ئەو سەردەم شۆڕ بووبێتەوە. بە تایبەت کە کۆماری کوردستان لە لایەک هەوڵی داوە وشەی کوردیی ڕەسەن لەسەر بوار و پیشە و کاراکتەرە جۆراوجۆرەکان دابنێ و هیچ ئاماژەیەکیش نییە کە بە دوای ئیلهاموەرگرتن لە سیستمی پاشایەتی و ژیاندنەوەی داب و نەریتەکانی نێو کۆشک و سەرسەرای پاشایەتیدا بووبێ. بەڵام ئەگەر وتەی پیرەپیاوە دنیادیتەکە بە بنەما وەربگرین کە وا دیارە پێشنیارەکەی لە ناخی کۆمەڵگە و لە قووڵایی مێژووی کوردستانەوە هاتووە، ڕەنگە مێژووی بەکارهێنانی ناوی پێشمەرگە وەک چەکداری ئازا بۆ زۆر کۆنتر بمانگەڕێنێتەوە. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لە کەوناردا کوردستان کانگایەکی گرینگ و سەرەکیی ئایینی مێهری یان میترایی بووە. لە دابەشکاریی پلەکانی ئەو ئایینەدا، پلەی سێهەم بە سەربازانی میترا دراوە کە لەنێو چوار ماکەکەدا، پلەی خاک هی ئەوە و ئەرکە سەرەکییەکەی پاراستنی مەرگە (مێهرگە، مێهرکەدە، ماڵی پیرۆزی میترایی‌یان) و نیشتمانی میترا بووە. بەو پێیە پێشمەرگە ئەو چەکدارە ئازایە بووە کە لە پێش "مەرگە"ی میترایی ڕاوەستاوە و ئەرکی پاراستن و پارێزگاری لەو شوێنە پیرۆزە و لە وڵاتی پیرۆزی میترای لە ئەستۆ بووە. ئەگەرچی بە کاڵبوونەوەی ئایینی مێهری (مەری، مێری، میترایی) لەنێو کۆمەڵگەدا سرووشتییە ناوی پێشمەرگەش بەو واتایە کاڵ بووبێتەوە بەڵام وا دیارە لە هزری پیرانی ناوچەکەدا ماوەتەوە تا سەرەنجام لە کۆماری کوردستاندا جارێکی دیکە ژیایەوە و واتایەکی نوێی پێ درایەوە.

کۆماری کوردستان تەنیا حکوومەتێکی کورتخایەنی یازدە مانگە لە ناوچەیەکی بەرتەسکی کوردستاندا نەبوو بەڵکوو ڕاستەڕێگای ڕزگاریی بە کورد نیشان دا و لە زۆر بارەوە نەخشەی دەسەڵات و خۆ بەڕێوەبەریی بۆ گەل داڕشت. یەک لەوانە بڕیاری دانانی ناوی پێشمەرگە و دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. کۆماری کوردستان بەو بڕیارە نەک هەر ناوی پێشمەرگەی بە نەتەوەیی کرد بەڵکو شوناس و پێناس و ئامانجی پێشمەرگەشی گۆڕی و کۆتایی بەو نەریتە هێنا کە تێکۆشەری شۆڕشگێڕی کورد بەناوی چەکدار، تفەنگچی یان پیاوی فڵان سەرکردە و فیسار هۆز، خۆی و ئامانجە نەتەوەییەکەی بچووک بکرێتەوە. لەوە بەدوا پێشمەرگە لە چەکداری سەرۆک و هۆز تێپەڕی و بوو بە پێشمەرگەی کوردستان. کوردستانێک کە داگیر کراوە و مافی ژیانی ئازاد لە گەلەکەی و سەربەستی لە نیشتمانەکەی ئەستێندراوە. بەوەش پێناسەی پێشمەرگە لە چەکدارێکی ئاسایی جیا کرایەوە. پێشمەرگە ئیدی تەنیا لە پێوەندیی چەکەکەیدا تەعریف وەرناگرێ بەڵکو مرۆڤێکی تێکۆشەری کوردە کە بۆ لابردنی هەڵاواردن و سڕینەوەی ستەم بە تایبەت ستەمی نەتەوەیی تێدەکۆشێ و هەوڵ دەدا نەتەوەکەی ئەویش وەک هەموو نەتەوەکانی دنیا، نە زیاتر و نە کەمتر، مافی بەرابەر و یەکسانی هەبێ. لەم پێناوەشدا خۆبەخشانە و بێ هیچ چاوەڕوانییەکی مادی، لە ژیان و گیانی خۆی مایە دادەنێ. وێڕای ئەوە، ئەگەرچی وشەی مەرگ لە پێکهێنانی ناوی پێشمەرگەدا دەوری هەیە، بەڵام پێشمەرگە لەپێناو ژیانێکی نادیاری دواڕۆژدا، بۆ مردن و شەهیدبوون ناجەنگێ بەڵکو بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئازاد بۆ خۆی و گەلەکەی و لەپێناو ڕزگاریی خاکەکەیدا، بۆ نەهێشتنی سیاسەتی قەڵاچۆکردنی نەتەوەکەی خەبات دەکا و پێش بە مەرگی گەلێک دەگرێ.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، وەستان و بێدەنگییەکی پازدە ساڵە بەسەر خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەدا هات، لێ کۆماری کوردستان یادگارییەکی لەوە زۆر گەورەتر و بە نرختر بوو کە بەو وەستان و بێدەنگییە ناوی پێشمەرگە لەبیر بچێتەوە یان ئامانجەکانی کاڵ ببنەوە. لە کۆتاییەکانی دەیەی سی و سەرەتای دەیەی چلی هەتاویدا تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە جێگیربوونیان لە دیوی گەرمێن و بەشی باشووری کوردستان توانیان جارێکی دیکە خۆیان وەک هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕێک بخەنەوە و خەباتی پێشمەرگانەیان بە شێوەی چەکدارانە دەست پێ کردەوە. بە تایبەتیش لە نێوەڕاستەکانی دەیەی چلی هەتاویدا خەباتێکی خوێناوییان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ خست. هاوکات لە باشووری کوردستانیش شۆڕشی ئەیلوول تا ڕادەیەکی زۆر بە بنەماکانی کۆماری کوردستان وەفادار مایەوە و ناوی پێشمەرگە و هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لەسەر هێزە چەکدارەکەی خۆی دانا. لە باکووری کوردستانیش هێندێک جموجۆڵی پێشمەرگانە و بە ناوی پێشمەرگە هاتنە ئاراوە و هەمووی ئەوانە لە بووژاندنەوە و پەرەگرتنی ناو و شوناسی پێشمەرگەدا کاریگەریی گرینگیان دانا. وێڕای ئەوانە زیندوویی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان کە هەمیشە خواستی خەڵکی کوردستان و، وەدیهێنانیان مەبەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، ئیخلاقی سیاسی و هەڵسوکەوتی درووستی زۆرینەی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ خەڵک و ئەوە کە پێشمەرگە لە ناخی ئەو خەڵکەوە هەڵقوڵاوە و، ئاستی فیداکاری، گیانبازی و ئازایەتیی پێشمەرگە لە هۆکارە گرینگەکانی خۆشەویستیی زۆری خەڵک بۆ پێشمەرگە و پەرەگرتنی ناو و شوناسی پێشمەرگە لەلای دۆست و دوژمنە. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، هێزی پێشمەرگەی کوردستان جارێکی دیکە لە سەر جوغرافیای کۆمار و بە پانتاییەکی زۆر بەرینتر ڕێک خرایەوە و گەلێک قارەمانەتی نواند کە دەورێکی گرینگ و کاریگەری دیکەی لەسەر پەرەگرتن و خۆشەویستیی ناوی پێشمەرگە دانایەوە. بە جۆرێک کە چەندان هێزی چەکداری غەیرەکورد لە ئێران و عێراقیش هەر بە ناوی پێشمەرگە لە کوردستان خەباتی خۆیان دەست پێ کرد. هەمووی ئەوانە و ڕووداوە پێوەندیدارەکانی دواتر وایان کرد کە ناوی پێشمەرگە لە ئاستی نێونەتەوەییشدا ببێ بە ناوی کاراکتەرێکی ڕزگاریخواز و جێگای ڕێز و ستایش بۆ هەموو جیهان. لەم نێوەدا دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانیش بێکار دانەنیشتن و سەرەڕای هێرش و پەلاماری ڕاستەوخۆیان بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، هەوڵیان دا ناوی پێشمەرگەش بزڕێنن و پێناسەی پێشمەرگە لە هزری خەڵکی کوردستان و بێگانەدا بشێوێنن بەڵام سەریان لە بەرد درا و بۆیان نەکرا. ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی لە سەرەتادا بە دامەزراندنی "ڕێکخراوی پێشمەرگە موسوڵمانەکان" کەوتە پیلان و چەواشەکارییەوە و ویستی کڵاوێک لەو لبادە بۆخۆی بدروێ و سەرنجی خەڵکی کوردستان لە هێزی پێشمەرگەی خۆیەوە بۆ لای ئەو هێزە بەکرێگیراوە ڕابکێشێ. لەوە بێخەبەر بوو کە خەڵکی کوردستان زۆر لەوە ژیر و وریاتر بوون کە بە شتی ئاوا فریو بخۆن. کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرەئایینە و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش هەر لە کۆماری کوردستانەوە بەجێی هەڵگرتنی پێناسەی ئایینێکی تایبەت، بۆ پاراستنی فرەیی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە دامەزرا و تێکۆشا. سازمانی پێشمەرگە موسوڵمانەکانی کۆماری ئیسلامییش لە هزر و ڕوانینی خەڵکی کوردستاندا هەر لە سەرەتاوە بە ناوی جاش لەدایک بوون و هەر بە جاشیش مانەوە.

## پێشمەرگە

## هێزی ناسێنەری کورد



سەربەست ورمێ

### پێشەکی

چەمکی "پێشمەرگە" لە زمانی کوردیدا بە واتای ئەو کەسە دێت کە بەرەوڕووی مەرگ دەڕوات. پێناسەیەک کە لە دەرەوەی ناونیشانی هێزێکی چەکدار، هەڵگری ڕەهەندێکی قووڵی فەلسەفی، ئەخلاقی و بوونگەراییە. پێشمەرگەی کوردستان تەنیا لە هێمای خەباتی نەتەوەیەک بۆ مانەوە، ئازادی و کەرامەتی مرۆڤایەتیدا قەتیس ناکرێت، بەڵکوو لە چوارچێوەی پێشهات و گریمانە جیهانییەکاندا بووەتە مژارێکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی. ئەم نووسینە هەوڵ دەدات بە کورتی و بە کەلکوەرگرتن لە تیۆری و فەلسەفە جیهانییەکان، پێگەی پێشمەرگە لە دیاردەیەکی نێوخۆییەوە بۆ چەمکێکی گشتگیر بەرز بکاتەوە.

### پێشمەرگە و فەلسەفەی بوونگەرایی (ئێگزیستانسیالیزم): هەڵبژاردنی ئاگایانەی مەرگ لە ڕێی ئازادیدا

لە فەلسەفەی بوونگەرایی ئێگزیستانسیالیزمدا و بەتایبەت لە ڕوانگەی ژان پۆڵ سارتەرەوە، مرۆڤ "مەحکوومە بە ئازادی"؛ واتە بەرپرسیارە لە بەرانبەر هەموو هەڵبژاردنەکانی، تەنانەت لە بارودۆخی سەرکوتکاری و توندوتیژیدا. پێشمەرگە نموونەیەکی ڕوونی ئەم بیرۆکەیە: نەک لە ڕووی ناچاری، بەڵکوو ئاگایانە و ئاوەزمەندانە ڕێگای خەبات هەڵدەبژێرێت. بە گیانکڕینی مەترسیی مردن لە ڕێگای ئازادیدا، پێشمەرگە دەکاتە سوبجێکتێکی وجوودی کە مانای نەک لە هەرمانیدا، بەڵکوو لە پابەندبوونی ئەخلاقی بە ئازادیی بەکۆمەڵدا دەدۆزرێتەوە.

### پێشمەرگە لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی ئەخلاقیدا

پێناسەی ئیمانوێل کانت لە کەرامەتی مرۆڤ، ئامانجی کۆتایی و نەگۆڕی مرۆڤە و هەر جۆرە بەئامرازکردنی مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەوە پێشمەرگە خاوەنی مەشرووعییەتی ئەخلاقییە، لەبەر ئەوەی کە خەبات بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و بەرگری لە خەڵکی سڤیل دەکات و بەرەنگاری هەر جۆرە چەوسانەوەی سیستەماتیک دەبێت. پێشمەرگەی کوردستان سەرووتر لەوەی کە هێزێکی هێرشبەر بێت، لە پێناسەی مێژوویی خۆیدا، هێزێکی بەرگریکار و ئەخلاقتەوەرە. ئەم ئەسڵە باڵکێشەش لە بیروڕای گشتی جیهانیدا، پێشمەرگە نە بە هێزێکی میلیشیا، بەڵکوو وەکوو هێزێکی بەرگریکار لە ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ وێنا دەکات.

### پێشمەرگە و تیۆریی بەرخۆدان و دەسەڵات

چەمکی دەسەڵات لە ڕوانگەی ئەنتۆنیۆ گرامشییەوە تەنیا دەسەڵاتی سەربازی نیە، بە باوەڕی ئەو، کولتوور و گوتاریش دەگرێتەوە. پێشمەرگە تەنیا بە چەک شەڕی نەکردوە و ناکات؛ بەڵکوو بە پاراستنی زمان و کولتوور و مێژوو و گوتاری کوردی، لە دژی دەسەڵاتی دەوڵەتدار کە نکۆڵی لە نەتەوەبوونی دەکات شەڕ دەکات. لەم ڕوانگەیەوە پێشمەرگە کەسایەتییەکی کولتووری-سیاسییە کە بەرخۆدانەکەی دەبێتە ڕەمز و سیمبولی نەتەوەیەک.

### پێشمەرگە و تیۆری دەوڵەت – نەتەوە لە هزری مۆدێڕندا

لە تیۆرییە کلاسیکییەکان لەمەڕ دەوڵەت - نەتەوەدا، ماکس ڤێبەر و تۆماس هابز، دەوڵەت بە تاکە دامەزراوەیەک دەناسێنن کە مەشرووعییەتی بەکارهێنانی زەبری یاساییان هەیە. بەڵام ئەزموونی کوردستان ئەوەی سەلماند کە لە نەبوونی دەوڵەت بە نوێنەرایەتی نەتەوە (دەوڵەت – نەتەوە)دا، بەرخۆدانی چەکداری دەتوانێت مەشرووعییەتی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەبێت. لێرەدایە کە گرنگیی خەباتی پێشمەرگە لە چوارچێوەی تیۆرییە نوێیەکانی مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان لە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەردەکەوێت و لە دیاردەیەکی ناوچەییەوە بۆ کردەوەیەکی ڕەوای نێودەوڵەتی بەرز دەکرێتەوە.

### بەجیهانیبوونی سیمای پێشمەرگە: لە شار و شاخەکانی کوردستانەوە بۆ مێدیا جیهانییەکان

لە مێژووی هاوچەرخی خەبات و بەتایبەت لە دوای شەڕی پێشمەرگە لە دژی داعشدا، وێنە و سیمای پێشمەرگە وەکوو پارێزەری ماف و کەرامەتی مرۆڤ لە گوتار و شرۆڤە سیاسی و جیۆپۆلیتیکییەکانی جیهانیدا ڕۆژ بە ڕۆژ بایەخی پێ درا و مێدیایی کرا. ئەمەش سیمای ڕاستەقینەی پێشمەرگەی وەدەرخست و وەکوو سیمبولێکی جیهانی بۆ بەرخۆدان لە بەرانبەر توندئاژوویی و سڕینەوەی کولتوور و ناسنامەدا سەرلەنوێ پێناسە کرد. لێرەدا دەتوانین لە تیۆریی "دەسەڵاتی سیمبولیک"ی پیێر بۆردیۆ کەڵک وەربگرین و بڵێین کە پێشمەرگە بەرهەمهێنەری سەرمایەیەکی سیمبولیکە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانیش هەمان واتای بە خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگە دەبەخشێت کە گەلی کوردستان شانازی پێوە دەکات.

### ئەنجام

پێشمەرگەی کوردستان تەنیا هێزێکی لەشکری نیە؛ چەمکێکی فەلسەفی، ئەخلاقی و سیاسییە. هەڵبژاردنی ئاگایانەی ئازادی و مردن لە ڕێی ئازادیدایە. پارێزەری ناسنامە و کەرامەتی مرۆڤە و بە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ دەسەڵاتە سەرەڕۆکان، ویست و داواخوازیی نەتەوەکان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بەرجەستە دەکات. هەربۆیە "پێشمەرگە" هەرچەندە هێزێکی کوردییە، بەڵام هەڵگری واتایەکی گشتگیری جیهانییە؛ واتایەک کە شانبەشانی هێما نەتەوەیی و مێژووییەکانی دیکەی بەرخۆدان و ئازادی لە هزری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ڕیشەی داکوتاوە.

# ژینگەی کوردستان قوربانی سیاسەتی ئەمنیەتی!

## بەراوردی دوو ڕەفتاری جیاوازی حکوومەت بەرامبەر بە سووتانی دارستانەکان

## (بەراوردی پارێزگاکانی باکووری ئێران – هیرکانی – و پارێزگاکانی ڕۆژئاوای ئێران/کوردستان – زاگرۆس)



ئاگری باڵەکی

**لە دەیەی ڕابردوودا، سووتانی بەرفراوانی دارستانەکان لە ئێران بووەتە قەیرانێکی ژینگەیی مەترسیدار. بەڵام ئەوەی ئەم کێشەیە ئاڵۆزتر دەکات، بریتییە لە نایەکسانی لە ڕادەی کاردانەوە و تەرخانکردنی ئیمکانات لەلایەن حکوومەتەوە لە نێوان ناوچە جیاجیاکاندا. ڕەفتاری حکوومەتی ئێران بەرامبەر بە ئاگرکەوتنەوەکانی دارستان و لێڕەوارەکان، دوو ڕووی تەواو جیاوازی نیشانداوە. ئەم دووفاقییەتییە لە کار و کردەوەدا، تەنها لە پرۆسەی کۆنترۆڵکردنی ئاگردا نییە، بەڵکو لە زۆر بواری دیکەی ژینگەیی، ئابووری و نەتەوەییدا جیاوازییەکی زۆری دروست کردووە. ئەم وتارە هەوڵدەدات ئەم دووفاقییەتییە (دوو ڕەفتاری جیاوازە) شرۆڤە بکات و بناغەیەکی بۆ دابنێت. لێکۆڵینەوەکە بە پشت بەستن بە**

- **ژمارە و ئامارە ڕاستەقینەکان،**
- **ڕاپۆرتە زانستییەکان،**
- **شیکردنەوەی پێکهاتەی سیاسی و بڕیارەکان**

### ١. بەراوردی ژمارەیی: جیاوازی لە قەبارەی زیان و خێرایی کۆنترۆڵکردن

بە تایبەتی، بەراوردکردنی زیانەکانی دارستانەکانی باکوور (گیلان–مازەندەران–گوڵستان) لەگەڵ ناوچە کوردستانیەکانی زاگرۆس (کوردستان، کرماشان، ئیلام)، ئامارێکی شۆکهێنەر دەخاتەڕوو ڕووبەری سووتاو و تێکچووی دارستانەکان (ساڵانی ١٣٩٠–١٤٠٢) بەپێی ڕاپۆرتی فەرمی ڕێکخراوی دارستانەکان و سەرچاوە سروشتییەکانی ئێران

| ناوچە | بڕی دارستانی لەدەستدراو | ڕێژەی ئاگری کۆنترۆڵکراو لە سەرەتادا | ڕێژەی ئاگری کۆنترۆڵنەکراو |
|---|---|---|---|
| زاگرۆس (کوردستان) | نزیکەی ١١٠،٠٠٠هێکتار | ٪٣٠ | نزیکەی ٪٧٠ |
| باکوری ئێران (هیرکانی) | نزیکەی ٥٠،٠٠٠ هێکتار | ٪٨٥ | نزیکەی ٪١٥ |

**دەرەنجامی ژمارەیی:**

ڕادەی زیانی دارستانەکان لە ناوچەی زاگرۆس دوو ئەوەندەی باکووری ئێرانە ئەم جیاوازییە گەورەیە زیانی ١١٠,٠٠٠هێکتار لە بەرامبەر ٥٠,٠٠٠هێکتار، لەگەڵ توندترین جیاوازیدا لە خێرایی کوژاندنەوە (کۆنترۆڵی ٪٧٠ی ئاگرەکان لە زاگرۆس دواخراوە ، بەڵگەی بەهێزن لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەتێکی دووفاقییەتی کە تێیدا ژینگەی کوردستان و زاگرۆس بە ئاشکرا فەرامۆش کراوە

### ٢. قوربانییانی مرۆیی: دووفاقییەتی لە بەهای ژیاندا

جیاوازیی ڕەفتاری حکوومەت لە ناردنی ئامێر و ئیمکاناتدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووەتە هۆی گۆڕانی ژیانی خەڵک بۆ مەترسییەکی گەورە، بە تایبەتی لە ناوچەکانی زاگرۆس بەپێی ڕاپۆرتە فەرمییەکان، ناوخۆیییەکان و میدیاییەکان:

| ناوچە | ژمارەی قوربانییان (لە ١٠ ساڵدا) | پێگەی قوربانییەکان | شیکردنەوەی دۆخەکە |
|---|---|---|---|
| زاگرۆس (کوردستان) | لانیکەم ٢٠تا ٢٣ کەس | خۆبەخشان و چالاکوانانی ژینگەپارێز | خەڵک ناچار بوون بە دەستی بەتاڵ ڕووبەڕووی ئاگر ببنەوە |
| باکوری ئێران (هیرکانی) | کۆی گشتی کەمتر لە ٥کەس | زۆربەیان هێزە فەرمییەکانی ئاگرکوژێنەوە | کاردانەوەی خێرا و بوونی کەرەستەی حکوومەت ڕێگری لە قوربانیی زۆری خەڵک کردووە. |

**هۆکاری جیاوازییەکە :**

جیاوازیی سەرەکیی لە ژمارەی قوربانییەکاندا بەڕوونی ئاماژە بە سیاسەتێکی نادادپەروەرانە دەکات:

- لە باکووری ئێران: ئامێر و کەرەستەی حکوومەتی (وەک هێزەکانی ئاگرکوژێنەوەی فەرمی، یان هێزی ئاسمانی) ئامادەن و کاری سەرەکیی کۆنترۆڵکردن دەگرنە ئەستۆ
- لە کوردستان (زاگرۆس): خەڵک ناچارن خۆیان "بە بێ ئامێر" و بە کەمترین کەرەستەی سادە بچنە ناو ئاگرەکەوە. ئەمەش مەترسیی گیان لەدەستدانی بە شێوەیەکی قووڵ زیاد کردووە

پەیامی لێکۆڵینەوەکە: لە زاگرۆس، ژیانی خۆبەخشان بووەتە باجێک بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕیی پشتگوێخستنی سیاسی و ئیداری حکوومەتی ناوەندی

**قوربانیی دانی لاوانی کوردستان:**

باجێکی گران بۆ ژینگە

ئەو ئامارە دڵتەزێنەی کە ئاماژە بە گیان لەدەستدانی لانیکەم ٢٠ تا ٢٣ کەس لە خۆبەخشان و چالاکوانانی ژینگەپارێزی زاگرۆس دەکات، بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوانی دڵسۆزی ناوچەکە کە ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە

١. ڕۆڵی لاوان و بێبەشبوون لە ئیمکانات

لە ناوچە کوردستانیەکانی زاگرۆس، بە تایبەتی لە پارێزگاکانی مریوان، پاوە، سەوڵاوا (سروآباد)، و ئیلام، بە هۆی پشتگوێخستنی ئاشکرای حکوومەت، خەڵک و بە تایبەت لاوان ناچار بوون لێپرسراوێتیی کوژاندنەوەی ئاگر بگرنە ئەستۆ

- کردەوەی بەپەرۆشانە: زۆربەی ئەم قوربانییانە گەنجانێک بوون کە ئەندامی گرووپە ژینگەپارێزییە خۆبەخشەکانی ناوچەکە بوون (وەک چیا و سەوزیار). ئەوان بە هەستێکی نیشتمانی و ژینگەدۆستانەوە، بەبێ چاوەڕوانیی هیچ هاوکارییەکی حکوومی، بە پەلە دەچوونە ناوچە سەختەکان
- ئامێری سەرەتایی: ئەم لاوانە، لەجیاتی ئەوەی ئامێری پێشکەوتووی تایبەت بە ئاگرکوژێنەوە (وەک جلوبەرگی بەرگری لە گەرمی یان پەمپی ئاوی گەورە) بەکار بهێنن، تەنیا بێڵ، کلکی دار یان پۆشاکی سادەیان بۆ کۆنترۆڵکردنی بڵێسەکان هەبووە

### ٢. بەڵگەنامە خەمناکەکان

لە نێوان ئەو قوربانییانەدا، ناوی لاوانی وەک شەریف باجوەر و ئومێد کۆنەپۆشی (لە کۆمەڵەی ژینگەپارێزیی چیا لە مەریوان) و چەندین کەسی دیکە دەدرەوشێتەوە، کە بە هۆی دواکەوتنی گەیشتنی هێزی ئاسمانی حکوومەت یان کەمیی ئامێر، گیانیان فیدای پاراستنی دار بەڕووەکان کرد

دەرەنجامی قوربانییەکان: گیانلەدەستدانی ئەم لاوانە نەک تەنها زیانێکی مرۆیی گەورەیە، بەڵکو ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر سیاسەتی ناوەند، چونکە نیشانەی ئەوەیە "ئەگەر لە باکوور ژیان و دارستان بە ئیمکاناتی حکوومەت دەپارێزرێت، لە زاگرۆس دارستان تەنیا بە خوێنی لاوان و خۆبەخشەکان دەپارێزرێت.

ئەم ئامارە بەڵگەی بەهێزە لەسەر ئەوەی کە فەرامۆشکردنی ئیداری، بووەتە هۆی قوربانیدانی ژیانی مرۆیی، بە تایبەتی لە چینی چالاکوانی ژینگەیی لە ناوچە کوردستانیەکان

### ٣. هۆکارەکانی پشتگوێخستنی کوردستان: شیکردنەوەی پێکهاتەی سیاسی و ئابووری

کاردانەوەی جیاوازی حکوومەت لە نێوان باکوور و زاگرۆس تەنها کێشەیەکی ئیداری نییە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەیەکی سیاسی و ئەمنیی قووڵی هەیە

– تێڕوانینی ئەمنیەتی

لەلایەن سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندییەوە، کوردستان و ناوچەکانی دیکەی زاگرۆس بە "ناوچەیەکی ئەمنییەتی" (Security Zone) سەیر دەکرێت.

**دەرەنجامی ئەم تێڕوانینە ئەمنییەتییە:**

- کەمتەرخەمی لە چالاکییە مەدەنییەکان: چالاکییەکانی ژینگەپارێزی لە لایەن حکوومەتەوە وەک چالاکییەکی ئەمنیی چاودێری دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سنووردارکردنی کاری ژینگەپارێزی
- دەستگیرکردنی چالاکوانان: زۆرجار چالاکوانانی ژینگەپارێز کە هەوڵ دەدەن کەموکوڕییەکانی حکوومەت لەم بوارەدا بخەنە ڕوو، ڕووبەڕووی دەستگیرکردن و لێپێچینەوەی ئەمنییەتی دەبنەوە
- ڕێگریکردن لە هاوکاریی نێودەوڵەتی: قەدەغەکردنی هاوکاریی ڕێکخراوە خۆبەخشە ناوخۆییەکان (NGO) لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان، ئەمەش بێبەشیان دەکات لە ڕاهێنان و ئامێری پێشکەوتوو
- گواستنەوەی بودجە: بەشێکی زۆری بوودجە کە دەبێت بۆ پەرەپێدانی ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان خەرج بکرێت، دەگوازرێتەوە بۆ کەرتی ئەمنی و سەربازی

دەرەنجامی ئەمنی: کاتێک ئەمنییەت دەبێتە پێشینەی یەکەم (ئەولەوییەت)، ژینگە و پاراستنی دارستانەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بێبایەخ دەبن.

**– پەرەپێدانی نایەکسان و بوودجە (توسعه نامتوازن)**

ئامارە فەرمییەکانی بوودجە، بەڵگەیەکی ژمارەیی ڕوونن لەسەر ئەم نادادپەروەرییە

بوودجەی ڕاگەیەندراوی ژینگەپارێزیی پارێزگاکان (ساڵی ١٤٠٠):

| پارێزگا | ناوچە | بڕی بوودجەی ژینگەپارێزی |
|---|---|---|
| مازەندەران | باکوور (شیمال) | ١٦٠ملیار تمەن |
| گیلان | باکوور (شیمال) | ١٤٠ملیار تمەن |
| کۆی گشتی باکوور | | ٣٠٠ملیار تمەن |
| سنە | زاگرۆس | ٤٠ملیار تمەن |
| ئیلام | زاگرۆس | ٣٥ملیار تمەن |
| کۆی گشتی زاگرۆس | | ٧٥ملیار تمەن |

**دەرەنجامی بوودجە:**

بوودجەی ژینگەپارێزیی باکوور نزیکەی چوار (٤) ئەوەندەی ناوچەکانی کوردستان و ئیلامە لە کاتێکدا کە ناوچەکانی کوردستان و زاگرۆس بە شێوەیەکی مێژوویی نزیکەی ٪٧٠ی ئاوی وڵاتی ئێران دابین دەکەن و سەرچاوەیەکی ژینگەیی و ئاوی زۆر گرنگن، بەڵام کەمترین بوودجە و گرنگییان پێدراوە. ئەمە نیشانەی ڕوونی ئەوەیە کە پێشینەی حکوومەت لەسەر بنەمای پێداویستیی نیشتمانیی وڵات دانەنراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای چاودێریی سیاسی و ئەمنی داندراوە

**دووفاقییەتی لە ڕاگەیاندن و میدیاوە تا هەڵسوکەوت لەگەڵ قوربانییان**

ئەو دووفاقییەتییەی کە لە دابەشکردنی بوودجە و کاردانەوە ئەمنییەکاندا هەبوو، لە بوارەکانی ڕووماڵکردنی میدیایی، بونیادی ژێرخان و ڕێزگرتن لە قوربانییەکانیشدا بە ڕوونی دەردەکەوێت

### ٤. لاوازیی ڕووماڵکردنی میدیایی

ڕۆڵی میدیا لە فشارخستنە سەر حکوومەت بۆ کاردانەوە زۆر گرنگە. لێرەدا میدیا فەرمییەکانیش بەشێکن لەم دووفاقییەتییە

- ئاگرکەوتنەوە لە باکوور: ڕووماڵکردنی کات بە کات و ساتی بە سات لە میدیا فەرمییەکان، کە ئەمەش فشاری سیاسی دروست دەکات بۆ ناردنی ئامێر و سەرنجی بەرپرسان ڕادەکێشێت
- ئاگرکەوتنەوە لە کوردستان: تەنها دەبێتە بەشێکی کورت و سڕکراو (سانسۆرکراو) یان بە دواکەوتنێکی زۆرەوە بڵاودەکرێتەوە

– نەبوونی بنکەی تایبەتی ئاگرکوژێنەوەی ئاسمانی:

بوونی بنکەی هەمیشەیی ئاگرکوژێنەوەی ئاسمانی (هەلیکۆپتەر و فڕۆکە) کلیلی خێرایی کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکانە

- لە تەواوی زاگرۆسدا: تەنها یەک بنکەی نیمچە–چالاک لە شیراز بوونی هەیە، کە مەودایەکی دوورە و ناتوانێت دەستبەجێ بگاتە ناوچەکانی کوردستان، کرماشان و ئیلام
- لە کوردستان: هیچ پایگایەکی هەمیشەیی و ئاسمانیی تایبەت بە ئاگرکوژێنەوە بوونی نییە
- لە باکووری ئێران: بوونی چەندین بنکەی ئاسمانیی چالاک: پایگای نۆوشەهر، پایگای گورگان، پایگای ڕەشت هەروەها، هەندێک کات پایگایەکی کاتیی لە ساری دادەنرێت

- هەڵسوکەوتی دووفاقیانە لەگەڵ چالاکوانانی ژینگەپارێز (برخورد دوگانە

ئەم خاڵە کاریگەرترین بەڵگەیە لەسەر "دادپەروەریی دووفاقیانە"

- لە باکوور: چالاکوانانی ژینگەپارێز بەهۆی هەوڵەکانیانەوە ڕێزیان لێدەگیرێت و هەندێک جار خەڵات دەکرێن
- لە کوردستان: چالاکوانانی ژینگەپارێز، نەک خەڵات ناکرێن بەڵکو تووشی دادگایی و زیندانی دەبنەوە و دەکەونە ژێر فشاری حکومەت هەروەها پاش مردنیشیان لەلایەن حکوومەتەوە پشتگوێ دەخرێن و بە کردەوە نابینرێن دەگیرێن. لە بری ڕێزلێنان، بنەماڵەکانیشیان دەکەونە ژێر فشاری ئەمنییەتیی حکوومەتەوە

دەرەنجام: ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە کێشەکە تەنها کێشەی نەبوونی ئامێر نییە، بەڵکو کێشەی ڕەتکردنەوەی داننانە بە خزمەتگوزاریی و قوربانیی خەڵکی کوردستان

ڕەفتاری دووفاقیانەی حکوومەت: دوو ڕوو لە یەک وڵاتد

دەرەنجامی کۆتایی شیکردنەوەی ئامارەکان و شێوازی کاردانەوە، بە ڕوونی دەریدەخات کە حکوومەتی ئێران لە کاتی قەیرانی ئاگرکەوتنەوەدا دوو چاو و دوو ڕەفتاری تەواو جیاوازی هەیە

**نموونەی ڕاستەقینەی دووفاقیەتیی کاردانەوەی حکوومەت (ساڵی ١٤٠٤)**

بەراوردکردنی ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە لە "ئەلیت"ی باکوور و "ئاویەر"ی سنە، بە شێوەیەکی ڕوون دوو ڕووی جیاوازی سیاسەتی حکوومەت لە یەک کاتدا نیشان دەدات

**نموونەی یەکەم:** ئاگرکەوتنەوەی دارستانی "ئەلیت" لە باکوور (ناوچەی پرستیژ

لە کاتی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی "ئەلیت" لە باکووری وڵات (مازەندەران) لە ساڵی ١٤٠٤، کاردانەوەی حکوومەت خێرا و تیر و تەسەل بوو:

- هێزی ئاسمانی: ٣ هەلیکۆپتەری تایبەت بە کوژاندنەوە و گواستنەوەی هێز دەستبەجێ نێردران.
- پشتیوانیی سەربازی: سپا و ئەرتەش بە ئامێری تەواو و پێویست چوونە ناو مەیدان.
- ڕووماڵکردنی میدیایی: ڕاگەیاندنی نەتەوەیی لە ماوەی ڕۆژەکەدا چەندین ڕاپۆرتی تایبەتی بڵاو کردەوە.
- دەرەنجام: ئاگرەکە لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا بە تەواوی کۆنترۆڵ کرا.

**نموونەی دووەم:** ئاگرکەوتنەوەی "ئاویەر"ی سنە لە کوردستان (ناوچەی ئەمنییەتی)

لە هەمان ساڵدا، لە کاتی ئاگرکەوتنەوە لە چیای "ئاویەر"ی سنە، کە بە سیمبولی شارەکە دادەنرێت، کاردانەوەی حکوومەت بە تەواوی پێچەوانە بوو:

- هێزی ئاسمانی: هیچ هەلیکۆپتەرێک یان فڕۆکەیەکی ئاگرکوژێنەوە نەنێردرا.
- هێزی فەرمی: تەنها نزیکەی ٣٠ کارمەندی سەرچاوە سروشتییەکان لەوێ بوون.
- ڕۆڵی خەڵک: خەڵک بە دەستی بەتاڵ و تەنها بە شاخی دار و کەرەستەی سەرەتایی ڕووبەڕووی ئاگرەکە بوونەوە.
- باجی مرۆیی گران: ٣ چالاکوانی ژینگەپارێزی ناسراوی وەک مورادی، ئەمینی و یوسفنەژاد لەناو ئاگرەکەدا گیانیان لەدەست دا.
- هەڵسوکەوتی سیاسی و ئەمنییەتی:
- هیچ بەرپرسێکی باڵا تەنانەت پەیامی سەرەخۆشیی فەرمیشی نەدا.

**ئەمە ڕوونترین وێنەی دووفاقییەتیی حکوومەتییە:**

لە کاتێکدا ئاگری باکوور بە هەموو هێز و ئامێری دەوڵەت دەکوژێنرێتەوە، ئاگری زاگرۆس بە فیداکاریی تاکەکەسی و خوێنی لاوانی کورد دەکوژێنرێتەوە، لە کاتێکدا حکوومەت تەنها سەیرکەرێکی ساردوسڕە.

لە ساڵانی ڕابردوودا، دارستانەکانی زاگرۆس لە پارێزگا کوردستانیەکان (کوردستان، کرماشان، ئیلام و بەشێک لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا) ساڵانە بوونەتە گۆڕەپانی ئاگرکەوتنەوەی بەرفراوان. لە هەمان کاتدا، دارستانەکانی هیرکانی لە باکوور (گیلان، مازەندەران، گوڵستان) چەندین جار ئاگریان تێ بەربووە. بەڵام شێوازی کاردانەوەی حکوومەت لەم دوو ناوچەیەدا لە ڕووی توندی، ئامێر، ڕووماڵی میدیایی و ڕێزگرتن لە ژیانی خۆبەخشان، وەک یەک نییە.

ڕاپۆرتە هەواڵیی، حقوقیی و زانکۆییەکان لە پێنج تا شەش ساڵی ڕابردوودا، وێنەیەکی ڕوون دەخەنە ڕوو:

- لە زاگرۆس، خۆبەخشانی کورد بە بێ کەرەستەی پێویست دەچنە ناو ئاگر و گیان لەدەست دەدەن.
- لە باکوور، دەوڵەت فڕۆکە، هەلیکۆپتەر و تەنانەت یارمەتیی نێودەوڵەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگر لە دارستانە تۆمارکراوەکانی یونسکۆ بەکار دەهێنێت.

**دەرەنجام:**

لە زاگرۆس و کوردستان، لانیکەم ٢٠ چالاکوانی ژینگەپارێز شەهید و حکوومەت لە تۆمارکردنی ئاماری فەرمی خۆی دەدزێتەوە. خۆبەخشانی کورد بە ئامێری کۆن و دەستی دەچنە شەڕی ئاگر، لە کاتێکدا دەوڵەت لە پشتەوە سەیر دەکات. لە باکوور، بۆ پاراستنی دارستانەکان هەموو جۆرە ئامێرێکی قورس و هاوکاریی دەرەکی تەرخان دەکرێت.

لە باکوور، حکوومەت دارستانەکان بە "سەرمایەی نمادینی و جیهانی" دەبینێت و هەموو ئیمکاناتێکی بۆ تەرخان دەکات؛ بەڵام لە کوردستان، دارستان و خۆبەخشانیش دەکەونە دەرەوەی بازنەی "پێشینە" و لە حاشیەی سیاسەت و ئەمنییەتدا جێگیر دەکرێن.

قەیرانی ئاگرکەوتنەوە لە کوردستان و زاگرۆس لە ڕاستیدا قەیرانێکی ژینگەیی نییە، بەڵکو دەرئەنجامی سیاسەتێکی "دووفاقییەتیی ئیداری و سیاسییە" کە ناوچە کوردستانیەکان لە پێشینەدا دانانێت و وەک ناوچەیەکی پەراوێزخراو و ئەمنییەتی سەیریان دەکات، ئەمەش زیانێکی یەکجار زۆری ژینگەیی و قوربانیی مرۆیی لێکەوتووەتەوە.

# ٢٦ی سەرماوەز؛ ڕۆژی پێشمەرگە

## (خوێندنەوەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ڕەمزێک لە کوردستان )


زانیار حوسێنی

### پانۆرامایەکی گشتگیر بۆ پێشمەرگە

لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا هەندێک ڕۆڵ و ڕووداو و تاک دەبنە توخمەکانی شوناس، کولتوور و سیمبۆلیزمێکی زیاتر لە چوارچێوەی بابەتیی خۆیان. لە فەرهەنگی کوردیدا "پێشمەرگە" یەکێک لەو هێما گرینگانەیە. هەرچەندە لە بنەڕەتدا وشەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، "پێش" و "مەرگ"، بە واتای "کەسێک کە لەبەردەم مەترسیدا وەستاوە"، بەڵام لە زێهنی بەکۆمەڵی گەلی کورددا زیاتر لە پێناسەیەکی وشەیی یان ئەرکێکی سەربازییە و لە ڕاستیدا نوێنەرایەتیی کۆمەڵێک بەها وەک قوربانیدان، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، پاراستنی گەل و پابەندبوون بە بنەما ئەخلاقییەکان دەکا.

### مانای وشەیی و ئیدیۆماتیک

لە زمانی کوردیدا وشەی "پێشمەرگە" جگە لە مانای ڕوونی "پێشمەرگە"، هەڵگری قورسایەتییەکی تایبەتی کولتوورییە. ئەو وشەیە لە وێژەی زارەکیی کوردستاندا، پێش ئەوەی بۆ هێزە ڕێکخراوەکان بەکار بهێنرێت، مانای ئەخلاقی هەبووە: بەو واتایە کە کەسێک پێش هەموو شتێک خۆی بخاتە مەترسییەوە بۆ پاراستنی ئەوانی تر، یان کەسێک کە بەرەو پێشەوە بچێت و ژیانی خۆی بەخت بکا. ئەم چەمکە لە جیهانبینی کۆمەڵایەتی و شاخ (هێمای بەرخۆدان)ی کوردستاندا جێگەیەکی گرنگی هەیە، چونکە لەو پێکهاتانەدا بەهاکانی وەک بوێری، خۆبەخشین و "قوربانیکردن بۆ پێکهاتە" توخمە سەرە کییەکانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی بوون.

### لە سەدەی مۆدێرن دا
### ئا/ گۆڕانی ئەرکەکان لە جیهانی نوێدا

لەگەڵ پەرەسەندنی شارنشینی و پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕی پێکهاتە ئەمنییەتییەکان و گۆڕانی شێوازی ژیان، ڕۆڵی پێشمەرگەش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و لە حاڵەتی دامەزرانی دامودەزگاکانی دەسەڵاتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێشمەرگە جیا لە پرسی پاراستن و بەرگری، ئەرکی دیکەی پەیوەستکراو بە سەقامگیری، بەردەوامی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەش لەخۆ دەگرێ.

### ب– تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ پێشمەرگە لە سەردەمی نوێدا

کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردستان زیاتر لە جاران جەخت لەسەر لایەنی "کۆمەڵایەتی و مرۆیی" ڕۆڵی پێشمەرگە دەکاتەوە؛ ئەم ڕوانگە ڕۆشنبیرییە پێشمەرگەی وەک ڕەمز و هێمایەکی ئەخلاقی دامەزراندووە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی حیزبە سیاسییە کوردییەکان و گەشەی بزووتنەوە شوناسییەکان، چەمکی پێشمەرگە وردە وردە لە ڕۆڵێکی ئەخلاقی و تاکەکەسییەوە بۆ ڕۆڵێکی ڕێکخراو گۆڕا. توێژەران ئەم پرۆسەیە بە جۆرێک لە "دامەزراوەییکردنی کۆمەڵایەتی" چەمکی پێشمەرگە دەزانن. ئەم پەرەسەندنە بە واتای گواستنەوەی ڕۆڵە لە ئاستی "ڕواڵەتی تاک–ئەخلاقی" بۆ "ڕۆڵێکی بەکۆمەڵ–ڕێکخراو".

لە نیوەڕاستی سەدەی بیستەمدا زنجیرەیەک پێشهاتی سیاسی، ئەمنی و کۆمەڵایەتی بووە هۆی ئەوەی پێشمەرگە وەک هێزی بەرگریی جەماوەری ڕۆڵێکی بەرچاوتر لە کۆمەڵگەدا ببینێ.

هەڵبژاردنی ڕۆژێکی ڕۆژمێری بۆ پێشمەرگە لە پرۆسەی بەفەرمیکردنی شوناس سەری هەڵدا. کۆمەڵناسەکان ئەم پرۆسەیە بە جۆرێک لە "ڕێکخستنی یادەوەری" دەزانن؛ واتە کۆمەڵگەکان هەندێک هێما لە شێوەی ڕێوڕەسم و بۆنەدا بۆ چەمکسازی ناسنامەی بەکۆمەڵ دادەمەزرێنن.

ئەم ڕۆژە وردە وردە بووەتە بەشێک لە گێڕانەوەی گشتی لە کوردستان سەبارەت بە قوربانیدان، بەرپرسیارێتی و بەردەوامیی کۆمەڵایەتی. بەرزنرخاندنی ئەو ڕۆژە بەشێوەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسم، یادکردنەوە و بۆنە ڕەمزییەکان، لێکەوتەی گرینگی شوناسی وکۆمەڵایەتی هەیە.

بەو پێیەی کە بەشێکی زۆری پێشمەرگە لە هەناوی کۆمەڵگە وەرگیراون، پەیوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان خەڵک و ئەو پێکهاتەیە دەقی گرتوە. ئەم پەیوەندییە بووەتە هۆی ئەوەی کە چەمکی پێشمەرگە لە عەقڵی گشتیدا نەک وەک هێزێکی جیا، بەڵکوو وەک بەشێک لە پەیکەری کۆمەڵایەتی هەست پێ بکرێ.

پێشمەرگە جگە لە ڕۆڵی ئەمنییەتی–سەربازی خۆی لە زۆر قۆناغدا، ئەرکی وەک

- یارمەتیدانی گوندنشینان
- فریاکەوتن لە قەیرانەکاندا
- پاراستنی ڕێگاکان
- بەشداریکردن لە نەزمی کۆمەڵایەتیدا

لە ئەستۆ بووە، بۆیە بەشێکی سەرەکی لە ناسنامە و شوناسیان "مەدەنی–کۆمەڵایەتی"یە

### پێشمەرگە لە وێژە و کولتووردا

لە گێڕانەوەی زارەکی، کۆپلێت و چیرۆکە حەماسی و ناخهەژێنە نەتەوەییەکانی کورددا، پێشمەرگە زۆرجار سیمبولی مرۆڤایەتی و قوربانیدانە. ئەم بوونە کولتوورییە، ڕێگەی بە مانەوەی ڕۆڵی پێشمەرگە لە عەقڵی گشتیدا داوە. لە وێژە، مۆسیقا و فۆلکلۆری کوردیدا پێشمەرگە هێمای بەرخۆدانی مرۆڤە و تەنیا ڕۆڵێکی سەربازی نییە. لە زۆرێک لە شیعر و گێڕانەوەکاندا پێشمەرگە وەک کارەکتەرێک دەناسێنرێ کە ئەرکی سەرەکی بەرگریکردنە لە گەل و بەها ئینسانییەکان. بە تێپەڕبوونی کات ئەم وێنەیە بەردەوامیی ڕەمزی چەمکی پێشمەرگەی بەهێزتر کردووە؛ تەنانەت لە هەندێک بەرهەمی سینەمایی و هونەریشدا وێنەی پێشمەرگە خراوەتە ژێر پرسیارەوە و ڕەهەندە مرۆیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ڕۆڵە تاوتوێ کراوە.

### ئاوڕدانەوەیەک لە پێناسەی گشتی پێشمەرگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا هێزێکی چەکداری سیاسی نییە، بەڵکوو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی–فەرهەنگی و ئەخلاقییە کە زیاتر لە حەوت دەیە لە پێشهاتە مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەدا چەندین ڕۆڵی هەبووە. لە ڕوانگەی مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵناسیەوە، پێشمەرگەی کوردستان بەرهەمی تۆڕی خزمایەتی و پێکهاتەکانی شار–گوند و بەستێنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و پرۆسەکانی بەرخۆدان لە بەرامبەر بە ناوەندگەراییی ڕێژیمی ناوەندی بووە. داتا مێژووییەکان لە ساڵی ١٩٤٥ تا دەیەکانی دوایی (١٩٤٥: دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ ١٩٧٩–١٩٨٩: شۆڕشی ١٩٧٩ و شەڕ لە کوردستان؛ دەیەی ٢٠٠٠: چەسپاندنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و کولتووری پێشمەرگە) نیشان دەدەن کە پێشمەرگە بۆتە دامەزراوەیەکی بەردەوامی خۆڕاگری و بەرهەمهێنانەوەی شوناسی بەکۆمەڵ لە شار و گوندی ناوچەکانی کوردستان لە پەیوەندییان لەگەڵ خەڵک، پاراستنی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، و دروستکردنی سەرمایەی کۆمەڵایەتی.

٢٦ی سەرماوەز وەک "ڕۆژی پێشمەرگە" هێمای ئەم پێگە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە کە زامنی بەرهەمهێنانەوەی ئەخلاق، شوناس و یادەوەری بەکۆمەڵی کورد لە کوردستانی ئێران دەکا. لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە کوردەوە، زۆرجار پێشمەرگە وەک هێزێکی چەکدار و سیاسی شی دەکرێتەوە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و کولتووری ئەوان پشتگوێ دەخرێ. ئەم ڕوانگەیە بووەتە هۆی کەم سەیرکردنی پێگەی ڕاستەقینەی پێشمەرگە لە یادەوەریی بەکۆمەڵ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. پێشمەرگە بە پێچەوانەی نموونە بیانییەکانەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی خۆیدا، بە تۆڕی بەکۆمەڵ و هەمیشەییەکان کاریان کردووە.

شیکاری مێژوویی و کۆمەڵناسیی پێشمەرگە دوو بایەخی هەیە:

یەکەم: تێگەیشتن لە ڕەگ و ڕیشەی بەرخۆدانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێکهاتنی دامەزراوەی بەردەوام لەو ناوچانە.

دووەم: ڕوونکردنەوەی گرینگی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕەمزێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی شوناس و ئەخلاقیی بەکۆمەڵ کە ڕۆڵێکی گرینگی بۆنەیی و کولتووری لە کۆمەڵگەدا هەیە.

ئەم دوو گرنگییە هاوتەریبە لەگەڵ ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی پێگەی پێشمەرگە

وەڵام: پەیوەندی ئۆرگانیک بە کۆمەڵگەوە: پێشمەرگە هەر لە هەناوی ناوچە، بنەماڵە و تۆڕی خێزانی و کۆمەڵایەتیی کوردستان سەری هەڵداوە.

ب– دووانەی ڕۆڵ: پێشمەرگە لە سەرەتای بوونییەوە وەک دووانەی سەربازی–کۆمەڵایەتی دەرکەوتووە؛ ئەم تێڕوانینە فرەلایەنە، دەرخەری ئەرک و بەرپرسیارێتی زیاترە.

ج– دامەزراوەی ئەخلاقی: پێشمەرگە هەڵگری بەها ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەیە و شەرعیەتی خۆی نەک هەر لە یاسا یان ئایدۆلۆژیا، بەڵکوو لە متمانە و پشتیوانی خەڵکەوە وەردەگرێ؛ سەرچاوەی سەرەکی و بنەڕەتی هێزێکی لەو جۆرە بنکەی کۆمەڵایەتی و جەماوەرییە.

### پێشمەرگە لە یادی بەکۆمەڵدا

یادەوەریی بەکۆمەڵ تەنیا تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان نییە، بەڵکوو بەرهەمهێنانەوەی مانا و ناسنامەی بەکۆمەڵیشە. پێشمەرگە وەک هێمایەکی ئەخلاقی و خۆڕاگری، بە بەشێک لە یادەوەریی بەکۆمەڵی کورد دادەنرێ و ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕێوڕەسمێکی ساڵانە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو یادەوەرییە دەبینرێ.

### شیکاریی ڕەمزیی ٢٦ی سەرماوەز

ئا. ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕێوڕەسمێکی بنیاتنەری ناسنامە/ بە پێی تیۆری هالبواچ، کۆمەڵگەکان لە ڕێگەی ڕێوڕەسم و بۆنەکانەوە شوناسی خۆیان دادەمەزرێنن و ٢٦ی سەرماوەز لە نێو نەتەوەی کورددا یەکێکە لەو ڕێوڕەسمانە.

ب. یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی/ ئەم بۆنەیە بە دروستکردنی هەستێکی هاوبەش، یارمەتیدەر بووە بۆ بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتە، چوارچێوە و چینە جیاوازەکانی کوردستاندا.

ج. وەبیرهێنەرەوەی بەها ئەخلاقییەکان/ ٢٦ی سەرماوەز دەرفەتێکە بۆ بیرکردنەوە لە پرسەکانی وەک: بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، قوربانیدان، پاراستنی مرۆڤەکان، ئەخلاقی بەکۆمەڵ و بەرخۆدان و پارێزەریی لە شکۆ و کەرامەت.

# چاوێک لە ئاسمان و چاوێک لەسەر شەقام، کۆماری سەرلێشێواویی ئیسلامی!

لێدوانەکانی ئەم دواییەی چەند بەرپرسێکی باڵای کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە جێبەجێکردنی یاسای بەناو حیجاب، ئاماژەن بۆ قووڵایی کەلێنی نێوان سەرکردەکانی ڕێژیم سەبارەت بە شێوازی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵک!

پرۆژەیاسای پاڵپشتیکردنی بنەماڵە لە ڕێگەی پێشخستنی کولتووری پاکیزەیی و حیجاب کە بەکورتی بەناوی "یاسای حیجاب" لە کۆمەڵگەدا باسی لێ دەکرێت، کۆمەڵێک یاسای پاشکەوتوو و وشک و کۆنەپەرستانەن کە لە سەرەتادا لەلایەن دەزگای بەناو دادوەریی ڕێژیمەوە ئامادە کران، یاسا و ڕێسای تایبەت بە مەرجی داپۆشینی ڕووخساری ژنان لە شوێنە گشتییەکان و ئەرکەکانی دامەزراوەکان (وەک دامەزراوەی پەروەردەیی، ڕاگەیاندن، شارەوانییەکان و جێبەجێکردنی یاسا) دەخاتە ڕوو بۆ دەزگاکان، هەروەها میکانیزمی سزادان و بانگەشەکردن بۆ "بەرەوپێشبردنی کولتووری پاکیزەیی"! بەڵگەنامەکە تێکەڵەیەک لە ڕێوشوێنی بانگەشەکردن (پەروەردە، زانیاری، هاندان) و تایبەتمەندییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ/سزادان (غەرامەکردن، ڕێنماییکردن و هاوشێوەکانی) لەخۆ دەگرێت. هەروەها دەقەکە "ماوەی تاقیکردنەوە"ی سێ ساڵەی تێدایە. ئێستا و زۆر دوای پەسەندکردنی ئەم یاسایە لە پەرلەمانی ڕێژیم، جێبەجێکردنی بووەتە تەحەدایەکی گەورە بۆ سەرکردایەتیی کۆماری ئیسلامی. بێگومان ئەم تەحەدایە نە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕێزگرتن لە مافە مەدەنییەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە نە گوزارشت لە نیگەرانییەکانی هەندێک لایەنی ناو ڕێژیمە سەبارەت بە فشاری زیاتر لەسەر ژنان وەک بەشی ژێردەستی کۆمەڵگە.

لە ڕاستیدا تاکە جیاوازیی نێوان هەردوو باڵی نێو ڕێژیم سەبارەت بە جێبەجێکردن یان نەکردنی ئەم یاسایە ترسی کاردانەوەی ئەگەریی خەڵکە! لایەنی بەناو ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم کە ئێستا دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، بەهیچ شێوەیەک نایەوێت خۆی بخاتە بەردەم خەڵک، یان باشتر بڵێین وەک هەمیشە دەیەوێت ڕۆڵی ڕێوییەکی هاوسۆز ببینێت و وا خۆی نیشان بدات کە ئەم یاسایە لەلایەن باڵی ڕکابەرەوە پەسەند کراوە و ئەوان ئێستا پێشیان گرتووە! لە لایەکی دیکەوە، باڵی بناژۆخوازی ڕێژیم، ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی نە تەنیا پێ خراپ نیە، بەڵکوو بۆ کات و ساتی ئێستا و لە ڕاستیدا بۆ فشارخستنە سەر ڕکابەرەکەی وەک دەرفەتێکی زێڕین سەیری دەکات.

هەروەک باس کرا، هەرچەند ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە پەیوەندیی بە خەڵکەوە نیە و گەمەی هەمیشەیی دوو باڵی دەسەڵاتداری نێو کۆماری ئیسلامییە، بەڵام چاوخشاندنێک لە ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو لە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی ناڕازی و ڕێژیم وای کردوە کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەگەری نیگەران بن! دووپاتە هاتنەوەی خەڵک بۆ سەر شەقامەکان دەتوانێ کابووسێکی ترسناک بێت بۆ ڕێژیمی ویلایەتی فەقێ. بەدڵنیاییەوە گرنگترین هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەم یاسایە تا ئێستا هەر ئەم ترسەیە. واقیعەکە ئەوەیە کە ڕووداوەکانی پەیوەست بە شۆڕشی ژینا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی گەیاندووەتە ئەم قەناعەتە کە باشترە شایەتحاڵی هیچ گردبوونەوەیەک نەبێت، تەنانەت ئەگەر گردبوونەوەیەکی سیاسیش نەبێت! هەڵوەشاندنەوەی چەند کۆنسێرتێکی مۆسیقا کە بەڕێکەوت لەلایەن خودی ڕێژیمەوە پلانی بۆ دانرابوو، دەتوانرێت لەم چوارچێوەیەدا هەڵسەنگێندرێت. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران بێزار لە چەقبەستوویی و ڕاوەستان بەرەو پێشەوە دەڕوات و گەیشتووەتە ڕادەیەک لە تێگەیشتن و بەئاگا بوون کە دەتوانێت لە هەر دەرفەتێک، تەنانەت ئەگەر زۆر بچووکیش بێت، بۆ نیشاندانی ناڕەزایەتیی خۆی و بەرپەرچدانەوەی دەسەڵات کەڵک وەربگرێت، ئەمەش شتێکە کە دەسەڵاتدارانی تاران نە دەتوانن پێشی بگرن و نە دەتوانن چیتر بەرانبەری ڕاوەستن!

بەڵام ئەمە تەنیا بەشێکە لە کێشەکانی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامی. سەرلێشێواوییەکی دیکە بۆ سەرکردەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقێ چۆنیەتیی مامەڵەکردنە لەگەڵ هەڕەشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا. ستراتیژیی "نە شەڕ، نە ئاشتی" لەمێژە کاریگەری و کارامەیی خۆی لە ساحەی سیاسی لەدەست داوە. لە ڕاستیدا هێرشی ئیسرائیل و شەڕی دوانزە ڕۆژە کۆتاییهێنەری ساڵانێک کات کڕین و ناڕوونیی سیاسی لە سیاسەتی ڕێژیم لەبەرانبەر قەیرانی نێوان کۆماری ئیسلامی و ڕۆژئاوا بوو. دۆناڵد ترامپ، کە لە دەستپێکی خولی دووەمی سەرۆککۆماریی خۆی نیشانی دا کە چاوەڕێی وڵامێکی دیار و ڕوون لە دەسەڵاتدارانی تارانە و چیتر تەحەمولی دانوستانە درێژخایەن و بەبێ ئەنجامەکان ناکات. هاوکاری لەگەڵ ئیسرائیل و بۆردومانی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ڕێژیم خاڵی وەرچەرخانی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە بوو. ئیسرائیل بەرەنگاربوونەوەی دزە و کاریگەریی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا کە بە کوشتن و لەناوبردنی سەرکردەکانی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک حەماس و حیزبوڵڵا و لەنێوبردنی توانا سەربازییەکانیان دەستی پێ کرد، دواتر بە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر کۆماری ئیسلامی تا ڕادەیەکی زۆر توانی سەرکەوتوو بێت و بە ئامانجەکانی بگات. ئەم پلانە بەشێکی گەورەی توانایی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەکە لەناو برد. لە ڕاستیدا کۆتاییهاتنی شەڕی دوانزدە ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل سەرەتای سەردەمێکی نوێی سەرلێشێواوی بوو بۆ ڕێژیمی ویلایەتی فەقێ

کۆماری ئیسلامی دڵنیایە درەنگ یان زوو جارێکی تر ئیسرائیل هێرش دەکاتەوە! هەڕەشەکانی بەردەوامی ئیسرائیل لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و دوایین هەڵوێستی دۆناڵد ترامپ سەبارەت بە ئامادەیی ئەمریکا بۆ هێرشکردنە سەر ڕێژیم ئەگەر کۆماری ئیسلامی مەرجەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی قبووڵ نەکات، ڕێژیمی خستووەتە دۆخێکی تەواو نالەبارەوە. کۆماری ئیسلامی بە نائومێدییەوە هەوڵی بنیاتنانەوەی توانای سەربازی و مووشەکیی خۆی دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیەوێت خۆی لە دەستی هێرشی ئیسرائیل و ئەمریکا دوور بخاتەوە، کە ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ئەم دواییەی ناوچەکە زۆر مەحاڵە. گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە لووتکەدان و ئەگەری هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک هەیە. لە ساحەی جیهانیشدا شەڕی نێوان ڕووسیە و ئۆکراین وای کردوە کە تەرکیز لە شوێنێکی دیکەدا بێت و ڕووداوەکانی وەک شەڕی دوانزدە


ڕەزا دانشجوو

ڕۆژە بێ بایەخ هەژمار بکرێن. بارودۆخی نالەباری ئابووریی نێوخۆ و ناڕەزایەتیی بەربڵاوی خەڵک ئەگەری هەر بڕیارێکی بێ هەڵە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە بۆ سفر کەم دەکاتەوە. کۆماری ئیسلامی نە توانای ڕاوەستان لە بەرانبەر ئیرادەی گەل و ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی ناڕازیی ئێرانی هەیە و نە توانای ڕووبەڕووبوونەوە و بەربەرەکانی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی باش دەزانێت لە ئێستادا بەشێکی هەرەزۆری خەڵک نەتەنیا پشتیوانی لێ ناکات، بەڵکوو بە خوێنی سەری تینووە، بۆیە هەوڵ دەدات لانیکەم ئەم کەمینە باوەڕمەندە بە ئایدیۆلۆژیای کۆنەپەرستانەی ڕێژیم ڕازی بکات و لای خۆی بهێڵێتەوە. دۆخێکی زۆر ئاڵۆز و چاوەڕواننەکراوە!

کوویەباروتێک چاوەڕێی پریشکێک و تەقینەوەیەکی گەورە! بچووکترین حیساباتی هەڵە کۆتاییی ژیانی کۆماری ئیسلامی و مردنی ڕێژیمی ویلایەتی فەقییە! چاوێک لە ئاسمان و چاوێک لەسەر شەقام! کامیان زووتر دێن؟ فڕۆکەکانی ئیسرائیل یان شۆڕشگێڕانی ناڕازی؟ کێ دوایین لاپەڕەی ژیانی سەراسەر شەرمەزاریی کۆماری ئیسلامی دەنووسێت؟

# ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە
# خەباتێک بۆ کەرامەت و ناسنامەی نەتەوەیی






حەسەن قارەمانی

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بۆ کورد تەنیا ڕۆژێک نیە لە ڕۆژژمێردا؛ یادەوەرییەکی ڕەگداکوتاوی قووڵە، هێمای بوێری و پاراستنی ناسنامە و خەباتێکی بێوەستانە بۆ ئازادی. ئەم ڕۆژە نوێنەرایەتیی وەرچەرخانێک دەکات لە مێژووی کوردستاندا، کە خەونی نەتەوەیەکی سەربەخۆ دەستی پێ کرد. ئەم ڕۆژە تەنیا یادکردنەوەی ڕووداوێکی دیاریکراو نیە، بەڵکوو گوزارشتە لە مانەوەی گەلی کورد و بەرگریکردنیان لە فەرهەنگ و ناسنامە و هەوڵدانیان بۆ داهاتوویەکی ئازاد و سەربەخۆ.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز لە ناوەندی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد و هیوای بەدەستهێنانی سەروەریدا جێ دەگرێت. ڕۆژەکە پەیوەندییەکی نزیکی بە پێشمەرگەوە هەیە، ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی، کە هێمای ئیرادەی نەتەوەی کوردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەم و خەبات بۆ مافەکانی کورد. پێشمەرگە تەنیا خەباتکار نەبووە، بەڵکوو پەروەردەکار و ڕۆشنبیر و پارێزەری ڕۆشنبیری بووە. لە ڕێگەی کردار و قوربانیدانەوە نیشانی داوە کە ناسنامەی کورد شتێکە کە سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان، ناتوانرێت بسڕدرێتەوە. لە دیمەنی سیاسیی جیهانی ئەمڕۆدا کە هێشتا پرسی کورد چارەسەر نەکراوە، لە هەموو کاتێک گرنگترە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەردەوام بێت لەپێناو زیندوو هێشتنەوەی نەریتی خۆی و بنیاتنانی داهاتوویەک بۆ کورد لە سێ ڕوانگەی جیاوازەوە ڕۆڵی پێشمەرگە لە خەباتی کورددا بەهای تایبەتی هەیە: چوارچێوەی مێژوویی و سیاسی – پێشمەرگە وەک ڕەمزێکی دەروونی و کولتووری – گرنگیی پێشمەرگە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کورد ئەم لایەنانە، ڕۆشنایی دەخەنە سەر ئەوەی کە بۆچی پێشمەرگە تەنیا هێزێکی سەربازی نیە، بەڵکوو پایەیەکی وجوودییە کە پێناسەی ناسنامەی کوردی دەکات.

## چوارچێوەی مێژوویی و سیاسی:

بۆ تێگەیشتن لە گرنگیی قووڵ و هەمیشەیی ٢٦ی سەرماوەز بۆ کورد، پێویستە ئەو زەمینە مێژوویی و سیاسییە لەبەرچاو بگرین کە بووە هۆی دروستبوونی پێشمەرگە و ئەو تاقیکردنەوە و تەنگانە زۆرانەی کە گەلی کورد لە خەباتی بۆ ئازادی و شوناسدا بەرگەی گرتووە. پێشمەرگە تەنیا هێزێکی سەربازی نیە؛ بە قووڵی ڕەگی لە مێژووی ناسیۆنالیزمی کورد و خەباتی درێژخایەن بۆ سەربەخۆیی داکوتاوە. پێشمەرگە وەک هێزێکی خۆڕاگریی ڕێکخراو لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، لە سەردەمێکدا کە کورد لە چەند وڵاتێکدا ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی دەوڵەت و ئینکاریی کولتووری و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی بووەوە. لە کەشوهەوایەکی سیاسیدا کە بەردەوام مافەکانیان پێشێل دەکرا، پێشمەرگە بوو بە وڵامێک بۆ پێویستیی بەرگریکردن لە مانەوەی فیزیکی و کولتووریی کورد، کە بۆ چەندین سەدە بەرەنگاری هەردوو چەوساندنەوەی دەرەکی و نێوخۆیی بوون لەو دەوڵەتانەی تێیدا دەژیان: ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە. یەکەمین دەرکەوتەکانی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە بۆ کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦، سەردەمێکی کورتخایەن، بەڵام چارەنووسساز کە تەنیا یەک ساڵی خایاند. سەرەڕای کورتبوونی ئەم کۆمارە کە خەونی چارەنووسی کوردی بەرجەستە کرد، ئەم چرکەساتە خاڵێکی وەرچەرخانی لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی مۆدێڕنی کورددا پێکهێنا. بەم شێوەیە کۆماری کوردستان و پێشمەرگە نەک تەنیا هێزێکی سەربازی، بەڵکوو هێمای گەلێکن کە ئامادە نەبوون دەستبەرداری مافەکانی خۆیان و ناسنامەی خۆیان ببن. هەرچەندە کۆماری کوردستان دوای ساڵێک ڕووخا، بەڵام ئەم ئەزموونە سەرەتای سەفەرێکی دووروودرێژ و دژوار بوو بۆ ڕزگاریخوازانی نەتەوەی کورد. خەونی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ بوو بە هەوێنی بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی کورد و ئەم بزووتنەوەیە تا ئەمڕۆش لە خەبات بۆ نیشتمانەکەی خۆی و شوناسی نەتەوەییدا بەردەوامە.

پێشمەرگە لەو کاتەوە تا ئێستاش هێمایەکی گرنگی خۆڕاگری و ئیرادەی کورد بۆ خەباتکردن بۆ چارەنووسی خۆی بووە. پێشمەرگە هەرگیز گرنگیی خۆی لەدەست نەداوە. بەدرێژایی ساڵان لە هێزێکی خۆڕاگریی نێوخۆییەوە بۆ دامەزراوەیەکی ناوەندی لە خەباتی ئازادیخوازی کورددا گەشەی کرد، بەتایبەتی کە کورد مافی سیاسی و کولتووریی خۆی لە نیشتمانەکەی خۆیدا لەدەست داوە. لەم چوارچێوەیەدا پێشمەرگە نوێنەرایەتیی زیاتر لە تەنیا هێزێکی چەکدار دەکات؛ ئەوان هێمای زیندووی گەلێکن کە ڕەتی دەکەنەوە لەنێو ببرێن. ئەوان دەرکەوتی فیزیکی و ڕۆحیی خواستی کوردن بۆ وەستانەوە بۆ مافەکانی، بەرگریکردن لە مافی بوونی خۆی و، دەستبەردارنەبوون لە خەونی داهاتوویەکی تایبەت بە خۆی. خەبات بۆ ئازادیی کورد کە پێشمەرگە بەشێکی جەوهەرییە، زیاتر لە داخوازییەکی سیاسی، ئاواتێکی درێژخایەن و قووڵە بۆ کورد، دوای چەندین سەدە لە چەوساندنەوە، بتوانێت بە زمانی خۆی قسە بکات و شانازی بە کولتوورەکەیەوە بکات و چارەنووسی خۆی دیاری بکات. پێشمەرگە هێمای ئەم خواستە ماندوونەناسانەیە بووە.

## پێشمەرگە وەک ڕەمزێکی دەروونی و کولتووری:

پێشمەرگە لە ڕوانگەی دەروونییەوە زۆر زیاترە لە تەنیا سەرباز لە بەرەکانی شەڕدا. نوێنەرایەتیی ڕۆحیی کەرامەتی گەلی کورد دەکات و کردار و بوێریی پێشمەرگە سەرچاوەی هیوا و ناسنامەیە بۆ کورد لە سەرانسەری جیهاندا. بۆ کورد پێشمەرگە تەنیا جەنگاوەر نیە؛ ئەو قارەمانە و هێمای خۆڕاگری و پارێزەری مانەوەی نەتەوەی کوردە. پێشمەرگە وەک سەرچاوەیەکی دەروونی خزمەت دەکات، بەتایبەتی لە تاریکترین کاتەکاندا شەهیدبوونی لە بەرەکانی شەڕدا نەک تەنیا کۆتاییەکی تراژیدی، بەڵکوو کردەوەیەکی قارەمانانەیە کە هەستی یەکگرتوویی نەتەوەیی کورد بەهێزتر دەکات. ئەم بەها دەروونی و ڕەمزییە بە ئەدەبیات و مۆسیقای کوردی و ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی بەکۆمەڵ، کە تێیدا بەردەوام کارە قارەمانەکان و شەهیدبوونی پێشمەرگە دەگێڕدرێتەوە، بەهێزتر دەبێت. لەم چیرۆکە فیداکاری و قارەمانێتی و سەرکەوتنانەدا ناسنامەی میللەت ژیانێکی نوێی پێ دەبەخشرێت و بەردەوامی لە سەرانسەری نەوەکاندا مسۆگەر دەکرێت.


## گرنگیی پێشمەرگە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کورد

بۆ کورد، چیرۆکی شەهیدبوونی پێشمەرگە تەنیا ڕووداوی دڵتەزێن نیە، بەڵکوو هێمایەکی گرنگە بۆ مانەوەی نەتەوەیەک. لە کۆمەڵگەی کوردیدا مردن، بەتایبەت مردنی قارەمانانە، گرنگییەکی تایبەتی کولتووری و بوونگەرایی وەردەگرێت. لە کوردستاندا شەهیدبوونی پێشمەرگە بەشێکی بنەڕەتی ئەم یادەوەرییە بەکۆمەڵەیە. مردنی قارەمانانە لێرەدا وەک بەڵگەیەک لەسەر توانای مانەوەی گەلی کورد، سەرەڕای هەموو ستەم و بەربەستەکان دادەنرێت. هەر جارێک پێشمەرگەیەک لەپێناو نەتەوەدا بمرێت، تەمەنی کوردستانیش درێژ دەکاتەوە. ئەم پەیوەندییەی نێوان مردن و مانەوە بەشێکی گرنگی دیمەنی دەروونی و هەستی نەتەوەیی کوردە. یەکێک لە لایەنە بەهێزەکانی پێشمەرگە وەک ڕەمز، توانای بەزاندنی سنووورە جوگرافی و سیاسییەکان و یەکگرتنە لەژێر شوناسێکی هاوبەشدا. هەرچەندە کورد لەنێوان چوار دەوڵەتدا دابەش بووە، بەڵام پێشمەرگە وەک سیمبولی یەکڕیزیی نەتەوەیی دەبینرێت. ئەم سیمبولە ئەو هەستە بەهێزتر دەکات کە کورد لە هەر کوێیەکدا بژی، نەتەوەیەکی یەکگرتوویە و خاوەنی مێژوویەکی هاوبەش و ئامانجێکی هاوبەش، ئازادی و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیەتی. ئەم هێمایە بە زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکانی پێشمەرگە و شەهیدبوونیان، هاودەنگی و خۆڕاگریی کورد بەهێزتر دەکات.

## پێشمەرگە وەک هێمایەکی زیندوو بۆ ناسنامەی نەتەوەیی:

پێشمەرگە هێمایەکی زیندوو بۆ ناسنامەی نەتەوەیی کورد و مانەوەی کولتووری و خەباتی وجوودیانەیە بۆ ئازادی. لە ڕێگەی قوربانیدان و خۆبەخشیی خۆیانەوە، پێکهاتەیەکی یادەوەریی بەکۆمەڵیان دروست کردوە کە نەوەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، پێکهاتەیەک کە هەستی یەکیەتیی نەتەوەیی و سەربەخۆییان لە گەلێکدا بەهێزتر کردوە. لە جیهانێکدا کە کورد لەنێوان چوار دەوڵەتی جیاوازدا دابەش بووە – ئێران، عێراق، سووریە، تورکیە – پێشمەرگە وەک پردێک لەنێوان سنوورە جوگرافی و سیاسییەکان مامەڵە دەکات، وەک سیمبولێکی خۆڕاگری و یەکگرتوویی کورد. پێشمەرگە بە یەکخستنی کورد لە سنوور و هێڵە نەتەوەییەکان، بووەتە یەکێک لە بەهێزترین هێماکانی هاودەنگیی کورد. دەکرێت پێشمەرگە وەک دوو قەوارە سەیر بکرێت: لە لایەکەوە هێزێکی سەربازییە، دەرکەوتنێکی ژیانەکییە، پێویستیی گەلێکە بۆ بەرگری و ئاسایشی فیزیکی، لە لایەکی ترەوە نوێنەرایەتیی بەرجەستەکردنی دەروونی و کولتووریی ناسنامەی نەتەوەیی و هیوا و مانەوەی کورد دەکات. هەر لە ڕێگەی ئەم یەکیەتییە ماددی و ڕەمزییەوەیە کە پێشمەرگە دەبێتە شتێک زیاتر لە سپایەکی ئاسایی. بۆیە ناکرێت پێشمەرگە لە پێکهاتەیەکی سەربازیدا کورت بکرێتەوە. گرنگیی وجوودیی پێشمەرگە ئەو بەرگرییە فیزیکییە تێدەپەڕێنێت کە پێشکەشی دەکەن. ئەوان هێمایەکی زیندوو بۆ بەرخۆدان و گەرەنتیی بەردەوامیی بوونی نەتەوەن. قوربانیدانەکانیان زۆرجار بە مانای بەخشینی گیانیان لەپێناو نەتەوەکەیاندایە. لە ڕێگەی ئەم قوربانیدانانە و بە گواستنەوەی چیرۆکی قارەمانێتی و شەهیدبوونیان، هەستێکی بەهێزی نەتەوەیی و بەردەوامییەکی بەهێز بۆ نەوەکان دەپارێزرێت. لە جیهانێکدا کە کورد هێشتا خاوەنی دەوڵەتی خۆی نیە، پێشمەرگە بووەتە ئامادەترین و بەهێزترین هێمای کورد. ئەوان نەک تەنیا پاراستنی جەستەیی، بەڵکوو بناغەی سۆزداری و دەروونیی بوون و مانەوەی کورد نوێنەرایەتی دەکەن. ڕۆڵی مێژوویی و سایکۆلۆژییان ئەوە دەردەخات کە شوناسی نەتەوەیی تەنیا لە ڕێگەی دامودەزگا و سنووورە سیاسییەکانەوە بنیات نانرێت. خەباتی کورد لە ڕێگەی هەر نەوەیەکەوە دەژی کە ئاڵای بەرز ڕاگرتووە و بەردەوامە لە وەستانەوە بۆ مافەکانی. ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژێکە کە هیوای لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، وەبیرهێنانەوەیەکە کە کەس ناتوانێت نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کورد بکات، کورد بەردەوام دەبێت لە خەبات بۆ ئازادی و مافەکانی. بوونی پێشمەرگە وای کردوە جیهان گەلێک بناسێت کە ڕەتی دەکاتەوە بێدەنگ بکرێت، گەلێک کە ئازایەتییەکەی ناوێکی هەڵگرتووە وەک "پێشمەرگە" کە هەڵگری خەونی نەتەوەیەکە کە داواکاریی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و ئاشتییە.

***



دەبێ تۆماری کەم خەنجەر، دەبێ بیهۆنمەوە زامم

لە ڕۆژنامەی سبەینێدا من ئەو مێژووە بریندارەم

شەهید عەبدولڕەحمان ڕەزایی



براییم چووکەڵی

شک لەوەدا نیە هەر کاتێک باس لە بزووتنەوەی کوردستان یان خەباتی خەڵکی کوردستان بێتە گۆڕێ، ناوی پێشمەرگەش وەک ڕۆڵە فیداکارەکانی گەلەکەمان کە لەو خەباتەدا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەیە، دێتە گۆڕێ. کەم کەس هەیە نەزانێ خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان لە ڕەوتی بەرەوپێشبردن و گەشەداربوونی خۆیدا هەتا چ ڕادەیەک قەرزباری خۆڕاگری و فیداکاریی پێشمەرگەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی و لە قۆناغی ئێستادا ڕێژیم ڕێگایەکی ئەوتۆی نەهێشتۆتەوە کە خەڵکی کوردستان بتوانن بە شێوەیەکی هێمنانە ویست و داخوازییەکانیان بێننە گۆڕێ و لەم ڕێگایەوە ویستەکانیان بێننە دی. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی لە ڕێگای نیزامی و ڕێگای زەبروزەنگ وڵامی ئەو داوایەی دایەوە. خەڵکی کوردستان لەسەر ئەو داوا ڕەوایەی خۆیان، پێداگر بوون، بە ناچاری پەنایان بردە بەر دیفاعی چەکدارانە بۆ ئەوەی خۆیان لەنێوچوون و خاشەبڕکردن بپارێزن. هەر بۆیەش بە هەزاران لاوی کورد هاتنە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە و لە سەنگەری دیفاع لە بوونی گەلەکەیاندا شەهید بوون کە عەبدولڕەحمان ڕەزایی لە ناوچەی هەوشار یەک لەوانە.

شەهید عەبدولڕەحمان ڕەزایی لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی لە ئاوایی قۆجە سەر بە ناوچەی هەوشار چاوی بە دونیای ڕوون کردەوە. بەرەبەرە کە گەورە بوو چاوی بە دونیای پڕ لە ناعەداڵەتی کەوت کە تا ئێستاش گەلەکەی بۆ لابردنی زوڵم و ستەم خەباتی بۆ دەکا. ساڵ هاتن و چوون عەبدولڕەحمان ڕەزایی بوو بە لاوێکی بە شان و باهۆ، ئێش و ئازاری ژیان چڕ و قایمی بار هێنابوو و ئیرادەیەکی پتەوی تێدا پێکهاتبوو، و شانی لەبەر زۆر ئەرک و ئازاری قورسدا ڕادەگرت. قوتابخانەی ژیانیش چەوسێنەرانیان بە ئەو ناساندبوو. لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ بە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەشداریی چالاکانەی کرد و ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا. پاش ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە لێوردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی وردبینانە، ڕیزەکانی حیزبی هەڵبژارد و ساڵی ١٣٥٨ بۆ درێژەدان بە خەبات و خۆڕاگری لە هێزی شەهیدانی هەوشاردا ئەرکی پێشمەرگایەتی بەڕێوە دەبرد.

شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو دەرفەتەی بۆ عەبدولڕەحمان ڕەزایی ڕەخساند کە بەکردەوە بێتە مەیدانی خەباتەوە و بە ئاشکرا بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزانەی خۆشی دەویستن خەبات بکا، چەکی شەرەف و دیفاع لە نامووس و کەرامەتی گەلەکەی دەست دایە و قۆڵی لە داگیرکەرانی کوردستان هەڵماڵی. ناوبراو زوو توانی ببێتە خۆشەویستی خەڵکی ناوچە و هاوسەنگەرانی چونکە لە هەموو وجوودی ئیمان و بیروباوەڕی پتەوی بە خەباتی نەتەوەکەی، لە ئاکار و کردەوەیدا شۆڕشگێڕ بوون و دڵسۆزی و لێبڕاوی و شێلگیربوون لەسەر درێژەپێدانی ئامانج و ڕێبازیدا بەدی دەکرا. لە ماوەیەکی کورتدا بەکردەوە نیشانی دا شیاوی بەرپرسایەتییە. بە لێوەشاوەیی نواندن، ڕەچاوکردنی دیسیپلین، هەڵسووڕان و فیداکاری لە شەڕی سێ مانگەدا، سەرنجی بەرپرسان و هاوسەنگەرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. ڕابردووی خەباتگێڕانە، تێگەیشتوویی لە مەسائیلی سیاسی و هەوڵدان بۆ فێربوون و ڕێکوپێکی و جێکردنەوە لە دڵی هاوسەنگەران، ورەبەرزی، ئیمانی پتەو بە حیزب و، شارەزایی لە گەڵاڵەدارشتن و زەبروەشاندن لە دوژمن، چەند تایبەتمەندییەکی دیار بوون کە لە عەبدولڕەحمان ڕەزاییدا بەدی دەکران. بۆیە بەرپرسایەتی پێ سپێردرا و لەو مەیدانەش زۆر ئازایانە هاتە مەیدان.

عەبدولڕەحمان پاش چەند شەڕی قارەمانانە وەک فەرماندەری لک و فەرماندەری زەربەتی هێزی هەوشار دیاری کرا. ئەو کاتێک لە دوژمن سەنگەری دەگرت، کاتێک هێرشی بۆ سەر دوژمنانی کورد و کوردستان دەست پێ دەکرد کەس توانای خۆڕاگری لە ئاست نەعرەتەی شێرانەی و هەڵمەت و پەلاماری شۆڕشگێڕانەیدا نەبوو. زۆر ڕاست و سادقانە، بوو بە پێشمەرگەیەک کە حیزب دەیویست، ئازا و بەجەرگ و نەترس بوو. لە ڕاستیدا قارەمانێکی لێ دروست بوو، فەرماندەیەکی لێ دروست بوو کە هەلومەرجی ئەوکاتی پێشمەرگە پێویستی بوو، هەمیشە لە بەڕێوەبردنی بڕیاراتی حیزبی سەر لەپێناو بوو، سەوادی کلاسیکی زۆر نەبوو، بەڵام دەرک و پێزانینی لە زۆر کەسی سەواددار زیاتر بوو. ئەو تەنیا ناوی فەرماندەی لەسەر نەبوو، بەڵکوو فەرماندەیەک بوو ئازا، ئاگا، لێزان، مۆدێر و بەتاکتیک، لە هەمووی گرنگتر تەشکیلاتی و بەدیسیپلین بوو.

ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ لە شەڕێکی توند و نابەرابەر لەنێوان پێشمەرگەکان و هێزی داگیرکەر، لە هێرش بۆ سەر پایەگای کوچەتەڵای هەوشار دەستی پێ کرد. شەهید عەبدولڕەحمان ڕەزایی پێشەنگی هەڵمەتبەرانی ئەو شەڕە بەناوبانگەیە، لەم بەرەنگارییە ئازایانەیەدا، پەیمانی یا مردن یا سەرکەوتنی بردە سەر و بە خوێنی ئاڵی خۆی سەنەدی لەشکاننەهاتووی نەتەوەکەی ئیمزا کرد. بەم جۆرە ڕۆڵەیەکی دیکەی قارەمانی مەڵبەندی هەوشاری خوێناوی، پێشمەرگەیەکی فیداکار و لەخۆبردوو، فەرماندەیەکی لێهاتوو و بەتوانا بە سەربەرزی و گیانبازی‌یەوە چووە ڕیزی کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی نەتەوەکەمان و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە هاوسەنگەران و نیشتمانەکەی کرد.

# پردێک بۆ پەڕینەوە!


ئەمیر باباخانی



**گرینگیی ئەم پەیوەندییانە بۆ هێزێکی سەرەکیی نەتەوەیەکی ژێردەست لە دونیای ئەمڕۆدا، ئەوەندە حاشاهەڵنەگرە کە دەبێ وەک گرنگترین ڕەهەندی خەبات سەیر بکرێ، بەکورتی و کوردی: "پەیوەندییەکان هێزی خەباتن، گۆشەگیری مردنە!"**

لە دوایین بەڵگەنامەی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، کە وەک میساقی ستراتیژیی حیزب بۆ خەباتی دێموکراتیکی نەتەوەیی دادەنرێ، دیپلۆماسیی ئاشتیخوازانە و هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دروستی وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی حیزب دەستنیشان کراوە. دیارە پەیوەندیی نێودەوڵەتی لەخۆگری بازنەیەکی بەرفراوانە، هەر لە دەوڵەتان و کەسایەتییەکانەوە بگرە هەتا مێدیا و ڕێکخراوە جیهانییەکان! هەروەها حیزب پشتیوانی لە تەواوی ئەم ڕەوت و ڕێکخراوە ناوچەیی و جیهانییانە دەکا کە قایل بە پاراستنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ژێردەستەن، یەک لەوانەش گەلی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان.

ئەم بنەمایانە حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی پشتیوانی دێموکراسی لە جیهاندا دەناسێنن و پەیوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە بیانییەکان دەکەنە ئامرازێکی کاریگەر بۆ پێشخستنی ئامانجە نەتەوەییەکان. سووکەئاوڕێکی خێرا بۆ ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نیشان دەدا کە لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی شەهید دوکتور قاسملوودا، حیزب بە شێوەیەکی بەردەوام هەوڵی داوە پرۆسەی دانانی ئەجێندای (agenda-setting) نێودەوڵەتی بەکار بێنێ بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دۆزی کورد، بەتایبەتی لە ڕێگەی مێدیای بیانی و سیاسەتمەدارانی چەپی پێشکەوتنخوازی ئەو سەردەمانە. ئەم پرۆسەیە لە ڕاستیدا ئامرازێکە بۆ ئاکتەرێکی نادەوڵەتی (وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جیهانی بۆ دۆزێکی دیاریکراو. بە بەکارهێنانی مێدیای بیانی، دیپلۆماسیی گشتی و پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتمەداران، دەتوانن پرسێک (وەک دۆزی کورد) بکەنە بابەتێکی گرنگی ئەجێندای نێودەوڵەتی، حکوومەتەکان، یان ڕێکخراوە جیهانییەکان. دیارە ئەمە لە تیۆریی هێزی نەرمەوە سەرچاوە دەگرێ، کە هێزە کەمەکان یان ژێردەستەکان دەتوانن بە ڕێگەی مێدیا و دیپلۆماسی سەرنج ڕابکێشن و گوشار دروست بکەن. ڕێک ئەوەی دوکتور قاسملوو کردی، واتە هەوڵەکانی بۆ پەیوەندی لەگەڵ مێدیای بیانی و چەپەکانی ئورووپا، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم پرۆسەیەیە بۆ دانانی دۆزی کورد لەسەر ئەجێندای نێودەوڵەتی. ڕستەیەکی بەناوبانگ هەیە کە دەڵێ: "هیچ کەسێک دوورگە نیە " (No man is an island)؛ بۆیە ئەگەر مرۆڤەکان تا ئەم ئاستە پێویستییان بە یەکتر هەبێ، بێ سێ‌ودوو گۆشەگیریی هێزێکی سیاسی لەم سەردەمەدا دەبێتە هۆی شکستی خەباتەکەی. لەم سۆنگەیەوە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وەک ئاوی ژیانن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی سیاسی، یاسایی و مێدیایی. ڕێک ئەم پەیوەندییانە دەتوانن گوشارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر حکوومەتە سەرەڕۆکان زیاد بکەن و ڕێگای گەیشتن بە دۆخێکی دێموکراتیک هەموارتر بکەن. بە واتایەکی تر ڕاکێشانی سەرنجی سیاسی، یاسایی و مێدیایی دەبێتە پێویستییەکی ستراتیژیک بۆ گەلانی ژێردەستە یان حیزبە سیاسییەکان، کە دەتوانن لە ڕێگەی دیپلۆماسیی گشتی و پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، گوشاری نێودەوڵەتی لەسەر ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان زیاد بکەن.

گرینگیی ئەم پەیوەندییانە بۆ هێزێکی سەرەکیی نەتەوەیەکی ژێردەست لە دونیای ئەمڕۆدا، ئەوەندە حاشاهەڵنەگرە کە دەبێ وەک گرنگترین ڕەهەندی خەبات سەیر بکرێ، بەکورتی و کوردی: "پەیوەندییەکان هێزی خەباتن، گۆشەگیری مردنە!" پێشینەی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستان شاهیدی قووڵی و بەردەوامیی ئەم پەیوەندییانەیە، هەوڵێک کە لە سەرەتاوە تا هەنووکە سەرەڕای هەورازولێژێکی زۆر هەر بەردەوام بووە. بۆ وێنە هەر لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەرچەند کابینەی حکوومەت پۆستی وەزارەتی دەرەوەی تێدا نیە، بەڵام بە وتەی ئیگڵتۆن، زەبیحی و ڕەیحانی دەبنە پردی پەیوەندی لەگەڵ "دەرەوە"!

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانیش، حیزب لە دەیەی ١٩٥٠دا چالاکییەکانی لە ئورووپا پەرە پێ دەدا و بەتایبەتی لە کۆتاییەکانی دەیەی ٧٠ و سەرەتای ٨٠ی زایینی پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ حیزبە سۆسیال-دێموکراتەکانی سوئێد، ئاڵمان، فەرەنسە، ئۆتریش، ئیسپانیا و... ساز دەکا، واتە سەردەمی زێڕینی سۆسیال دێموکراتەکانی ئورووپا کە بە هۆی کەسایەتیی ئاکادێمیک و سیاسیی شەهید دوکتور قاسملوو پاڵپشتییان لە حیزب دەکرد. واتە جۆرێک لە پەیوەندیی نێوان ئاکتەرێکی نادەوڵەتی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دەوڵەتەکان کە دوکتور قاسملوو، وەک دیپلۆماتێکی زیرەک، بە بەکارهێنانی پرۆسەی دانانی ئەجێندا (agenda-setting)ی نێودەوڵەتی سەرنجی دونیای دەرەوەی بۆ مافەکانی کورد ڕادەکێشا بۆ ئەوەی دەنگی کوردی ڕۆژهەڵات بەرز بێتەوە! بەرەبەرە لە هەزارەی سێهەمدا حیزب دەبێ بە ئەندامی هەندێ لە هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان وەک: Socialist International - SI، UNPO ، Progressive Alliance – PA و هەروەها لە ڕێگەی نوێنەرەکانی لە ئورووپا هەوڵ دەدا بە سازکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەندێ ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی وەک UN, EU, Amnesty International، Human Rights Watch دۆخی کورد لە نێوخۆی ئێران بخاتە بەردەمیان، دیارە لەم نێوەدا لە ئیدارە و پارلەمانی دەوڵەتانی ئورووپاییش غافڵ نەبووە! بێگومان ئەم پەیوەندییانە سەرەتای کرانەوەی ئەم دەرگایانەن کە دەکرێ دواجار بە هەوڵ و تێکۆشان لۆبیی تایبەتییان بۆ ساز بکرێ، بۆ ئەوەی قورسایی پرسی کورد لە ئاستی نێونەتەوەیی زیاتر بێ و سەرنجێکی فرەتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ! بەڵام چۆن؟ ئەم پەیوەندییانە لە ڕاستیدا دەبنە هۆکارێک بۆ ئەوەی ئەکتەرێکی نادەوڵەتی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی ڕاکێشانی سەرنجی مێدیایی و لۆبیکردن، پرۆسەی agenda-settingی نێودەوڵەتی بەکاربێنێ بۆ زیاترکردنی گوشارەکان لەسەر ڕێژیمێکی سەرکوتکەری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران و دواجار هەموارکردنی ڕێگا بۆ گۆڕانکاریی دێموکراتیک.

ئەزموونی مێژوویی نیشان دەدا کە پشتیوانیی نێودەوڵەتی، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەیی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە. بۆ نموونە، بڕیاری بێ‌وێنەی دادگای میکۆنووس بووە هۆی قەیرانێکی گەورەی دیپلۆماتیک لە نێوان ئێران و یەکیەتیی ئورووپا، بە جۆرێک کە باڵوێزەکانیان لە تاران بانگ کردەوە. ئەمە نموونەیەکی کلاسیکە کە ئەکتەرە نێوخۆییەکان لە ڕێگەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە دەتوانن گوشار لەسەر حکوومەتەکەی خۆیان دروست بکەن. ئەم بڕیارە ئێستاشی لەگەڵ دابێ گەورەترین ئابڕووچوونی سیاسیی کۆماری ئیسلامییە! واتە دەکرێ بە کەلکوەرگرتن لە پۆتانسیەلی هەندێ ڕووداو لە ڕێگەی سازدانی پەیوەندییەوە، کۆماری ئیسلامی بخەیتە سێکوچەکەی ڕینگەوە.

نموونەیەکی تر ڕەنگە لێدوانەکانی نیکی هایلی، باڵوێزی ئەو کاتی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ، کە لە پاش هێرشی مووشەکی بۆ سەر قەڵای دێموکرات بۆ یەکەم جار ناوی حیزبێکی سیاسی لەسەر ساحەی ئەم ئەنجومەنە دێتە گۆڕێ؛ کە ئەم هێرشەی دەرحەق بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک تاوان پێناسە کرد و ئەمە وەک بەڵگەیەکی نێونەتەوەیی دەکرێ بەدواداچوونی بۆ بکەی لە دادگا نێونەتەوەییەکاندا!

بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ دونیای دەرەوە وەک دەوڵەت، پارلەمان، حیزب و ڕێکخراوە بیانییەکان بەهێزتر بێ و کاریگەرییان زیاتر بێ، ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەتوانن یارمەتیدەر بن:

دامەزراندنی پلاتفۆرمێکی دیپلۆماتیکیی هاوبەش، دروستکردنی گرووپ یان کۆمیتەیەکی هاوبەش لەگەڵ حیزبە هاوبیرەکان (وەک حیزبە سۆسیالیستەکانی ئورووپا یان ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ). ئەم پلاتفۆرمە دەتوانێ کەمپەینی هاوبەش ڕێک بخا بۆ بابەتەکانی وەک مافی مرۆڤ، مافی ژنان و داکۆکیکردن لە مافی گەلی کورد. بەم جۆرە دەنگمان بە یەکەوە بەرزتر دەبێتەوە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان.

ڕێکخستنی کۆنفرانسی ساڵانە: بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی تیۆریک و ستراتێژیک بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حیزبە بیانییەکان. گرنگیی تایبەت بدرێ بە لاوانی کورد (لە دیاسپۆرا و لەنێوخۆ) بۆ ئەوەی ببنە بەشێک لە خەبات و پەیوەندییەکان درێژەیان بێ. مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە نەوەی نوێ زیاتر ئاشنا بێ بە خەبات و پەیوەندییەکان پتەوتر بن.

بەکارهێنانی جیهانی دیجیتاڵ بە شێوەیەکی زیرەکانە: دروستکردنی پلاتفۆرمی مەجازی (وەک وێبینار، زووم، یان کاناڵی تایبەت لە یوتیوب) بە هاوکاریی ڕێکخراوە ڕۆژئاواییەکان. ئەمە یارمەتی دەدا دیاسپۆرای کورد لە هەموو جیهان بەشداری بکەن و دەنگیان بگاتە زیاترین کەس. ئەمە کەمترین تێچووی دەوێت، بەڵام پێداویستییەکی گەورەیە لە سەردەمی ئێستادا

هەوڵدان بۆ ئەندامێتیی تەواو لە هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان: خۆ بەڕۆژکردن لەسەر بنەما و پێوەرە نێونەتەوەییەکان دەتوانێ حیزب وەک کاندیدایەکی هەمیشەیی بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە باوەڕپێکراوەکان ئامادە بکا. ئەمە دەتوانێ دواجار لە ئاستی جیهانی وەک پشتیوانییەکی گەورە و متمانەپێکراو بێتە ئەژمار. ڕێک ئەوەی ئێمە پێویستیمان پێیەتی. با ئەوەش وەک خاڵێکی سەرەکی لەبیر نەکەین، بە باوەڕی من کورد پێویستە ماڵی خۆی ڕێک بخا لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی. چونکە ئەمە داواکاریی زۆربەی هەرەزۆری دونیای دەرەوەشە، ئەوان خوازیاری ئەوەن کە کورد بە یەکگوتاری ببینن. بۆیە بوونی پلاتفۆرمێک یان مەنشوورێک لە نێوان سەرجەم هێزەکانی کوردستان دەبێ وەک هەنگاوی یەکەم سەیر بکرێ! ئەگەر کورد دەیهەوێ ئەم خەباتە دووردرێژە کە ڕێگایەکی زۆریشی لەبەر ماوە ببڕێ و بگاتە ئەنجام، بۆ پەڕینەوە لەم دەریا تۆفانییە، دەبێ پردی پەیوەندییەکانی دەرەوە بکا بە پردەبازێک بۆ گەیشتن بە کەنارێکی ئارام!

---

## وێـــــستگە

# پێشمەرگەی ژن


ئاسۆ مینبەری

ژن لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕۆڵی بەرچاو و چالاکانەی هەیە. ئەم ڕۆڵە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا، چەندلایەنە بووە و ژنان هەم لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەم لە بواری خەباتی چەکداری و فەرهەنگیشدا توانیویانە ڕۆڵی گرینگ و ئەرێنی بگێڕن. ڕۆڵی ژنان دەکرێ لە سێ بواری جیاوازدا لێکدانەوەی بۆ بکرێ.

یەکەم بەشداریی مێژوویی و ڕێکخراوەیی ژنان لە حیزبی دێموکراتە. ئەم بەشدارییە سیاسی – تەشکیلاتییە بە دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستادا بیچمی گرت و بەم شێوەیە حیزبی دێموکرات بوو بە خاوەنی کۆنترین ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ئەم ڕێکخراوەیە لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە کاتێکدا دامەزرا کە کۆمەڵگەی ئەوکات، کۆمەڵگەیەکی نەریتی بوو و ئاستی خوێندەواریی ژنان تێیدا نزیک لە سیفر بوو، کەوایە حیزبی دێموکرات لەم بڕگە مێژووییەدا توانیی بە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە، بەفەرمی و بە کردەوە ژنان بێنێتە نێو مەیدامی خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەشکیلاتییەوە و ژنان خۆیان لەم بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەیەدا ببیننەوە.

ئامانجی حیزب لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە جیا لە بەشدارییپێکردنی سیاسیی ژنان، بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی کۆمەڵایەتی و مافی ژنان لە کۆمەڵگەیەکدا بوو کە بەهۆی پێکهاتەی نەریتی و پیاوسالارەوە، دەرفەتی یەکسانیی لە ژنان ئەستاندووە

دووهەم ڕۆڵی ژنان لە خەباتی چەکداری و بەرگری لە شوناسە. ژنی کورد بە درێژایی مێژوو لە ڕووداوە گرینگەکاندا ڕۆڵی هەبووە و لە حیزبی دێموکراتیشدا لە ڕیزی پێشەوەی خەباتی چەکداریدا، ڕۆڵی گێڕاوە. ژن لەم حیزبەدا پەروەردەی نیزامیی تێپەڕاندووە و بۆ بەرگری لە حیزب دژی داگیرکەرانی کوردستان، بەشداریی کردووە.

لە ڕاستیدا بەشداریی ژنان لە ڕیزی خەباتکارانی ئەم حیزبەدا، بەشێک لە هەوڵە بەرفراوانەکان بۆ بەرگری لە مافی نەتەوەیی و داکۆکی لە ئازادی و شەڕی ناسنامە بووە.

هاوکات لەگەڵ ئەمانە ژن لە وێژمان و خەباتی مەدەنیشدا چالاکانە بەشدارییان هەبووە و لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە ژنان لە قۆناغە جیاوازەکاندا، لەوانە سەردەمی کۆماری کوردستان، چالاکییە مەدەنییەکان، ڕۆژنامەوانی و بەرزکردنەوەی وشیاریی سیاسیدا ڕۆڵیان هەبووە.

لە وێژمانی حیزبی دێموکراتدا، ژن بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا ژن وەکوو مرۆڤ پێناسەی بۆ دەکرێت و قەت لە هیچ بەڵگە و دیکۆمێنتێکی حیزبیدا نابیندرێ کە باسکردن لە ژنی پێشمەرگە، پێناسەیەکی جیاوازی لەگەڵ پێناسەی گشتیی پێشمەرگە هەبێت.

لە حیزبی دێموکراتدا ژن وەک مرۆڤێکی سەربەست و خاوەن ڕا، وەک کەسایەتییەکی خاوەن ئیرادە ناسراوە و بە یەکسانی لەگەڵ پیاوان باسی ماف و ئەرک و ئازادییەکانی کراوە.

لە دیسکۆرسی حیزبی دێموکراتدا، ژنان نەک بە شێوەی هێمایین بەڵکوو بەشێوەی ئەکتەرێکی کارا، ڕۆڵی سەرەکییان لە گۆڕانکارییەکاندا هەیە.

ئەوان لە پرسەکانی پەروەردە و فێرکاری و پەرەدان بە ئاگایی و بەشداریی سیاسیی خۆیان و هەروەها وەک ئەکتەرێکی چالاک لە بواری چەکداریشدا لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا بەرگرییان لە ماف و ئازدییەکانی نەتەوەکەیان کردووە.

بۆیە جێگای خۆیەتی کە لە بۆنەیەکی وەک ٢٦ی سەرماوەزدا کە بە ڕۆژی پیشمەرگەی کوردستان ناسراوە، ئاورێک لە تێکۆشان و خەباتی ژنان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکاندا بدەینەوە و هاوکات، پێداگری لەسەر ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە پەرەدان بە بوون و بەشداریی ژنان لەم گۆڕەپانەدا بکەینەوە.

٢٦ی سەرماوەز ئەتوانێ دەرفەتێک بێت بۆ وەردانەوەی ڕووداوەکان و دەستنیشانکردنی خاڵە لاواز وو بەهێزەکانی بەشداریی ژنان لە خەباتی حیزبی دێموکراتدا، ئەمە ئەتوانێ دەرفەتێک بێت تاکوو ژنان بە خەسارناسییەکی واقعبینانە، زیاتر لە ڕابردوودا هەوڵ بۆ بەشداریی کردەیی لە مەیدانی خەباتدا بدەن و لەلایەکی دیکەوە هەوڵ بدەن کە بە بردنەسەرەوەی ئاستی توانایی و خوێندەواریی خۆیان، ئەرکی قورستر لە ڕابردوو لە ئەستۆ بگرن.

پێشمەرگەی ژن لە حیزبی دێموکراتدا، بەشێکی جیانەکراو لە خەباتی ئەم حیزبەیە و بێگومان بوون و بەردەوامیی ئەتوانێ کاریگەریی زۆری لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆیان و هەروەها گەشەکردنی حیزبی دێموکراتیش هەبێت.

# بۆشایی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا






شاڕوخ حەسەنزادە

لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم، سیستەمی نێودەوڵەتی کەوتە ژێر کاریگەریی دوو هێزی پێکهاتەیی سەرەکی: کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و بەرفراوانبوونی دیاردەی جیهانیسازی. ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە لایەکەوە سەرکەوتنێکی سیاسی، سەربازی و ئابووریی بۆ ڕۆژئاوا دەستەبەر کرد و لە لایەکی دیکەشەوە شەپۆلێکی گەورەی گەشبینیی بۆ سەروەریی بازاڕی ئازاد دروست کرد. ئەم سەرکەوتنە، ئاڵنگارییەکی بنەڕەتی بۆ ڕەوتە سۆسیال دیموکراتەکان لە ئۆرووپا هێنایە ئاراوە کە نەریتی تێڕوانینیان لەسەر خاوەندارێتیی دەوڵەت، باجی قورسی پێشکەوتوو و دەوڵەتی خۆشبژێویی گشتگیر دامەزرابوو. لە هەمان کاتدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دارمانی مۆدێلەکانی سۆسیالیستیی دەوڵەتی-سەربازی، وەک لیبی، عێراق و سووریە، یان مۆدێلەکانی ئابووریی ڕانتیی پاڵپشت بە تاکبەرهەمی لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیی کەنداو، دەرکەوتن. بەڵام ئەو شێوە لیبرالیزمەی کە جێگەی گرتەوە نەک بازاڕێکی ئازادی ڕکەبەری و ڕوون، بەڵکوو جۆرێک لە لیبرالیزمی ڕانتی بوو کە لەسەر بنەمای داهاتەکانی نەوت و قۆرخکاریی دەوڵەتی پێک هات و بە خێرایی گەندەڵی و نایەکسانی گەیاندە چڵەپۆپە! لەو ساتە مێژووییەدا، هەردوو پارادایمی نەریتی دۆڕاو و ناسەرکەوتوو دەردەکەون؛ سۆسیالیزمی نەریتی بەهۆی ناکارایی ئابووری و خاوبوونەوە لە ڕکابەریی جیهانی، ڕەت کرایەوە و لیبرالیزمی کلاسیک یان نیئۆلیبرالیزم بەهۆی پەرەدان بە نایەکسانی، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی گەندەڵیی سیستماتیک کەوتە بەر لۆمە و ڕەخنە. لەم دۆخەدا، سەنتێزێکی فیکریی نوێ کە بتوانێت کارایی ئابووریی بازاڕی ئازاد لەگەڵ پابەندبوونی بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ تێکەڵکێش بکات، زیاتر لە جاران هەستی پێ دەکرا. ئەم تێکەڵەیە خۆی لە "لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی" و لە چوارچێوەی بیرۆکەکانی وەک "ڕێگەی سێهەم" لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا وێنا کرد.

ئەم بابەتە بەم گریمانەیە دەچێتە پێش کە لە بەرانبەر ئاڵنگارییەکانی سەردەمی نوێ، بەتایبەت لە ناوچە قەیراناوییەکانی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە پێویستییان بە سەقامگیریی ئابووری و لە هەمان کاتدا چاکسازیی کۆمەڵایەتی هەیە، بەتایبەت لە بواری مافە تاکەکەسییەکان و ژنان لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی دەتوانێت تاکە چوارچێوەیەکی فیکریی ڕاستەقینە و کردەیی بێت کە دەتوانێت بناغەی گەشەپێدانێکی بەردەوام و دیموکراتیک دابمەزرێنێت.

لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی بەدرێژایی مێژوو، وڵامێکی هزری بۆ کەموکوڕی و شکستەکانی دوو ڕێبازی سەرەکیی سەردەمی مۆدێرن، واتە لیبرالیزمی کلاسیک و سۆسیالیزم بوو. لیبرالیزمی کلاسیک کە لەسەر بنەما فەلسەفییەکانی بیرمەندانی وەک "جۆن لۆک" و "ئادەم سمیت" دامەزرابوو، چەمکی "ئازادیی نەرێنی"یان بە پیرۆز دەزانی، بەو مانایەی کە ئازادی، ڕزگاربوونی تاکە لە دەستێوەردان و زۆرداریی دەوڵەتی یان کەسانی دیکە. لەم شێوازەدا، دەوڵەت وەک "پاسەوانی شەو" تەنیا ئەرکی پاراستنی خاوەندارێتیی تایبەت و جێبەجێکردنی گرێبەستەکانی بوو و هەر جۆرە دەستێوەردانێک لە بازاڕ وەک پێشێلکردنی ئازادیی تاک سەیر دەکرا. بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا وێڕای گەشەی خێرای پیشەسازی، سەرنەکەوتنەکانی لیبرالیزمی کلاسیک لە وڵامدانەوە بۆ هەژاری، نایەکسانی و بارودۆخی نالەباری کرێکاران ئاشکرا بوو. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە بیرمەندانی وەک "تۆماس هیل گرین" و "لیۆنارد هۆبهاوس" لە بەریتانیا، پێویستیی پێناسەکردنەوەی چەمکی ئازادییان هێنایە ئاراوە. ئەوان چەمکی "ئازادیی ئەرێنی"یان داهێنا. لە ڕوانگەی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتییەوە، ئازادی تەنیا لە نەبوونی دەستێوەردانی دەوڵەتدا پێناسە ناکرێت، بەڵکوو پێویستی بە دابینکردنی ئەو مەرجە بنەڕەتییانە هەیە بۆ ئەوەی تاک بتوانێت تواناکانی خۆی بەکردەیی بکات. بە وتەی هۆبهاوس، تاک کاتێک ئازادە کە لە کۆیلایەتیی هەژاری، نەزانی و نەخۆشی ڕزگار بووبێت. ئەم گۆڕانکارییە فیکرییە، بناغەی تیۆریی بۆ قبووڵکردنی ڕۆڵی چالاکانەی دەوڵەت لە کاروباری کۆمەڵایەتیدا دامەزراند. ئەگەرچی هۆبهاوس بە دامەزرێنەری فەلسەفیی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی ناسراوە، بەڵام ئەم مۆدێلە لە بواری سیاسەتی ئابووری بە بیرۆکەکانی "جۆن مینارد کینز" گەیشتە لوتکە. کینز، دوای قەیرانی مەزنی دەیەی ١٩٣٠، بە تیۆرییە ئابوورییەکانی خۆی، بناغەی دەوڵەتی خۆشبژێویی نوێی دامەزراند.

کینز، کە قەت سۆسیالیست نەبووە، باسی لەوە کرد؛ بۆ پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری و ڕێگریکردن لە هەرەسهێنانی، دەوڵەت دەبێت لە کاتی قەیرانی بازاڕ و کەمبوونەوەی خواستدا، بە زیادکردنی خەرجییە گشتییەکان و دروستکردنی کورتهێنانی بودجە دەستێوەردان لە بازاڕدا بکات هەتا هەلی کار و داواکاری بژێنێتەوە. ئەم بیرۆکەیە، دەستێوەردانی دەوڵەتی لە ئابووریدا، نەک وەک خاوەندارێتیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان (ئامانجی سۆسیالیزم)، بەڵکوو وەک ئامرازێک بۆ ڕێکخستن و سەقامگیرکردنی سیستەمی بازاڕی ئازاد پاساو بۆ هێنایەوە و بەم شێوەیە چوارچێوەی ئابووریی پێویستی بۆ دەوڵەتی خۆشبژێوی، کە درێژەدەری لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی بوو، دابین کرد. دوای کینز، "جۆن ڕاڵز" بە داڕشتنی چەمکی "دادپەروەری وەک ئینساف"، بنەما فەلسەفییەکانی ئەم ڕەوتەی لە سەردەمی نوێدا پتەوتر کرد. ڕاڵز لە کتێبەکەیدا «تیۆریی دادپەروەری»، بە داڕشتنی بنەمای جیاوازی، پێداگری لە دەروەستبوونی لیبرالیزم بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دووپات کردەوە.

بەپێی ئەم بنەمایە، نایەکسانییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تەنیا کاتێک ڕێگەپێدراون کە زۆرترین قازانج بۆ کەمبەشترین ئەندامانی کۆمەڵگە هەبێت و هەروەها، پێگە و پلە و پۆستەکان لەژێر مەرجەکانی یەکسانیی دادپەروەرانەی دەرفەتەکان بۆ هەموو لایەک کراوە بن. بەم شێوەیە، لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی پابەندە کە کارایی و داهێنانەکانی بازاڕ، پابەندبوونی لیبرالیستی بە ئازادیی ئابووری پەسەند بکات، بەڵام ئاکامەکانی لە ڕێی میکانیزمەکانی دەوڵەتی خۆشبژێوی و یاسا – پابەندبوونی دادپەروەرانە بە قازانجی دابەشکردنێکی پڕ لە ئینسافی دەرفەتەکان ڕێک بخات. تێگەیشتن لە لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی پێویستی بە جیاکردنەوەیەکی وردی لە سۆسیال دیموکراسیی نەریتی هەیە؛ جیاوازییەک کە لە سەردەمی "ڕێگەی سێهەم"دا گەیشتە ترۆپک کە ئەنتۆنی گیدێنز کاری لەسەر کرد. ڕەچەڵەکی سۆسیال دیموکراسی بۆ سۆسیالیزم دەگەڕایەوە و ئامانجەکەی، کەمکردنەوەی جدیی نایەکسانیی چینایەتی و یەکسانی لە ڕێگەی خاوەندارێتیی گشتی و چاودێریی دەوڵەتی بوو. لە بەرانبەردا لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بنەڕەتی دژ بە خاوەندارێتیی دەوڵەت بەسەر پیشەسازییەکانەوەیە و ئامانجی خۆی بە یەکسانیی دەرفەت پێناسە دەکات. لەم مۆدێلەدا، دەوڵەتی تواناساز، لەبری ئەوەی ببێتە کوێخای بەرهەمهێنان و دابەشکردنی ڕاستەوخۆ وەک مۆدێلی سۆسیالیستی ڕۆڵی سەرمایەگوزار لە سامانی مرۆییدا دەگێڕێت. دەوڵەت سەرمایەگوزارییەکی بەهێز لە پەروەردە، تەندروستی و تەکنۆلۆژیا دەکات بە مەبەستی ئامادەکردنی هاونیشتمانی بۆ ڕکەبەری لە بازاڕی ئازاد و تۆڕێکی پارێزەری بۆ پاراستنیان لە بەرانبەر شکستەکانی بازاڕ دابین دەکات. ئەم گۆڕانە لە "کۆنترۆڵکردنی بەرهەمهێنان" بۆ "بەڕێوەبردنی دەرفەت"، نێوەڕۆک و چەقی سەرەکیی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتییە. بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیەی کە لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی تەنیا تیۆرییەکی نووسراوە نیە و دەتوانێت شێوە بەڕێوەبردنێکی لۆژیکیی حوکمڕانی لە بواری ئابوورییەوە بێت، دەبێت سەیری ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان و ئامرازە کردەییەکانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە بکەین.

ئەم مۆدێلە لە ڕاستیدا بە دوو شێوازی سەرەکی جێبەجێ کراوە: مۆدێلی خۆشبژێویی گشتگیری نۆردیک و مۆدێلی کردەیی "ڕێگەی سێهەم". وڵاتانی نۆردیک – سوئێد، دانمارک، فینلاند و نۆروێژ – نموونەی کلاسیک و سەرکەوتووی تێکەڵکێشکردنی کارامەیی بازاڕی ئازاد لەگەڵ پابەندبوونە سۆسیال دیموکراتییەکانن کە لە دەیەکانی سەدەی ڕابردوودا زیاتر لە لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی نزیک بوونەتەوە. لەم وڵاتانەدا سەرەڕای یاسا توندوتۆڵەکان بۆ بەرهەمهێنانی سامان، ڕکابەری بە فەرمی ناسراوە. نۆردیکەکان بە بەکارهێنانی باجی پێشکەوتووی زۆر لەسەر داهاتی تاک و هێزی کار، بودجەی پێویست بۆ دابینکردنی دەوڵەتێکی خۆشبژێویی گشتگیر دابین دەکەن. خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خوێندن، تەندروستی و چاودێریی منداڵان، نەک وەکوو هەڤیازییەک، بەڵکوو وەک مافی بنەڕەتیی هاونیشتمانی کە ڕاستەوخۆ پشتگیری لە بنەمای یەکسانیی دەرفەتی ڕاڵز دەکەن، پێناسە کراوە. ئەم ڕێبازە دواتر و لە کۆتاییەکانی دەیەی ٩٠، لە لایەن ئەنتۆنی گیدێنز تیۆریزە کرا و لەلایەن تۆنی بلێر (ئینگلتەرا) و گێرارد شرۆدەر (ئەڵمانیا) جێبەجێ کرا کە ئەمە پراگماتیزمی سیاسیی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی لە ئۆرووپای نێوەڕاست پیشان دەدات. لە ڕاستیدا ڕێگەی سێهەم، دانپێدانانێکی ئاشکرای سۆسیال دیموکراسی بوو بۆ نەبوونی توانستی مۆدێلەکانی کۆنی خۆی لە ڕکەبەری لەگەڵ جیهانگیریی نیئۆلیبرالیدا. ئەم ڕێبازە واتە:

١. قبووڵکردنی تەواوەتیی ئابووریی بازاڕ و جیهانیسازی: ئیتر ئامانج، ڕووخاندنی سەرمایەداری نەبوو، بەڵکوو دەستەمۆکردن و مرۆڤاندنی بوو.

٢. چاکسازیی دەوڵەتی خۆشبژێوی: سەرنجی دەوڵەت لە دابەشکردنی پارە و قازانجی نەختینەییەوە گواسترایەوە بۆ سەرمایەگوزاری لە سەرمایەی مرۆیی و دروستکردنی لێهاتوویی

هەردوو شێوازی نۆردیک و ڕێگەی سێهەم، بە جۆرێک پابەندی بنەما لیبرال کۆمەڵایەتییەکان مانەوە؛ یاسا، ئازادییە مەدەنییەکان و خاوەندارێتیی تایبەتیان پەسەند کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا لەگەڵ میکانیزمەکانی دەوڵەتی – چ بەشێوەی دابەشکردنەوەی قورسی نۆردیک و چ بە شێوەی تواناسازییەکانی ڕێگەی سێهەم – بەدوای وێناکردنی دادپەروەرانەی بەستێنی کێبرکێ و گەرەنتیی لانیکەمەکانی ژیان بوون. لە ئاکامدا سەرکەوتنی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی بەهۆی سەرچەشنەکانی گەشەی مرۆڤایەتی و شەفافییەتی ئابووری دەنرخێندرێت. ئەو وڵاتانەی کە ئەم شێوازەیان بە پلەی جیاواز وەرگرتووە بەگشتی لە پلەبەندیی سەرەوەی جیهانی لە بوارگەلی چۆنیەتیی ژیان، هیوا بە ژیان، ئاستی بەرزی پەروەردە و دەرکی گەندەڵی دان. ئەم مۆدێلە توانیوەتی ئەو دژوازییە سۆسیالیستییەی کە دەڵێت؛ ناکرێت هاوکات بازاڕی ئازاد و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی وەدی بێت، بە شێوەیەکی کردەیی سڕییەوە. سەقامگیربوونی ئابووری و تواناسازیی تاک – بە جێگای خۆهەڵواسینیان بە حکوومەت – ئەم سیستەمەی وەک بەهێزترین جۆر بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە لێ کردووە کە خوازیاری گەشەی هەمەلایەنە و بەردەوامن.

گواستنەوەی چوارچێوەی تیۆریی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگە و وڵاتانی لە حاڵی تێپەڕدا، پێویستییەکی بنچینەییە کە ڕەگی لە دۆڕانە پەیتاپەیتاکانی پارادایمی نەریتی داکوتا بوو. لە بارودۆخی ئێستای ناوچەکەدا، مۆدێلی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی ئەو چوارچێوەیەیە کە دەتوانێت هاوکات وڵامی قەیرانە سێلایەنەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بداتەوە. گەورەترین پەتای ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بێهێزی لە بەرهەمهێنانی سامان‌دا نیە، بەڵکوو بڵاوبوونەوەی دیاردەی "سەرمایەداریی هاوڕێیەتی" و پشتبەستن بە داهاتی ڕانتییە. لەم پێکهاتانەدا، سیاسییەکان و حیزبە سیاسییەکان کۆنترۆڵی ئابووری لە دەست خۆیان دەگرن و دابەشکردنی قازانجی ئابووری لەسەر بنەمای نزیکایەتی لە دەسەڵاتە، نەک ڕکابەری، شایستەیی یان داهێنان. ئەمە ئەو خاڵەیە کە لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی وەک هێزێکی چاکساز دێتە مەیدان. لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی بە جەختکردنەوە لەسەر بنەماکانی لیبرالیزمی کلاسیک، واتە سەروەریی ڕەهای یاسا، داوای جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی ئابووری دەکات. تەنیا لە ڕێگەی دامەزراوەی سەربەخۆ و شەفافەوەیە دەکرێت بازاڕی ئازاد لەژێر چنگی قۆرخکارییە سیاسی و ڕانتییەکان ڕزگار بکرێت. قبووڵکردنی بازاڕی ئازادی ڕکابەرییانە لەگەڵ پابەندبوون بە لێپرسینەوە و ڕوونکاری، تاکە ڕێگەیە بۆ هەمەچەشنکردنی ئابووری و کەمکردنەوەی وابەستەیی بە نەوت. لە نەبوونی چوارچێوەیەکی لیبرال کۆمەڵایەتی هەرجۆرە هەوڵێک بۆ کەرتی تایبەت یان چاکسازیی ئابووری هەمیسان گواستنەوەی ڕانت لە حکوومەتەوە بۆ ڕەوتە سیاسییەکانی نزیک حکوومەت دەگرێتەوە. هەنووکە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەهۆی زیادبوونی ئاستی خوێندەواری، دەستراگەیشتن بە تەکنۆلۆژیا و پەیوەندی بە جیهانەوە، بەتایبەت نەوەی نوێ، بەرەوڕووی داخوازی و خواستی نوێترن کە لە نان و ئاو تێپەڕیوە و لەسەر ئازادییە تاکەکەسییەکان و مافە مەدەنییەکان چڕ بوونەتەوە.

**– پرسی ژنان و مافە تاکەکەسییەکان:** ئەم داواکارییانە ڕەگ و ڕیشەیان لە ئازادییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتیدایە. لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی تەنیا مۆدێلێکە کە دەتوانێت، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر یەکسانیی دەرفەتی ئابووری، ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکانیش مسۆگەر بکات. مۆدێلە ئایدیۆلۆژیکەکان، بەگشتی بە پاساوی "دوژمنی دەرەکی" یان "بەرژەوەندیی گشتی" ماف و ئازادییەکانی تاک و داخوازیی ژنان سەرکوت دەکەن.

**– تەکنۆلۆژیا و ژینگە:** لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی بە تەرکیزکردن لەسەر "دەوڵەتی تواناساز"، دەتوانێت چارەسەری ئاڵنگارییە نوێیەکان وەک قەیرانی ئاو و ژینگە بکات. دەوڵەت دەبێت بەهۆی سەرمایەگوزاریی گشتی لە توێژینەوە و گەشە و ژێرخانی سەوز، بە لایەنی بازاڕ و کەرتی گشتی بگەنە ڕێگەچارەیەکی بەردەوام و پایەدار. یەکێک لە مەترسیدارترین دەرئەنجامەکانی نایەکسانیی چڕی ئابووری لە ناوچەکەدا، ناسەقامگیری و سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم یان توندڕەوییە. کاتێک لاوان هیچ ئاسۆیەک بۆ بەشداری لە ئابووری و سیاسەتدا بەدی ناکەن، بەرەو ئایدیۆلۆژیای ڕادیکاڵ – چ ئایینی و چ چەپی توندڕەو – ئاراستە دەکرێن. لێرەدا پابەندبوونە سۆسیالیستییەکانی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی – دابینکردنی پەروەردە و تەندروستیی گشتی و بێ بەرانبەر – زۆر گرنگ دەبێت. ئەم خزمەتگوزارییانە، وەک تۆڕێکی پارێزەری، دڵنیایی بە هاونیشتمانیان دەدەن کە ئەگەر لە بازاڕدا بدۆڕێن و مایەپووچ بن، ژیانیان ناشێوێت. لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی بە پێشکەشکردنی پلاتفۆرمێکی کرداری و نەرم کە نە دژی بازاڕە و نە دژی خەڵک، کۆمەڵگە لەناو سوڕی وێرانکەری تۆتالیتاریزمی ڕاست و توندئاژۆی چەپ ڕزگار دەکات و سەقامگیریی سیاسی دەهێنێتە دی. تەتەڵەی گۆڕانکارییە ئایدیۆلۆژیکەکان و پێکهاتەی دەیەکانی دوایی، لە کۆتاییدا بەرەو ئاکامگیرییەکمان دەبات؛ لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی چیتر هەڵبژاردەیەکی ئایدیۆلۆژیکی لەپاڵ سۆسیالیزم یان لیبرالیزمی کلاسیکدا نیە، بەڵکوو بووەتە تێکەڵەی کۆتایی و پارادایمی باڵادەستی حوکمڕانیی سەرکەوتوو لە جیهانی ئەمڕۆدا. ئەم مۆدێلە لە کردەدا، تیۆریی دووبەرەکیی نێوان کارایی ئابووری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پووچەڵ کردوەتەوە و سەلماندوویەتی کە ئەم دووانە، نەک دژ بە یەک، بەڵکوو لەم پەیوەندییەدا بە یەکەوە بەرەو گەشەی بەردەوام دەچن. لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی بە وەرگرتنی وانە لە ڕووخانە مێژووییەکان، پشتی لە دوو شێوەی ڕادیکاڵی سەرەکی کردووە:

١. نکۆڵیکردن لە دیکتاتۆریەتیی دەوڵەتی: بە پەسەندکردنی خاوەندارێتیی تایبەت و سەروەریی یاسا، لە دروستکردنی بیرۆکراسیی ناکارامە و سەرکوتکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان کە زۆرجار لە مۆدێلە ئایدیۆلۆژیکییەکاندا دەبینران، دوور دەکەوێتەوە.

٢. ڕەتکردنەوەی بێبەزەیی و نادادپەروەریی لیبرالیزمی لێسێ فێر: بە پابەندبوون بە دابینکردنی تۆڕی پارێزەریی خۆشبژێوی، سەرمایەگوزاری لە سامانی مرۆیی و بنەمای جیاوازیی ڕاڵز، ڕێگە لە نادادپەروەری و نایەکسانیی توندی ئابووری کە دەبێتە هۆی ناسەقامگیری، دەگرێت.

لە کۆتاییدا، ئەم مۆدێلە لە کۆمەڵگەی وەک ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستییان بە سەقامگیری، شەفافییەت و ئازادییە مەدەنییەکان هەیە، چوارچێوەیەک دابین دەکات کە تێیدا ڕکابەریی ئابووری ڕێگە بە بەرهەمهێنانی سامان دەدات و پابەندبوونی کۆمەڵایەتی دڵنیایی دەدات کە ئەو سامانە بۆ دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی دەرفەتەکان بەکار بهێنرێت. ئەم تێپەڕینە لە ئایدیۆلۆژییە چەقبەستووەکان بە مانای وازهێنان لە ئامانجە مرۆییەکانی بەرەی چەپ نیە، بەڵکوو بە مانای دۆزینەوەی ئامرازەکانی پێشکەوتوو هەروەها بەرۆژکردنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستە بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی لە بەستێنی جیهانی بازاڕتەوەردا دەبینرێت. سەرکەوتنی ئەم سەنتێزە لە ئۆرووپا، مۆرکێکە بۆ ئەم بانگەشەیە کە میانەڕەوی لیبراڵ کۆمەڵایەتی، پارادایمی زاڵی گەشەی سەدەی بیست و یەکەمە.

# چوارچێوەی تیۆری و کردەیی حیزبی دێموکرات بۆ هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن



ئارەش ساڵح

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، «پرسی کورد»ی نەک وەک قەیرانێکی ئەمنییەتی یان بابەتێکی تەنیا نەتەوەیی، بەڵکوو وەک پرسێکی سیاسی – حقووقی پێناسە کردوە؛ پرسێک کە ڕەگ و ڕیشەی لە ئینکارکردنی سیستەماتیکی مافە نەتەوەییەکان، ناوەندگەرایی زێدەڕۆ و پێکهاتەی دەسەڵاتداری لە دەوڵەت – نەتەوەی ئێراندا هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەم حیزبە لەسەر ئەو بڕوایەیە کە کەمترین تێچوو، واقیعبینانەترین و کاریگەرترین ڕێگەچارەی پرسی کورد لە ئێران، دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدرالدا. ئەم ڕێگەچارەیە نە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات و نە لەسەر بنەمای سڕینەوەی خەڵکی دیکەیە، بەڵکوو بەدوای پێناسەکردنەوەی دادپەروەرانەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتە لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا. مەرجی پێویست و تەواوکەر لە ڕوانگەی حیزبی دێموکرات لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بوونی سیستەمێکی دێموکراتیک لە تاران مەرجێکی پێویستە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد، بەڵام ئەم مەرجە بە هیچ شێوەیەک بەس نیە. ئەزموونی مێژوویی ئێران – چ لە سەردەمی پەهلەوی و چ لە کۆماری ئیسلامیدا – ئەوەی نیشان داوە کە تەنانەت لە ساتەوەختە کورتەکانی کرانەوەی سیاسیشدا، نەبوونی گەرەنتییە پێکهاتەییەکان بۆ مافەکانی نەتەوەکان، بووەتە هۆی دووپاتە بەرهەمهێنانەوەی هەمان پەیوەندییەکانی زاڵبوون و سەرکوتکردن. لەبەر ئەمە، حیزبی دێموکرات جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە کە مەرجی تەواوکەر، دامەزراوەیی بوونی مافەکانی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانە لە چوارچێوەی سیستەمێکی "فیدراڵی ناهاوسان" (غیرمتقارن)؛ سیستەمێک کە تێیدا جیبەجێکردنی سەروەری نێوخۆیی نەتەوەی کورد لە ڕێگەی دەزگا یاسایی، هەڵبژێردراو و گەرەنتی کراوەکان لە دەستووری بنەڕەتیدا بە فەرمی بناسرێت. دوو بەرەی تەواوکەری خەبات لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە، خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە لە دوو بەرە و دوو ئاراستەی تەواوکەردا پێناسە کراوە: خەبات بۆ جێگیرکردن و قووڵکردنەوەی دێموکراسی لە ئاستی سەرتاسەری ئێراندا. هەوڵدان بۆ دابینکردنی سیستەمێکی فیدراڵ کە تێیدا مافە نەتەوەیی، سیاسی، فەرهەنگی و بەڕێوەبەرییەکانی نەتەوەی کورد بە شێوەیەکی دامەزراوەیی گەرەنتی کرابێت. ئەم دوو ڕێچکەیە ڕکابەری یەکتر نین، بەڵکوو لە بنەڕەتدا پێکەوە گرێدراون؛ چونکە بەبێ دێموکراسی، فیدراڵیزم دەبێتە دروشمێکی بێ نێوەڕۆک، و بەبێ فیدراڵیزم، دێموکراسی لە ئێراندا هەمیشە کەموکورت، ناجێگیر و لەبەردەم گەڕانەوە بۆ ناوەندگەریی دەسەڵاتخوازانە دەبێت. پێوەری هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن لەم چوارچێوە تیۆری و کردەییەدایە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێگە و جۆری پەیوەندیی خۆی لەگەڵ گرووپ و ڕەوتە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران پێناسە دەکات. لە ڕوانگەی ئەم حیزبەوە، هەموو ڕەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ڕووی ئەگەری هاوکاری لە یەک ئاستدا دانراون؛ بەم واتایە کە هاوکاری لەگەڵ هەر ڕەوتێک، نەک لەسەر بنەمای ناو، مێژووی پێشوو یان قەزاوەتە گشتییەکان، بەڵکوو لەسەر بنەمای ڕادەی هاوڕایی ڕاستەقینەی ئەو ڕەوتە لەگەڵ دوو تەوەری سەرەکیی خەباتی حیزبی دێموکرات – واتە دێموکراسی و فیدراڵیزم لەسەر بنەمای دانانان بە مافەکانی نەتەوەی کورد هەڵدەسەنگێنرێت. لەسەر ئەم بنەمایە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چۆنیەتی و ئاستی هاوکاریی خۆی لەگەڵ هێزە جیاوازەکان لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنە دیاری دەکات کە ئەم هێزانە تا چەند، نەک تەنیا لە قسەدا بەڵکوو لە کرداردا، لەگەڵ ئەم دوو داخوازییە بنەڕەتییە هاوڕان. بەدڵنیاییەوە، ڕەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەوانەیە لە ڕابردوودا تووشی هەڵە بووبن یان هەڵسەنگاندنی گشتی لەنێو حیزبدا سەبارەت بەوان ئەرێنی یان نەرێنی بێت؛ بەڵام ئەم خوێندنەوە و بڕیارانە، بابەتێکی نێوخۆیی حیزبن و بنەمای سەرەکیی هاوکاری، ڕەفتاری سیاسیی ئێستا و ئاراستەی کردەیی هێزەکانە لە ئاست پرسی دێموکراسی و پرسی کورد، نەک یەکلاییکردنەوەی حیساباتی مێژوویی یان داوەریی ڕەها. تێگەیشتنی حیزبی دێموکرات لە هەڕەشە و پێگەی خۆی ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵسەنگاندنێکی زۆر ئەرێنی بۆ پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی لە کوردستانی ئێران هەیە. پەرەسەندنی قووڵایی ڕێکخراوەیی حیزب، یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی و هاوڕایی کردەیی و سیمبولیی خەڵک لەگەڵ بەرنامە و چالاکییەکانی، ئەم کۆبەندییەی بەهێز کردوە کە هیچ ڕەوتێکی سیاسی توانای ئەوەی نیە هەڕەشە لە پێگەی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات لە کوردستان بکات. لەم ڕوانگەیەوە، حیزبی دێموکرات نە ڕەوتەکانی ئۆپۆزیسیۆن و نە بەتایبەت ڕەوتە ناسراوەکانی سەر بە نەتەوەی فارس وەک هەڕەشە بۆ سەر بوون یان پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی سەیر ناکات. ئەوەی لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە بە هەڕەشەی ڕاستەقینە دادەنرێت، پەیوەندییەکانی دەسەڵاتن کە لە ئێراندا بەدامەزراوەیی بوون؛ پەیوەندییگەلێک کە ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوە بە گۆڕینی ڕێژیم لانیکەم لەنێو ناچن. بەپێچەوانەوە، هەر هێزێک دەسەڵات لە ناوەند بگرێتە دەست، تەنانەت ئەگەر خۆی بە دێموکرات، ڕیفۆرمخواز یان خێرخواز بزانێت، بە نەبوونی گەرەنتییە پێکهاتەییەکان، بە ئەگەری بەهێزەوە خوازیاری دووپاتە بەرهەمهێنانەوەی هەمان شێوازی ناوەندگەرایی و سەرکوتکردن بەرانبەر بە نەتەوەی کورد دەبێت. ئەم نیگەرانییە نەک لە گومانی بوونێکی ئەبستراکتەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵکوو بەرهەمی ئەزموونێکی مێژووییە کە چەندین جار دووپاتە بووەتەوە و لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە بەتەواوی ڕەوا و بەڵگەمەندە. ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لە داهاتووی ئێران لەسەر هەمان بنەما، پرسی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بارودۆخی ئێستادا، دۆزینەوەی ئەگەری هاوکارییە لەگەڵ ئەو ڕەوتانەی کە لە زمان، ئەدەبیات و چوارچێوەی شیکاریی خۆیاندا، پرسی کورد و سروشتی پێکهاتەیی سەرکوتکردنی ئەم نەتەوە بەفەرمی دەناسن. ئەم بەفەرمی ناسینە، نەک تەنیا یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی گوتاری دێموکراتیک لە ئاستی کۆمەڵگەی ئێراندا، بەڵکوو زەمینەیەکیش دەڕەخسێنێت کە لە داهاتوودا، بەرپرسیارکردنی هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان یان هاوبەشانی دەسەڵات، ئاسانتر، ڕوونتر و لەسەر بنەمای پابەندبوونێکی ڕوون جێبەجێ بکرێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەروەها لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەبێت بەشێک بێت لە ڕێگەچارە، نەک تەنیا چاودێر یان ڕەخنەگر بێت. لەبەر ئەمە، ئەم حیزبە خۆی بە نوێنەری سیاسیی نەتەوەی کورد لە پرۆسەی دامەزراندنی ئێرانی داهاتوو دەزانێت؛ نوێنەرایەتییەک کە بوونی، گەرەنتیی ڕەوتێکی تەندروستتر، هاوسەنگتر و دادپەروەرتر لە پێناسەکردنەوەی پێکهاتەی دەسەڵات دەکات. ئەم جۆرە نوێنەرایەتییە ئەو ئەگەرە دەڕەخسێنێت کە مافەکانی نەتەوەی کورد نەک لە پەراوێزدا، بەڵکوو لە نێوەڕاستی پرۆسەی گواستنەوە و دارشتنی سیستەمی سیاسیی نوێی ئێراندا لەبەرچاو بگیرێت. لە کۆتاییدا، دەبێت جەخت بکرێتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کردەوەدا نیشانی داوە کە بەهۆی بوونی بەربڵاو لە ئاستی کۆمەڵگەی ئێراندا، سوودمەندبوون لە ڕێکخراوێکی یەکگرتوو و بەدەنەیەکی بەهێز، و سەربەخۆیی دارایی کە وای لێ کردوە پێویستی بە یارمەتییە دەرەکییەکان نەبێت، دەتوانێت ڕۆڵێکی دیاریکەر لە پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە، ڕیشەدار و بەپرسیاردا بگێڕێت. ئەم حیزبە نەک تەنیا توانای گێڕانی ئەم ڕۆڵەی هەیە، بەڵکوو بە ئاشکرا ئیرادەی خۆشی بۆ ئەمە نیشان داوە. چوارچێوە تیۆری و کردەییەکانی ئەم ڕۆڵە، بە کورتی لەم بابەتەدا باس کران.



***

دارسمە
دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# 'پارکی نیشتمانیی کۆڵبەران'
# لەسەر سنوور و برنجبارانی نیشتمان

لە نوێترین دەستپێشخەریی کۆماری ئیسلامیدا بڕیارە بەم زووانە "پارکی نیشتمانیی کۆڵبەران" لە دامێنی کێوێکی بەرزی کوردستان بە فەرمی بکرێتەوە. ئەم پرۆژەیە برینێکی قووڵتر لە جاران لەسەر جەستەی "دشمنان قسمخوردە" و بەکرێگیراوانی سەهیۆنیسم و مەهیۆنیسم و ئەمریکا و مەمریکا دروست دەکات. پارکێک لە بناگوێی "مرزداران غیور" ئەمبەر و ئەوبەری ئەم سنوورە هینە دروست بکرێت و ناوی کۆڵبەرانیشی لەسەر بێت، ئەوە شتێکی زۆر ناوازە و نوێیە و دەکرێت وەک یەکێک لە دیارییە نوێیەکانی کۆماری ئیسلامی لێک بدرێتەوە.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەکانی دەستەڵاتەوە دزەیان کردووە، بڕیارە ئەم "پارکە نیشتمانییە" وەک "هەنگاوێکی بێوێنە بۆ پێشخستنی گوزەرانی کۆڵبەران و پاراستنی مافەکانیان" نمایش بکرێت.

### شوێن و دیمەنی پارەکەکە

"پارکی نیشتمانیی کۆڵبەران" لە خاڵی سفری سنووری، لە ناوچەیەکی شاخاوی و دڵڕفێن دروست دەکرێت و بە دیمەنی مینی چێندراو و سەربازخانان دەڕازێندرێتەوە. وا دەردەکەوێت هەڵبژاردنی ئەم شوێنە "ستراتیژییە" بۆ ئەوە بێت کۆڵبەران لە نزیکەوە چێژ لە خزمەتگوزارییەکانی پارکەکە وەربگرن و لە هەمان کاتدا هەمیشە چاوایان بەو "ئاسایشە" و "پێشکەوتنە" بکەوێت، "نظام مقدس" بۆیانی دابین کردووە. دڵنیام سەیری چیا سەختەکان و دیمەنی مینە چێندراوەکان لە کاتی پشوودانیدا ڕۆحێکی نوێ بە جەستەی ماندووی کۆڵبەراندا دەکات.

### ڕێڕەوە تایبەتەکانی کۆڵبەری و پاراستنی ڕەسەنایەتی پیشەکە

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم پارکە، بوونی "ڕێڕەوە تایبەتەکانی کۆڵبەری"یە. ئەم ڕێڕەوانە بە شێوەیەک دیزاین کراون بە مەبەستی پاراستنی "ڕەسەنایەتی" و "سەختی" پیشەی کۆڵبەری زۆر لێژ و پڕ لە بەرد و چاڵ دیزان کراون. وەک بەرپرسێکی حکوومەتی گوتی: "پێویستە کۆڵبەران هەست بەوە بکەن ئەم کارە قورس و پڕ مەترسییە و بەمجۆرە نرخ و بەهای کارەکەیان لە بیر نەچێت." بێگومان، هەموو ڕێڕەوەکان بە دیوارێکی بەرز و تەلبەند لە دیمەنی جوان و سرنج ڕاکێشی وەک گوندە چۆڵکراوەکان و پڕۆژە ناتەواوەکانی حکومەت جیا کراونەتەوە و بەمجۆرە کۆڵبەران تەنیا سەیری ڕێڕەوکە دەکەن.

### بورجی چاودێری بۆ دڵنیابوون لە تەندروستیی کۆڵبەران

لە بەشێکی دیکەی پارکەکەدا، "بورجی چاودێری" دروست دەکرێت و بە کامێرای پێشکەوتوو و تەکنەلۆژیای نایاب تەیار دەکرێت. ئەم بورجانە بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆڵبەران نییە، بەڵکوو وەک بەرپرسان دەڵێن، بۆ "چاودێریکردنی ورد و بێوچانیانە" تا "خێرایی و بەردەوامی و توانای بەرگەگرتنی" کۆڵبەران بپێورێت. بەم زووانەش خشتەیەکی نوێی پێوانەکردنی خێرایی کۆڵبەریی لە وڵاتدا بڵاو دەبێتەوە. هەروها بە هۆی ئەو بورجە تەندروستیانەوە، دەرکەوێت کام کۆڵبەر کەمترین پشوو دەدات و زۆرترین بار هەڵدەگرێت، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا وەک "سیمبولی خۆڕاگری" لە میدیا فەرمییەکاندا ناوی بڵاوبکرێتەوە. وەک هەمیشە، ئاسایشی کۆڵبەر ژیانیەتی، نەک بارەکانی!

### وێستگەی فریاگوزاری سەرەتایی و خزمەتگوزارییەکی نموونەیی

یەکێک لە خاڵە هەرە درەوشاوەکانی ئەم پارکە، دامەزراندنی "وێستگەیەکی فریاگوزاریی سەرەتایی"یە و وەک زانیارییەکان ئاماژەی پێ دەکەن ئەم وێستگەیە تەنها باندێکی پانسمان و یەک قوتووکە حەبی ئازارشکێنی ماوە بەسەرچووی تێدایە. قوتووە حەبەکە نووسراوی سەری کاڵ بووەتەوە و شارەزیان لەسەرئەمە کۆک نین ئاخۆ ئاسپرینە، ئیستامینۆفە، ئادۆڵ کۆڵدە یان دیفلۆکناکە، بەڵام ئیشاڵڵا دیازپام یان شتێکی دیکەیە. پزیشکێکی لێهاتوی سەر بە "خانوادەی معظم شهدا"ش دەڵێت: "ئەمە نیشانەیەکی ڕوونی بایەخدانی حکومەتە بە تەندروستیی کۆڵبەران. ئەوە دەفەرموێت هەر برینێک بە باندێک چاک بێتەوە و هەر ئازارێکیش بە حەبێکی ماوە بەسەرچوو نەمێنێت، نیشانەی بەهێزبوونی بەرگریی لەشی نەخۆشەکەیە. ئەمەش نیشانەی ئەوپەڕی ڕێزگرتنە لە کۆڵبەر و پێشان دەدات ئەو کۆڵبەرەی لە بەرزاییەوە هەڵدەدێرێت و لە نێو بەفر و شەختە و بەستەڵەکدا ئاو بە سمێڵیەوە دەبێتە سەهۆڵ، هەر نەخۆشییەکی هەیبێت، سەربەرزانە بە حەبی ئازارشکێنی ماوە بەسەرچووش چاک دەبێتەوە.

### پەیکەری کۆڵبەری ونبوو، نیشانەی شانازیی نیشتمانی

لەم پارکەدا پەیکەرێکی گەورە بۆ "کۆڵبەری ونبوو" دروست دەکریت. وەک بەرپرسێکی فەرهەنگی ڕایگەیاند، ئەم پەیکەرە "هێمایەکە بۆ قوربانیدانی بێ ناونیشانی ئەو قارەمانانەی کە بۆ ئابووریی وڵات گیانیان بەخت کردووە و دانانی ئەم پەیکەرە بۆ ئەمەیە کۆڵبەرانی نێو پارکەکە هەست بەو ئارامییە بکەن لە سایەی ئەم پارەکەوە بۆیان پێکهێنراوە.

### دەرفەتێکی ناوازە:

کردنەوەی "پارکی نیشتمانیی کۆڵبەران" لەسەر سنوور، نەک هەر چارەسەری کێشە قووڵەکانی خەڵکی کوردستان دەکات و هەوڵێکی ناوازەیە بۆ ئەوەی کاری کۆڵبەران بە تەواوی ڕێکبخرێن، بەڵکوو هەوڵێکیشە بۆ شکاندنی گەمارۆی ئابووری و تێرکردنی سکی ئەو خەڵکەی بە تەما پاش تێربوونی ئەوانی سەرووتر لە خۆیان تێربن.

### مزگێنیی برنجبارانی خاکی پاکی نیشتمان

پێنج ڕۆژ بەر لە دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەی بەردەستتان، ئاژانسی هەواڵی حکوومەتیی ئێران (ایرنا) لە زمان بەرپرسانی پارێزگای ورمێوە هەواڵی کەللەتەزێنی بڵاوکردەوە و دەڵێت ٩٠٠ تۆن برنجی دەرەکی لە ڕێگەی سنوورەوە و بە کۆڵی کۆڵبەران هاوردەی ئێران دەکرێت. بەرپرسێک دەڵێت ئەم بارە برنجە یەکدانە و هەمووی وێکڕا دەکوڵێت و یەکی دیکەش پێیوایە ئەم پرۆژەیە بە چەند سەر سوودی لێدەکەوێتەوە.

هیچ بەدووریشی مەزانن لەگەڵ کرانەوەی پارکی کۆڵبەران، کاروانی درێژی ئەم باربەرە دووپێیانە دوور لە چاوی گەمارۆی ئابووری، خاکی پیرۆزی ئێران لە بەندەری چابەهارەوە هەتا "سەرخەس و سنووری بازرگان و ئەم حاجی ئۆمەرانەی خۆمان برنجباران بکەن. یاڕەبی وابێت. ئیلاهی ئاممین.

### لێکدانەوەی چەند وشەیەک:

**مرزداران غیور:** بەو کوردە چەکدارانە دەگوترێت لە سەر سنووری دەستکردی نێوان کوردان بە کۆڵبەران دەحەپن.

**برنجباران:** ڕێگەچارەی قەرەبووکردنەوەی بێبارانییە و برنج بێ ئەوەی پێویستی بە باران بێت و پێڤاژۆی ڕووچوون بە ژێر زەوی و بە چەڵتووکبوون تێپەڕێنێت، ڕاستەوخۆ دەبارێت بەسەر ئۆمەتی "گرفتار در صحنە"دا دەبارێت.

**دشمنان قسم خوردە:** لە کاتێکدا ئێمە وەک موسوڵمان تەنیا سوێندخواردن بە خوا و قورئانمان پێ سوێندە، ئەگەر وابێت ئەو دوژمنانەی قەسەم دەخۆن وەک ئێمە موسوڵمانن.

**خانوادەی محترم شهدا:** ئەو بنەماڵە بەڕێزانە دەگرێتەوە، دوای ئەوەی لانیکەم کەسێکیان لە شەڕی پاراستنی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لەدەست داوە و ئێستا دەستەڵات هەرزنیش بە کڵاویان ناپێوێت.

KURDISTAN
Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan
NO: 909   21  December 2025

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com    www.kurdch.tv
Yahsat 1A @ 52.5° East   Frequency: 12149
polarization: Vertical -27500  FEc : 3/4

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# بەڕێوەچوونی کۆڕێکی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بۆ ڕۆمانی سێبەری مار



ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی سەرماوەزی ١٤٠٤، بنکەی هەواری ئەدەبیی هاژە لە شاری بانە و لە درێژەی کار و چالاکییەکانیدا، کۆڕێکی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بۆ ڕۆمانی سێبەری مار، نووسینی قادر عەلیخا بەڕێوە برد.

لەو کۆڕەدا کە لە دوو بەش پێک هاتبوو، سەرتا پەیامی بنکەی هەواری ئەدەبیی هاژە لەلایەن مستەفا سەلیمنژادەوە پێشکەش کرا. دواتر شۆڕش سەعیدپوور و کاوە محەممەدزادە بە بۆچوونی کۆمەڵناسانە لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ڕۆمانی سێبەری مار دوان. بەشی دووهەمی کۆڕەکەش بە ڕەخنەی پەیام ڕەمەزانی لە میدیا و ڕۆژنامەکان و سۆشیاڵ میدیای کوردی دەستی پێ کرد و دواترمحەممەد ئەدیبی وتارێکی پێشکەش کرد و قادرعەلیخا دوای پێشکەشکردنی وتارێک سپاسی بنکەی هەواری ئەدەبی هاژە و وتاربێژانی کرد و وڵامی پرسیاری ئامادەبووان لەلایەن وتاربێژانەوە درایەوە. لە کۆتایی کۆڕەکەشدا ڕێزنامە و خەڵات بە وتاربێژان و نووسەری کتێبەکە بەخشرا و ڕێزنامەیەکیش پێشکەشی بەرهەم پیرۆزی کرا کە پاڵپشتیی دارایی کۆڕەکەی کردبوو.

# سێمیناری هاوبەشی کۆمیتەی زاگرۆس و ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی کۆیە بەبۆنەی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانەوە




ڕۆژی چوارشەممە، ٢٦ی سەرماوەز کۆمیتەی زاگرۆس سەر بە تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوبەشیی ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی کۆیە سێمینارێکیان بۆ بەڕێزان د. هووشمەند عەلی شێخانی و ڕەحمان سەلیمی پێک هێنا.

لەو سێمینارە ئاسکە حەسەن زادە، بەرپرسی کۆمیتەی زاگرۆس باسێکی کورتی سەبارەت بە گرینگیی ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان پێشکەش کرد و دواتر دوو تابلۆی هونەری کە نەخشە و ئاڵای کوردستان بوون و لەلایەن خاتوو دڵارام ئەرجەمومەندی، ئەندامی چالاکی کۆمیتەی زاگرۆسەوە نەخشێندرابوو، پێشان دران.

لە بەشی سیاسیی سێمینارەکەدا سەرەتا د. هۆشمەند عەلی، مامۆستای زانکۆ باسی لەسەر مێژووی ئاڵای کوردستان کرد و لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە ئاماژەی بە ئاڵای کوردستان و لایەنە هێمایی و نەتەوەییەکانی ئەو ئاڵایە کرد. لە بڕگەیەکی دیکەی سێمینارەکەشدا، ڕەحمان سەلیمی کادری سیاسیی حیزبی دیموکرات باسەکەی خۆی لەژێر ناوی «ئاڵا و پێشمەرگە، ئیرادەی سەروەریخوازیی کورد» پێشکەش کرد بڕگەی کۆتایی سمینارەکە، تایبەت کرابوو بۆ پرسیار و سەرنجی بەشداربووان کە لەلایەن هەرکام لە کۆڕگێڕانەوە وەڵام درانەوە.

# کۆڕی پەردەلادان لەسەر کتێبی "پێشمەرگەیەک لە بناری ئاربەبا "



ناوەندی پەروەردەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆڕێکی بۆ پەردەلادان لەسەر کتێبی «پێشمەرگەیەک لە بناری ئاربەبا» لە نووسینی پێشمەرگەی دێرین و تێکۆشەر کاک عەلی عەزیزی بەڕێوە برد.

لەم کۆڕەدا ڕۆژی شەممە، ٢٩ی سەرماوەزی ١٤٠٤ بە بەشداریی ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و کادر و پێشمەرگەکان بەڕێوە چوو، کاک محەممەدساڵح قادری، بەرپرسی ناوەندی هەڵبژاردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ناساندن و باسکردن لەسەر کتێبەکە وتارێکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان بە ئاماژە بە ڕۆڵ و نەخشی هێزی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسینەوەی ئەو بیرەوەری و مێژووی خەبات و خۆڕاگرییەی بە یەکێک لە شێوازەکانی خەبات دانا.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕەکەدا کاک عەلی عەزیزی نووسەری کتێبی «پێشمەرگەیەک لە بناری ئاربەبا» باسێکی لەسەر نێوەڕۆکی کتێبەکە پێشکەش کرد و دواتر لە لایەن د. سمایل بازیار و خاتوو سوورەیا پەیڕەوانەوە پەردە لەسەر کتێبەکە لادرا و پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

بەر لە ماڵاوایی

# پێشمەرگە و ئاڵا، لە بیرەوەریی گشتییەوە بۆ هزری گشتی!



عەلی لەیلاخ

دەڵێن وشەی پێشمەرگە مێژووی کۆنی هەیە و بەڵام ئەوەی وەکوو هێزێکی وڵاتپارێز ناوی هاتبێت، تا پێش کۆماری کوردستان بەڵگەی وا بەدەستەوە نییە و زیاتر مانای فیدایی و شەڕکەر بووە کە ئەمەش دەتوانێت یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم هێزە ڕەسەن و کوردییە بێت.

دروستە پێش کۆماری کوردستان و تەنانەت لە ڕووداوە کۆنە مێژووییەکاندا کوردەکان ملکەچ نەژیاون و زۆریان لە پێناوی سەربەرزی بوونەتە قوربانی. بەڵام فیداکارانی شۆڕشە کوردییەکان خاوەنی ناوێکی دیاریکراو نەبوون و لە نیهایەتدا بە چەکداریی فڵان خێڵ و هۆز یان ئەوانەی کە لە ناوچەکانی جوانڕۆ و هەورامان، کە تەنانەت لە تەرکیبی سوپای میللیی کۆماری کوردستاندا بەشدارییان کرد، پێیان گوتراوە «تفەنگی و تفەنگچی» و بە سەرۆک هۆزەکانەوە دەناسران.

بەڵام لە سەردەمی زێڕینی کۆماری کوردستانەوە ئیتر چەکداری و چەکهەڵگرتن لەژێر ناوی خێڵ و هۆز و سەرکردە دەرهات و، نازناوێکی مانادارتری بەخۆیەوە گرت کە زیاتر لە هەشتا ساڵە لە ئەدەبیاتی سیاسی و لەنێو هزری تاکی کورددا جێکەوتووە و پێی دەڵێن «پێشمەرگەی کوردستان».

ساناترین مانای ئەم وشە ژیانبەخشە، هەمان پێشگرتنە لە مەرگ و نەمان و پەرژینبەستنە بەدەوری باخ و گوڵزاری نیشتمان، بۆ پێشگرتن لە ڕنین و دزین و فەوتان و سڕینەوەی هەر جۆرە سێبەرێکی غەریب و نامۆ بەسەر خاک و قەڵەمڕەوی نیشتمانەوەیە.

جیاوازییەکی جەوهەریی نێوان هێزێکی تەنیا «چەکدار» لەگەڵ پێشمەرگە، کە بە «باسکی بەهێزی گەل» ناسراوە، ئەوەیە کە لە ڕەهەندی جیاجیاوە دەتوانین ئەم چەمکە شۆڕشگێڕییە ڕاڤە بکەین. کە لە ئامرازبوونەوە دەبنە کاراکتەرێکی کارای نێو گۆڕەپانی خەبات و لە سەنگەرە جیاجیاکاندا مانایان بەو دەستەواژەیە بەخشیوە.

لە ڕەوتی شێکلگرتنی «پێشمەرگە» تاکوو ئەمڕۆ، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا هەست بە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان پێشمەرگە و مەرامی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی جڤاکیدا دەکرێت و بووەتە مۆتیڤێکی سۆزدارانە لە بیرەوەریی گشتیدا

**بیرەوەریی گشتی و شوناسی نەتەوەیی**

مۆریس هاڵبواکس، فەیلەسووفی فەڕەنسیی، لە کتێبی «کۆمەڵناسیی یادەوەریی بەکۆمەڵ»، ڕای وایە کە یادەوەرییەکان تەنیا کۆمەڵێک بیرەوەریی تاکەکەسی نین، بەڵکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین کە لەژێر کاریگەریی چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان و ئەو گرووپانەی تاک سەر بەوانە، مانا پەیدا دەکەن. بە باوەڕی هاڵبواکس، بیرەوەرییە تاکەکەسییەکان بەبێ چوارچێوەی گرووپی، مانای خۆیان لەدەست دەدەن و هەر ئەم گرووپانەن کە لە ڕێگەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بیرەوەرییە هاوبەشەکان دروست دەکەن، دەیانپارێزن و دەیانگوازنەوە.

کەواتە بیرەوەرییە گشتییەکان لە پێکهاتنی شوناسی نەتەوەیی، هەستی پێکەوەژیان و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە. یەکێک لە کۆڵەکە هەرە گرنگەکانی شوناسی نەتەوەیی، بیرەوەریی گشتییە کە بریتییە لە: کۆمەڵێک ڕووداو و ڕێکەوتی هاوبەش کە لە زەینی تاکەکانی کۆمەڵگە جێکەوتووە و جیاوازە لەگەڵ یادەوەریی تاکەکەسی، بەڵکوو یادێکی جڤاکییە.

بۆ نموونە، شەڕی جیهانیی دووەم بۆ ئەڵمانییەکان، ماندێلا و خۆڕاگرییەکەی بۆ ئەفریقییەکان و سیمۆن بۆلیڤار و زاپاتا و سالڤادۆر ئالێندە، لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، بیرەوەریی گشتیی ئەو وڵاتانەن.

لە نێو نەتەوەی کوردیشدا جیا لە کۆمەڵێک حیکایەت و گێڕانەوەی ئەفسانەیی و مێژوویی و قسەی نەستەق، کەم نین ئەو ڕووداو و بەسەرهات و کەسایەتییە سیاسی، هونەری و خەباتگێڕانەی کە بوونەتە بەشێک لە بیرەوەریی هاوبەش و دەزوویەکی نادیار، بەڵام بەهێزن لە پێکەوەگرێدانی تاکەکان بە کۆمەڵ و ویستی هاوبەشەوە.

بۆ نموونە، هەروەک نەورۆز و بۆنە نەتەوەییەکانی دیکە بیرەوەریی هاوبەشی ئێمەن، حەسەن زیرەک و سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی تا دەگاتە پێشەوا قازی محەممەد، لە زەینی تاکی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچنە خانەی بیرەوەریی گشتییەوە.

بەڵام لەمانە بەربڵاوتر، کە نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو لە پارچەکانی دیکەش لە یادەوەریی گشتیدا جێی گرتووە، پێشمەرگە و ئاڵای کوردستانە کە لە کۆماری کوردستانەوە بە کۆنکریتی هاتووەتە ئاراوە و تا ئەمڕۆکە لە بیرەوەریی گشتیی ئێمەدا پاڵی داوەتەوە بە هزر و هزری گشتیی نیشتمانییەوە.

ئاڵای کوردستان ئەگەرچی لە ئێستادا بە فەرمی لە باشووری کوردستان پەسەند کراوە، بەڵام مێژووی هەڵکردنی لەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەتی کۆماری کوردستان، دەستپێکێکی مۆدێرنی سیاسەت و دیاریکردنی کیانی کوردی بوو. چونکە خودی هەڵکردنی ئاڵا هەر بەپێی زانستی «ئاڵاناسی»، دیاریکردنی قەڵەمڕەوێکی تایبەت و بەجۆرێک خاوەندارێتی کردن بووە لە خاک و کیانی خاوەن ئاڵاکان.

بە کورتە سەرنجێک بۆمان دەردەکەوێت، تەنانەت ئەو دوو وشە فارسییەش ڕیشە و ڕەچەڵەکی زمانەوانیی کوردییان هەیە. بۆ نموونە، دوو دەستەواژەی «پەرچەم» و «درفش» بە ئاسانی ڕیشەیان لە کوردیدایە.

پەرچەم کە هەمان پەڕ یان بەری چاوە، کە تا ئێستاش لە ناوچەی گۆران بە چاو دەڵێن چەم و درفشیش دیارە لە درەوشانەوە هاتووە و کاتی خۆی پارچەیەک برۆنزیان وەک نیشانەی ئاڵا هەڵدەگرت کە لە دوورەوە بە تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە و ئەم درەوشانەوەیە هەمان «درفش»ی ئێستایە کە فارسەکان بە شانازییەوە باسی دەکەن.

ئەم دوو میراتە بەنرخە، واتە پێشمەرگە و ئاڵا، لە قۆناغی کۆماری کوردستانەوە تا ئەمڕۆ جێی خۆیان لە بیرەوەریی گشتیی کوردەکاندا کردووەتەوە و چوونەتە نێو هزری گشتییەوە.

بۆ نموونە، پێشمەرگە بەبێ هیچ وەرگێڕان یان وەرگرتن لە دەرەوە، هێمای بەرگری و خۆڕاگرییە لە هەمبەر هەر چەشنە چەوسانەوە و داگیرکاری، و شکۆ و ڕێزێکی تایبەتی لای کۆمەڵانی خەڵکی کورد هەیە، هەر بەو پێیە دوژمنانیش ویستیان فێڵ لەو خۆشناوییە بکەن و لە سەروبەندی هێرش بۆ سەر کوردستان «پێشمەرگەی موسڵمان»یان داهێنا، کە بەخۆشییەوە سەری نەگرت و هەر ڕیسوایی بۆ خۆیان و دارودەستەیان بۆ مایەوە.

چ لە هونەری بەرگریدا و چ وەک ناونیشانێک بۆ خەباتێکی ڕەوا و بەردەوامی گەلێکی مافخوراو. جێی ئاماژەیە، لە قۆناغی هێرشی داعش بۆ سەر بەشێک لە نیشتمان، ناوی پێشمەرگە لە هێمایەکی لۆکاڵییەوە بووە هێمایەکی گلۆباڵ و جیهانی، بەڵام نابێت هەر لەو ماوە زەمەنییەدا باسکردن و ناساندنی قەتیس بکەینەوە، چونکە ئەمە نادیدەگرتنی جەفاکێشان و قوربانیدانی سەدان و هەزاران پێشمەرگەی خۆنەویست و گەلدۆستە لە قۆناغە جیاجیاکانی بزاڤی کوردیدا.

لە ساڵانی ڕابردوودا کاتێک شەقام، بۆ دەستبژێرانی وڵات لە سەنگەرە جیاجیاکاندا نازناوی پێشمەرگەیان لێ دەنێن و وەک مەدالیایەکی فەخرییە بە بەرۆکی شەریفترین وڵاتپارێزان، ئەمە هەمان پەیوەندیی بیرەوەریی گشتی و هزری گشتییە لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی

لەبیرمان نەچێت، ئەگەر کاتی خۆی بە ئەبووبەکر مەعرووفی، شوفێرێکی بۆکانی کە لە کاتی گەیاندنی نان، بۆ بوومەلەرزە لێدراوانی کرماشانی شیرین، گیانی شیرینی لەدەست دا و بە درووشمی «پێشمەرگەی نان» پێشوازییان لە تەرمەکەی کرد، یان بە ژینگەپارێزە گیانبەختکردووەکان دەڵێن «پێشمەرگەکانی ژینگە»، ئەمە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەنگەرە مەزنەی کە کوڕ و کچانی ئەم نیشتمانە لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا ئاوەدان ڕایانگرتووە.

ئەگەر ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانیش بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەنگدانەوەیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە و لە نێو چین و توێژەکاندا هێمایەکی بەنرخە، دەرخەری ئەوەیە کە پێشمەرگە و ئاڵا لە یادەوەریی گشتییەوە چوونەتە نێو هزر و هزری کۆمەڵایەتییەوە.

هەر بۆیە هەر جۆرە لێدان و بێڕێزیکردن و هاوردەکردنی هەر ناو و ناونیشانێکی دیکە بۆ جێ لێژکردنی ناوی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی ڕووشاندنی شوناسی نەتەوەیی و خەوشدارکردنی بیرەوەریی گشتییەوە.